# نەوشەفەق 55

خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

**نیسان** 2008

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری



**سەرپەرشتیاری ئەنجوومەنی کارگێڕی**
ئەحمەد تاقانە

**سەرنووسیار:**
یوسف لەتیف
youseeflatif@yahoo.com
Mobail :07504675056

**بەڕێوەبەری نووسیاری:**
محەمەد سەعید زەنگنە
Hamatal_z@yahoo.com

**دەستەی نووسیاران:**
سەباح ئیسماعیل
چنوور نامیق
بەکر دەروێش

**بەڕێوەبەری هونەری**
ئاراس ئەکرەم

نەوشـەفەق لـەم سـایتە بخوێنەوە
www.dangakan.com



دەزگای شەفەق
کوردستان - کەرکوک
ڕەحیماوا - نزیک خولگەی ئەحمەدی خانی


**ئەگەر شیعر ئەو جیهانە بێ ئەندازە جوانە و ژنیش بەشێک نەبووایە لەو جیهانە بەرفراوانە ئەوە هەرگیز شیعر لەدایک نەدەبوو. بۆیە ژن شیعرە و چۆڕاوگەی ناسکی و جوانی لێ دەتکێ.**

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

**نزار قەبانی هاوڕێ و خۆشەویستمە. ماوەیەک پێکەوە ژیاوین، من ڕێزی ئەزموونەکەی دەگرم و، لەو بڕوایەدام کە شاعیرێکی گەورەیە، بەڵام سەیرکردنی بۆ ئافرەت بە پەسەند دانانێم.**

ئەدۆنیس

**لە ئەفسانە و ئەدەب و ئاییندا شوێن و گەڕان بە دوای شوێندا لە واقیعی ژیاوەی مرۆڤ دەردەچێتە دەرەوە شوێن تێکەڵ بە گواستنەوە و شێوە گۆڕین و گۆڕانکارییە عەقڵی و گیانیەکان دەبێت.**

نەجات حەمید ئەحمەد

هەولێرنامەی کتێب

# پێڕست


ئەدەب لە غیابی ڕەخنەدا . **سەروتار**. زاهیر ڕۆژبەیانی ........ 3

نوێخوازی و ستراتیژییەتی وەهم. **وتار**. بەرهەڤکردن: د. ئازاد عەبدولواحید کەریم ........ 6

هزر و کۆنترۆڵی هەڵڕژان. **ڕوانین**. کەریم دەشتی ........ 10

گرنگی داستان و ڕۆمان لە تیۆری ئەدەبدا . **لێکۆڵینەوە**. د. عادل گەرمیانی ........ 15

شیعر وا خۆی دەگێڕێتەوە. **لێکۆڵینەوە**. سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 21

کەژاڵ ئیبراهیم خدر: هەمیشە بیر لە قەڵەمەکەم دەکەمەوە کەچی... **چاوپێکەوتن** ........ 42

شوێن و مانەوە شوێن و ئەودیوی شوێن. **هزر**. نەجات حەمید ئەحمە ........ 50

خۆشەویستی پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە. **دیدار**. و: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا ........ 57

ئیزیس. **شیعر**. هاشم سەڕاج ........ 65

لە کۆلانەکەی (أبو فراس الحمدانی)دا. **شیعر**. زانا خەلیل ........ 69

ڕەهایی لە هەڵمژین و دوور لە ڕکێف. **شیعر**. موحسن ئاوارە ........ 71

من و نەورەس. **شیعر**. عەبدلڕەحیم سەرەڕۆ ........ 74

لە دەقەکانی محەمەد ماغووت. **شیعری وەرگێڕدراو**. و: عەبدولڕەحمان فەرهادی ........ 80

تکایە.. لێگەڕە با قسان بکەم . **مۆنۆدرامای وەرگێڕدراو**. جەلیل قەیسی. و. موکری ........ 84

"هەموو جیهان هەر خەریکن، مەڕ" . **چیرۆکی وەرگێڕدراو**. و: لەتیف هەڵمەت: ........ 93

مێشوولە. **چیرۆکی وەرگێڕدراو**. یەشار کەمال. و: محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە ........ 96

پێنج چیرۆکی هەرەکورتیلە. **چیرۆکی وەرگێڕدراو**. و. عەبدولخالق یەعقووبی ........ 102

لە ناخی بوونەوەردا . **چیرۆکی وەرگێڕدراو**. یاسۆناری کاواباتا . و: سابیر مەلوول ........ 105


نیهاد جامی: بەدوای حیکایەتی لم. **چاوپێکەوتن**. ........ 115

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی. جێگای بەتاڵی سلووچ. **خوێندنەوە**. سەباح ئیسماعیل ........ 119

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی مەگیرانی. **خوێندنەوە**. هۆشەنگ شێخ محەمەد ........ 125

گوڵبژێرێک لە شیعری جەلالی میرزا کەریم. **شاکارەکانی دوێنێمان** ........ 138

سەروتار



زاهیر ڕۆژبەیانی ـ کۆزاد*

# ئەدەب لە غیابی ڕەخنەدا

گومانی تێدا نییە ڕووداوی گەورەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازیی کاریگەریی گەورەیان لەسەر ئەدەب هونەر و سەرجەم پرۆسەی داهێنانی ڕۆژانەش دەکەوێ، ئیتر پۆزەتیڤ بێت یا نەگەتیڤ، بە تونديش پێ لەسەر واتای پڕ بە پێسی (ڕۆژانە) کەش دادەگرم چونکە داهێنانی نەمر و هەمیشە زیندوو لە ئەزموون و هزرێکی قووڵ و کامڵی مرۆڤەوە دێتە کایەوە، کە لەوانەیە ڕووداوە مەوزووعیەکانی دەوروبەر هاریکاریی لە تەقاندنەوە و زاخاودانیدا بکەن، بەڵام ئەو کارتێکردنە هەرگیز ناگاتە ئەو ڕادەیەی کە ڕووداوی ڕۆژانە (ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی)ەکە لە (ئەدەبە ڕۆژانە)کەی دەکا.

ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ی کوردستان ڕووداوێکی هەمەلایەنەی گەورە بوو، بەپێی ئەوە کاریگەریی زۆری بەسەر (ئەدەبی ڕۆژانە)ی کوردیشەوە هەبوو و هێشتایش هەیە.

لە ئەنجامی ڕاپەڕین و لە دوای ڕاپڕینەوە مەترسی لە نێوچوونی (نیشتمان) و قەڵاچۆکردنی (نەتەوایەتی)، ئەگەر تا ڕادەیەکیش بووە لە (گەلەکورد) دوورکەوتەوە، کە پێش ڕاپەڕین کرۆکی سەرەکی دەقی کوردی بوو، سیمای (ئەدەبی بەرگری)ی نیشتمانی و نەتەوەیی پێ بەخشیبوو.

سروشتی مرۆڤیشە کە ئەگەر ترسە گشتگیرەکانی ڕەوینەوە، ئەوجا بیر لە خودی خۆی بکاتەوە، لێرەشەوە دەتوانم بێژم ڕاپەڕین وای کرد ویست و دڵەڕاوکێی (مرۆڤی تاکی کورد) بێتە پێشەوەو لە پلیکانەی ئەولەوییاتەکاندا ببێتە جێ بایەخی یەکەمی خوێنەری کورد.

بەڵام ئایا داهێنەری کوردیش لە ڕاستیی ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییە گەیشتووە و وەکو پێویست بە پیریێوە چووە و دەچێ، یا هەر بە هەمان دیدو ئامێر ئامراز و تەکنیکی پێش ڕاپەڕینەوە و لە ژێرفشاری چەمکەکانی (بەرژەوەندییە باڵاکان) و (بەرژەوەندییە گشتییەکان) و، پێداویستیەکانی (ئەمنی نەتەوایەتی و نیشتمانی)دا بەردەوام لە جوغزی بەرگری و قۆناغی (ئەی ڕەقیب)دا بێهودە لەپەکوتێیەتی..؟!.

ڕاپەڕین بابەتی سەرەکی ئەدەبی کوردی پێش خۆی تێکشکاند و لە بری ئەوە بابەتێکی دیکەی پێشنیار کردووە کە (مرۆڤی تاک)ی کوردە، لۆژێکی هونەر و داهێنانیش وا پێویست دەکا کە گۆڕانی بابەت لەگەڵ خۆیدا گۆڕانی تەکنیک و شێوە و شێواز و بونیادیش بێنێتە کایەوە، بەڵام ئایا تائێستا سیمای هونەریی ئەدەبی کوردی دوای ڕاپەڕین وەدەرکەوتووە، یا هێشتاش داهێنەری کورد بە هەمان کەرەستە کۆنەکانی قۆناغی پێش ڕاپەڕینەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتە نوێیەکەدا دەکات..؟!

پێش ڕاپەڕین کورد وەکو (گەل) لەبەر مەترسی و هەڕەشەدا بوو بۆیە ململانێیەکەش لە نێوان (ئێمە) و (ئەوان)دا بوو، ئێستاش کە ڕاپەڕین مەترسی (ئەوان)ی لەسەر (ئێمە) خاو کردەوە، مرۆڤیش کە ناتوانێ لە دەرەوەی ململانێدا واتایەک بۆ ژیان بدۆزێتەوە، دیارە ئەمجارەیان خۆی لە گۆڕەپانی ململانێیەکی دیکەدا دەبینێتەوە کە ململانێی (من)ی تاکی پێشێل کراوە لەگەڵ (ئێوە)ی کۆی دەسەڵاتدا. پێموایە دیالۆگەکەیش بە دەنگێکی بڵندی بیستراو دەبێ نەک ئەو مەنەلۆگە ناوخۆییە خەفەکراوەی کە پێش ڕاپەڕین ببووە سیمای سەرەکی دەقی کوردی. ئەدەبەکەش لەم ململانێیە نوێیەدا دەبێتە داڵدەو پەنای (من)ە تاکەکە لە بەرامبەر (ئێوە) بێ هەستە کۆیەکەدا، کە بەبێ دەربەستی بە سەر ویستو خواستی تاکەکاندا تێپەڕ دەبێ و، لە ژێر گوشاری چەمکە گشتیەکانی بەرژەوەندیی باڵادا، هەمیشە لە بزاڤێکی بەردەوامدا بۆ تواندنەوەی (من)ە تاکەکان و پێشێل کردنی تایبەتمەندییەکانیان، کار دەکا.

بەکورتی ئەدەبی کوردی بە قوناغی گواستنەوەیەکی مێژووییدا تێدەپەڕێ کە پێموایە زۆر

ناخاێنێت تا ناسنامەی خۆی و ئەرک و سروشتی تازەی بناسێتەوە، لە کێرڤێکی (١٨٠) پلەییشدا دەتوانین ڕۆمانی کوردی لە جەمسەری سوودمەندو، ڕەخنەی کوردی و، شانۆی کوردی – بە دەق و نمایشەوە لە جەمسەری زەرەرمەندا لەسەر ئەو ڕاستەهێڵە ببینین کە لە ماوەی (١٥)ساڵی دوای ڕاپەڕین بە شێوەیەکی ئاسۆیی خۆی ڕادەکێشێ، وەلێ (١٥) ساڵ ماوەیەکی هێندە نییە مرۆڤ حوکمی دیاردەکانی لەسەر بونیات بنێت.


بە واتایەکی دیکە من زەرەرمەندی گەورەی ئەم قۆناغی گواستنەوەیەی ئەدەبی کوردی، بە ڕەخنەی کوردی دەزانم، بە تایبەتیش (ڕەخنەی پراکتیکی) کە لە دوای ڕاپەڕینەوە بێدەسەلاتانە لە دەیان، سەدان، بەڵکو لە هەزاران دەقی نوێ دەڕوانێ و، لەبەر بێ بڕشتی کارەستە کۆنەکانی و، تێنەگەیشتنی قۆناغەکە خۆی لە خوێندنەوەیان دەپارێزێ، لە کاتێکدا بەداخەوە (ڕەخنەی تیۆری) مەیدانی بۆ چۆڵ بووە، کە من وەک (ڕەخنەی وەعز و ئامۆژگاری) لێی دەڕوانم و، بڕوام وایە کە مرۆڤ دەتوانێ بەبێ ئەوەی تەنانەت دەقێکی داهێنراویش بخوێنێتەوە لەسەری بنووسێت.

واشی بۆ دەچم کە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو، گۆڤار و چاپەمەنییە ئەدەبیەکانیش دەتوانن ڕۆڵی پتر لە ئەکتیڤکردنی پرۆسەی تێپەڕاندنی قۆناغی گواستنەوەکەدا بگێڕن، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە دەبێژێ: ئەدەب لە غیابی ڕەخنەدا پێش ناکەوێ

گۆڤارە ئەدەبیەکانیش کە کێڵگەی لە باری دەقی نوێن، هەقە خۆیان لەو پێکهاتە تەقلیدییە ڕزگار بکەن کە لە یەکەم گۆڤاری کوردییەوە بۆیان ماوەتەوە بریتییە لە پێکەوە دانانی چەند وتارێکی ئەدەبی + ٢ تا ٣ چیرۆک + ٥ تا ٦ پارچە شیعر + ١ تا ٢ بابەتی زمانەوانی +... لە دوو تویی بەرگێکدا، ئەدەبی سەردەم، ئەدەبی هاوچاخ و نوێ بۆ هەر بوار و ژانرێکی ئەدەبی، گۆڤاری تایبەت و، جیهانبینی تایبەتی دەوێ، بە تایبەتیش ڕەخنەی ئەدەبی، کە لە چاپەمەنی ئێستای کوردیدا دەرفەت و ڕووبەری لەبار وشیاوی خۆی نادرێتێ، لە کاتێکدا ڕەخنەیە دەق بە جیهانی دەرەوەی و، تەنانەت بە خودی داهێنەرەکەیشی ئاشنا دەکات و، ڕەخنەیە گۆمە مەنگ و زۆنگاوە وەستاوەکان دەشڵەقێنێ.

**٭ جێگری سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد**

وتار



بەرهەڤکردن: د. ئازاد عەبدولواحید کەریم

# نوێخوازی و ستراتیژییەتی وەهم



ڕەوشی ئەدەبی ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی گشتی بزاڤی بەرجەستەکردنی بیرۆکەی پێکهاتەی فەلسەفیدا، وەکو فیکرە لە مۆدرنێت و لە غەریزەی بەرهەمهێنانی کەرەستەی ئەدەبیی مۆدێرنیزم و لە زۆنێکی تردا وەکو دەزگا و عەقیدە و ڕێباز، مۆدێرنیزمی فیکری بەرجەستە دەکات. ڕۆژگارێک شیعری نوێ یان مۆدێرن بە شێوەیەکی ڕەمەکی لە چاخە کونەکاندا سەری هەڵداوە. یان بە شێوەیەکی ئەنقەست و بێ سیستەم شێوازێکی مۆدێرنێتیی وەرگرتبوو. لەو ڕووانگەیەوە ئەو سەربەستییەی بە شاعیر درابوو، وای دەخواست شاعیر گوشاری بێتە سەر لەبواری گۆڕانکاری کردن لە ڕووی جەوهەر و عەقیدەی شیعرییەوە.

هەواڵنامەی کتێب

نوێخوازی وەکو دەزگایەکی ڕۆشنبیری و فیکری، ئەو گوتار و راستپاردە و داخوازانانە دەگرێتەوە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵدا و هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە. لە ڕەوتی بەردەوامییەکەشیدا وەکو دەزگایەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و شیعری باڵی بەسەر سەدەی رابردوودا کێشابوو.

زاراوەی مۆدێرنیزم بریتییە لە مۆڵگەیەک و چەند ئیدیەمێکی سەنترالیزمی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەک: نۆبەرەی نوێخوازی (پریمۆدیزنیزم):

مەبەست لەو بزاڤانەیە، کە پێش نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم خۆشکرد و چەند زاراوەیەکی تری وەکو (پرۆتۆمۆدێرنیزم– protomodernism) یان (پالیۆمۆدێرنیزم– paleomodernism) یان بەسەردا دادراوە.

دوو: بزاڤی نوێخوازی (مۆدێرنیزم): مەبەست لە سیستەمی فیکری و ڕۆشنبیریی مۆدێرنیزمییە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و لەگەڵ سەرهەڵدانی بزاڤی سیمبۆلیزمدا گەڵاڵە بوو، پاشان لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم و هەتا کۆتاییەکانیشی چەند شەپۆلێکی نوێی بە خۆیەوە گرت، تەنانەت هەندێک لەو شەپۆلانەی کە تازە سەریان هەڵدابوو، هەوڵی بەرکەنار کردنی چەند شەپۆلێکی تریان دەکرد. ئەوە بوو شەپۆلەکانی ئیمپریشینێزم و فیوچەریزم و سیمبۆلیزم و ئیماگینیزم و لۆرتیسیزم (الدوامیە) و دادایزم و سوریالیزم لەو ماوەیەدا سەریان هەڵدا. ئەگەر ئەدەب و شیعری سەدەی نۆزدەی لەسەر شانی کلاسیزم وەکو بزاڤی کلاسیزمی نوێ سەری هەڵدابێت، کەواتە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە سەردەمی لاواز بوونی رۆمانتیکییەت و سەرهەڵدانی نوێخوازی بوو بە هەموو دەزگا و بزاڤ و نووسەرانییەوە، تەنانەت نوێخوازی وەکو دەزگایەکی فیکری و ئەدەبی باڵی بەسەر سەرجەم ڕێبازەکانی تردا کێشا. بۆ نموونە هەر چەندە ریالیزم نەیاریی نوێخوازی دەکرد. بەڵام نوێخوازی توانی بەناوی ریالیزمی سیحرئامێز بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

سێ: پاش نوێخوازی (پۆست مۆدێرنیزم): مەبەست لە بزاڤی نوێخوازیی پاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٤٥) و سەرلەنوێ دارِشتنەوەی بنەما و سیستەمەکانی نوێخوازی و ڕەخنە لێگرتنی بوو. ئەو قۆناغە چەند زاراوەیەکی تری وەکو (نوێخوازی نوێ) و (ئیمپیمۆدێرنیزم– EMPIMODERNISM) ی هەیە. مەبەست لە ئیمپیمۆدێرنیزم ئامێتەی هونەر و هونەری پێچەوانە ART–ANTI بوو. هەروەها هونەری ڕێککەوت و ئەدەبی بێدەنگی دەگرتەوە، کە مانای ناماقووڵ و بێ نەخشەیی و گێڕانەوەی گاڵتەجاڕێی (پارۆدای– -PAR



ODAY) و بەرهەمەکانی هینری میللەر و سامـوێل بێکێت و ڕۆمـانی نوێی فـەرەنسی و (ڕۆمـــانی نـاڕۆمـــانی– FICTION–NON) لە ئەڵمانیا و ولاتە یەککگرتووەکان و بەرهەمە پڕ لە مۆتەکە و سێکسی و تلیاک ئامێزەکانی دەگرتە خۆی.

ڕوخساری پۆست مۆدێرنیزم زیاتر لە هونەرە جـوانەکـان و لە مـیـانەی بزاڤـەکـانی ئیـمـپرێشینیـزمی و ئەپسـتراکتی و هونەری میللی ART–POP و هونەری چاوەکیی بینرا و لە دوایشدا لە میانەی سوپەرریالیزم و هونەری زەینیـدا بەرجـەسـتـە بوو. ئەو بزاڤـانەش تا ڕادەیەک نەیاریی مـۆدێرنیـزمـیـان نەدەکـرد. تەنانەت سیستەمی دووبارە داڕشتنەوەی چەند شەپۆلێکی نوێ بوون.

ئاراستە ستراتیژییەکانی مۆدێرنیزم:

مـۆدێرنیـزمی ڕۆژئاوادا، چەند ڕەهەندێکی لە بنەمـا پێکهـاتەیـیـەکـانی توندوتیـژی ئەو شەپۆلەمان لەلا گەلاڵە دەبێت، وەکو:

یەکەم: سەنترالیزمی: مۆدێرنیزم لە سەرەتای سـەرهـەڵدانـیـیـەوە، هـەوڵیـداوە پێگەیەکی سـەنـتـرالیـزمی بۆ خـۆی پیـادە بکا و شـەپۆلە ئەدەبییەکانی تر لە مۆڵگەی خۆیدا بتوێنێتـەوە، بەوەش لە مـۆڵگەی بازنـەی هەر بزاڤـێکی تری نوێخوازیدا سـەرجەم شەپۆلەکانی تری گرتبووە خۆی.


سەنترالیزمییەتی نوێخوازی گەیشتە ئاستی دۆڕیانی دەمـارگـیـری و دەسـەلات سـەپاندن

هەواڵنامەی کتێب

بەسـەر هـەر هـەوڵێکی تری ئەدەبی و تا وای لێـهـات بوو بە ئـایدیۆلۆژیایەکی دیکتـاتۆریی خۆسـەپێن. تەنانـەت بوو بە دەزگایەکی تۆتالیتـاریایی سـەنتـرالیـزمی مـەزن لە سـەدەی بیسـتـەم کەچی هێـشـتـا شـەپۆل و ڕێبـازێکی تری ئەدەبی وەکـو مـۆدێرنیزم نەشـیـا ببێت بـە دەزگایەکی ڕۆشنبـیـری. بۆ نموونە ڕۆمـانتـیکی کـە ناوبڕی نێـوان کـلاسـیـزم و نـوێخـوازییـە، نەبوو بە بانگەوازێکـی ئایدیـۆلۆژی. سـەرباری ئەو تیـۆریزمـیـیـەی کـۆلیـردج و وردۆرپ و هەندێک لە ڕەخنەگرانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی کردیان. بۆیە ڕۆمانتیکی وەکو هەوڵێکی بەربەرەڵای بێ فشاری ئایدیۆلۆژیای سەنترالیزمی مایەوە. بەڵام کلاسیزم ٠مەبەست لە کلاسـیزمی نوێیە لە سـەدەی ١٧ و ١٨) وەکـو مـۆدێرنیـزم دەزگـایەکی سـەنتـرالیـزمی توندوتیـژ بـوو، کـە ئاکـامـەکـەی بوو بە ئاراسـتـەیەکی فـەلسـەفی کـە (کانت) و (دیکارت) یـانگاشـەیان بۆ دەکرد. کەچی ڕۆمـانتیکی وەکو بەرهەمـێکی ناوەندی لەنێـوان کـلاسـیـزم و مـۆدێرنیـزم کـەوتبـووە بەر شـاڵاوی ملمـلانێـیـەکی ئایدیۆلۆژیی تەکنیکی.

دووەم: گشتگیری (الکلانیـە): مۆدێرنیزم وەکو شەپۆلێکی سەرجەمخوازی وا لایەنگیرانی خۆی تێگەیاندووە، کە میـراتگری سـەرجـەم شـەپۆل و ڕێبـازە ئەدەبییـەکانی پێش خـۆیەتی و لە هـەمـان کاتیشدا نەیاریی هەر شەپۆلێکی تر دەکات. ئەوەش تیۆری مارکسیزممان دێنێتەوە یاد، کە چەند ناوێکی تری وەکو (مـارکسیزم، کۆمـۆنیستی، چەپڕەوی) هـەیە. مـارکسیزم ڕۆژگارێک ٠لـەمیانەی وەهمی سەرجەمخوازی و گشتگیرییەوە هەر شێوازێکی فیکری و رامیاریی تری قەدەغە دەکرد و بە جـۆرێک لە ورێنـەی سـەرمـایـەداری و پاشـمـاوەی بۆرژوای بچـووکی ناوزەد دەکـرد تیـۆری سـۆسـیـالزم یەکێکە لە دەیان تیـۆری فیکری و سـیـاسـی، کە لە مـیـانەی هزری مرۆڤـەوە بەرهەم هێنراوە. ڕەنگە بە گەڕانەوە بۆ پاشـخـانی مـارکسـیـزم و مۆدێرنیـزم بگەینە ئەو ئەنجـامـەی، کە هەردوو بزاڤـەکـە لـە ڕووی رامـیـاری و ئـەدەبیـیـەوە لە یەک کـاتـدا سـەریان هەڵداوە. ئەوەبوو مارکسیـزم لە کۆتاییەکانی سـەدەی نۆزدەهەم لەو شارە ئەڵمـانییـە سەری هەڵدا، کە بـە مۆڵگەی مۆدێرنیزمی دەناسراوە. هەرچەندە لە یەک نەچوونێکی وا لە نێوانیـاندا نییە. بەڵام دکارین بڵێین کە لە ڕووی گشتگیری و خۆسەپێنییەوە مارکسیزم و مۆدێرنیزم لە یەک دەچن.

سێیـەم: دەستەخوازی (النخبویە): نوێخـوازی وەکو شـەپۆلێکی خۆسـەپێن، هـەمـیشـە هەوڵدەدات دەسـتـەیـەکی داهێنەری کـەم ژمـارە لە دەوراندەوری خـۆی کـۆبکاتەوە، ئەو دەسـتـەیەش وەکـو پێشەنگی ئەو بزاڤە دەناسرێت. بەڵام بنەما و شـەنگست و میکانیزمای نوێخوازی و سـەرهەڵدانی هـەوڵەکـانی نامـاقـووڵی و نەهلیـسـتـی لە چوارچێـوەی نوێخـوازی وای لەو دەسـتـەیە کـردووە لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزییەکی کوشندەدا بمێنێتەوە و کەسی تری قبووڵ نەبێت.



کەریم دەشتی

# هزر و کۆنترۆڵی هەڵڕژان

چەمکی هەر ئاخاوتنێکی ئەبستمۆلۆژی لەمەڕ فەزای ژوورەوەی دەقێکی شیعری، خۆی لە قەرەی گوتاری سرووتئامێز دەدات، کە ئەمەش ئەستەم و خەرەند لێدانە، چونکە تێکشکان و یەکانگیرییە لە تێکەڵبوونی وشەو مەرگی ئەو وشە لە مەودای هزردا. جۆرێکە هەندێ جار ئادەمیزاد بێ کەرەستەی کۆهنەوەری لە قەڵایی ئەو ئاخاوتنە بێ سنوورەدا گوم دەبێ، ئەگەر لە روانگەیەکی ئەبستمی قووڵدا نەڕوانێتە ئەو تەرزە شیعرانە یا ئەو ئادگارە دەقرێژکراوانە، واش نەبێ کەمتر دەگاتە ڕۆحی پەرش و بڵاویان، کە مشتی

خەستی و ئاگاهی و دینامییەتە

ئەو کایە هزریانەی کە

شیعری هەڵدەڕژێنە

سەر، بریتین لەو

خانە

یەک

جار دوور و ورد و قووڵای کە لەتەک سنەوبەری کۆنترۆڵ کاری ئەقڵی مرۆڤدا شوێنیان هەیە، تەنیا بە بریقەی بەرهەمی بەپێز و چەمکی ئەبستمی بەدیار دەکەون.

شیعر بۆ ئەوەی نەبڕێتەوە، بۆ ئەوەی وەکو نەهەنگی دوورگەکانی دەریای-ملفل- رەچەڵەکی نەبڕێتەوە، دەبێ دابڕانێکی مەعریفی بخوڵقێنێ....دەبێ کۆجیتۆ بۆ خۆی بخوڵقێنێ کە ئەو کۆجیتۆیەش لەمەودای وشەدا جووڵە بکا. سەرەتای دەستپێکردنی هەڵڕژانی ئەو شیرەی هەر دەقێکی زیندوو لێک کشانی ئەو هزرانەیە کە بوونیان یا بوونی ئەو تەرزە شیعرە هزریانە پەیوەستە بە خۆکوشین و لە پەلوپۆکەوتنی خودان دەق، من لەو بڕوایە شیعریەدام کە شاعیر دەبێ دوای تەواوکردنی هەر قەسیدەیەکی کە بەو چەمکەی من بۆی دەچم لە پەلوپۆ بکەوێ، واتە تاسانی ئەفسانەئامێز یەکی لە مقەویماتە هەرە سیحربازەکانی شیعرە، ئەو کاتەش شیعر دەگاتە ئاستی ئەو سیحرە هزریە شاردراوانە، کە شاعیر لەنێو خەرەندی خورافاتێکی خوڵقاودا پەنگی خواردبێتەوە، ئەمەشیان پەیوەندی تەصەوفئامێزی نێوان خودی شاعیر وەکو جەستەو هزرە دوورەکانی ئەو شاعیرەیە، با ئەو مەبەستە لە فۆرمۆلێکی بچووکدا بنرخێنم.

شیعر بریتییە لەو ئەلقە لێک ئاوێزانەوە کە شاعیر وەکو خودێکی خوڵقێنەر و هزر وەکو داینەمۆ و سیحر و خورافات و سۆفیگەرێتی ئاگری ئەو خود و هزرەیە.

سەیرکە خود و سیحر و سۆفیگەرێتی و خورافات بەهای ئیستاتیکای ئەو جۆرە شیعرانەیە کە من لە ساتەوەختی سەختیدا دەیبینم، چونکە نموونەی ئەو جۆرە دەقە هزریانە لەنێو ئەدەبی کوردیدا دەگمەنن، بۆیە بە لە پەلوپۆکەوتنی شاعیر دەبێ پەیوەست دانێک هەبێ، شەتەکدانی مانا شاردراوەکانی نێو قووڵترین خەرەندی هزر و ئەزموونێکی مەعریفی گەورە، باوەڕیشم بەوە هەیە کە ئەم شێوازە سنوور دوور و قووڵە، نموونەیان بە زەحمەت دەدۆزێنەوە، جا بۆ ئەوەی من ئەم چەند دێڕەی سەرەوە بە چەند وشەیەک کۆتایی پێ بێنم و بێمەوە ناوەڕۆکی مەبەستەکانم دەڵێم.

شیعر بوونە و خوڵقاندنە لە بەرامبەر مەرگی خوڵقێنەری دەقەکەدا، کە بوون بێ دەبێ لە جەستەیەکی خورافەئامێز و خوێن تێزاودا هەڵڕژانێکی سیحرامێز و گەیشتن بەو پەیوەندییەی کە لە ئاوی تەصەوفدا غەرقە وەکو ئەو جەستەیە وایە کە لە نێو تەمێکی زۆر چڕدا بەدی بکەیت...

سیحر و مەودای شیعر وەرزێکی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە، ئەو سیحرەی کەمن باسی دەکەم، سیحرێک نییە کۆتر بکات بە چوکلات، بەڵکو سیحرێ کە ئەو کۆترە تا مۆخی ئێسقان رووت بکاتەوە و تەنیا رۆحی پێ دێڵێ، کە بە جەستەیەکی هەللامی مەزن، بەرهەڵای ئاسمان دەبێ، ئەمە ئاوەژوو کردنەوەیە لە مەودای عەقڵ و بیردا، کە من بۆ ئەو باسەم کۆجیتۆم هەڵبژاردووە،

کۆجیتۆی شیعر... هەمان ئەو کۆجیتۆیەی دیکارت ئاوەزی پالاوتە نییە، هەروەها داشکان و وردو خاشکردنی کۆجیتۆی دیکارت لەلایەن (فوکۆ)وەش نییە لە هەردوو پرۆسەکە جیایە، چونکە گەڕانەوەیە بۆ توێکاری و بەرەواژ کردنەوە.

واتە رووتکردنەوە و هەڵکۆڵین تا سەرحەدی رۆح و پەیکەرتاشین لە جەستەی نادیاری مانا، ئەو مانایە گەورانەی خۆیان لە قولاییەکانی ئەو هزرە شاردۆتەوە و دەقی ئەدەبی چوار ناڵە دەرسکێنن، مەبەستم سیحری شیعرە، دەبێ دڵنیابین لەوەی کە سیحر بەو جۆرەی باسم کرد ئایینی شیعرە و شیعریش ئایینی شاعیرە،

سیحر = ئایینی شیعرە

شیعر= ئایینی شاعیرە

ئەمە خۆی لەخۆیدا سیحرێکە لەنێو سیحر کە سرووتێکی ئەفسانەیی لە شیعر دادەتاشێ، بۆیەش سیحر زۆر نزیکە لەو فانتازیایە کە (دانتی) کۆمیدیاکەی پێ نووسی، رەنگە لە بۆچوونێکی فەلسەفیدا ئەم فانتازیایە، فانتازیاییێکی غەیبی رەتکراوە بێ، بەلام لەمەودای گوتاری شیعریدا بەهاییێکی ئیستاتیکی و رۆح بەخشە، شیعر بێ ئەو بەهایەی کە لەو غەیبانییەتە دروست دەبێ پڕۆژەیەک بۆ خۆی دادەنێ کە گەورەترین کودەتا بێ دژی کۆجیتۆکەی خۆی، دەبێ لەوە بگەین غەیبانییەت خەسڵەتێکی یەکجار زاڵە بەسەر دەق و گوتارە ئەدەبییە بلیمەتەکانی دونیا.

من یەکسەر دەچمە نێو دەق کە لە دایکبووی تێکچڕژانی کۆمەڵێک بواری ئەبستمیە کە هەر بوارە و بە دەوری خۆی لە دایکبووی کۆمەڵێکی تری ئەو بابەتانەیە کە بە دەورەی کەوانەی دەقدا دەسووڕێنەوە، هەر هەمووشیان لە سووڕانەوە بەسەر مەداری ئەبستمیدا وەک مەسەلەی گەردوون وان کە بەهەموو ئەستێرە و مەجەڕاتەکانییەوە کەونێکی پان و بەرین و پڕ لە نهێنی دەخوڵقێنن هەمووشیان پابەندی یەکترین لێکترازانیان مایەی لەبارچوونی هەر هەموویانە لەرووی پرۆسەی رێکی و شێلگیریدا، دەق تێزی پەلوپۆداری هەموو زایەندەیەکی سەرخانە، بەواتا دەق دوا ئەنجامی کولێن و شەفەقگیری زەین و هزرە، بۆ نموونە دەقێکی شیعری چۆڕانەوەی هەموو سووتان و تەکان و هەست و بەرهەست و تێڕامان و ئەندێشەبەخشی شاعیرە.

دەق = تولانەوە، زەین تیژی، زمان، مێژوو، هزر، جوانی.

کەواتە دەق مەودای دابڕانی ئەپستمییە و هەر هەوڵێک بۆ جیاکردنەوەی دەق لەو بابەتە مانای قەواڵە بەتاڵکردنی دەق و نەهێشتنییەتی، دەق = ئەبستیم. بۆ ئەوەی زیاتر لە مەبەستی دابڕانی ئەبستمی بگەین دەڵێم ئەو دابڕانە چەمکێکی پێچەوانە مانای هەیە لەگەڵ خودی

وشـەکـە، واتە وشـەی دابڕانی ئەبستیـمی، لە سـەرەتادا وا دەنوێنێ کە لە گۆشـە گیـرییـە لە ئاسـتی شـارسـتانی و کـەلتووردا، وەلێ وەک زاراوە لە مـەودای ڕۆشنبیـریدا بە پێچـەوانەوەیە، بەڵکو بریتییـە لە دروستکردنی حاڵەتێکی بـێ جەمسـەر و تێپەڕاندن و بەجێـهێشتنی (قیم)ی زەمـەنێکی وەسـتـاو کە مـەرج نیـیـە هـەر سـەلەفـیـیـەتێکی پیر و پەککەوتە بێ، بەڵکو ترازانە بەهەموو (مـقومات)ێکی ڕۆشـنبیرییـەوە لە بارێک لەبەرچاوی نووسـەر وەسـتاو رووەو بارێکی تر پڕ لە جـووڵەو بزاڤ و زیندوویی، نەک هـەر ئەمـە بەڵکو پرۆسـەیەکی بەتینی خـولْقاندن و هێنانە کایـەوەیە لەهـەمـوو بوارەکانی ڕۆشـنبـیـریدا، چونکە بە تەتیـا تێـپـەڕین لە کـەوانەی–پێـشـوو– بارێکی ئەبسـتـمی ئەدەبی ناخـولْقێنێ دروسـتکردنی بارێکی ئەبسـتـمی و دروسـتکردنی و خــولْقــاندنی دەقــێکی نـەبوو و بێ کــۆتاییــە دەقــیش لەو دیدگــایەی من باسـی دەکــەم خەستکردنەوەی ئەو تۆپەڵە جیاجیایانەی زمان و ڕۆشنبیری هزر و–حدس– تولانەوە و مێژووە لەدوو تۆی بارێکی زەینیدا کە نووسین ڕەنگدانەوەیەتی ئەمـە فۆرمۆلەیەکی دیاریکراوی دەقە لە نێـو هزری مندا و هیـچ شـتێکی دی شک نابـەم بۆ خـولْقاندنێ تان و پۆی دەق، کەواتە دابڕانی ئەبستـمە خەڵقـە، کە خەڵقیش بوو ئیدی پەیوەسـتدانی بە زەمەنی (پێشوو) یاخود شـەتەکدانی بە زەمـەنی ڕۆژئـاوایی یاخـود سـەقامـگیرکردنی لە زەمـەنە شـیرازەییـەکان (هامـشـیـیـەکان) گـەورەترین مـشـتـەکۆڵەیە بە رووی دابڕانـی ئەبسـتمـی، بۆ ئەم مـەبەسـتـە–مارسـیل برۆست– لەزەمــەنی ونبـووی خـۆیدا بـارێکی ئەبسـتـمی خـولْقـاند، هـەروەها دانتی لە کـۆمـیـدیاکـەی و مەحویش وەک لەم دوو دێڕەدا:

**گونجایشی خەیاڵی ئەوم لە دڵ**

**جێبوونەوەی سەمانە لەیەک دان کونجودا**

کەواتە دەقی ئەبسـتمی کە لە دایکبووی بارێکی ئەبسـتمیـە هەمیشـە لە دەرەوەی زەمـەندا دەژی و دەسووڕێتەوە، هاتنەکایەوەی دەقێک کارێکی ئاسان نییە ناکرێ بە هەموو بەرهـەمێکی فیکری نووسـراو بڵێین دەق، بۆیە کە زۆر جـاران تووشـی بەکارهێنانی هەڵەئامـێزی دەق دەبین بەمـە گـەشـترین چرا لە ڕەوتی ڕۆشـنبـیـریدا بە ڕۆژ هەڵدەکـەین و ئەکتـڤێتی ئـەم چرایە لەبار دەچوێنین، بەم جـۆرە تووشی نـاڕەوایەتیـیــەک دەبین لە چـوارچێـوەی زەینیدا، ئـەلێـرەوە چۆن دەتوانین پێناسـەی زەینی نامـەنهـەجی لە چوارچێـوەی دەقـێکی بەمـانا چوار ناڵە و تێکڕا و مـەرجئامـێزدا بکرێت بەپێی ئەو نووسینانەی هەتا ئێستاکە نووسراوە هـەندێکی پەڕیونەتەوە نێـو هزری ڕۆشنبیـری کورد– کۆمـەڵێک تێزی جیاجیا بەرجـەسـتـەکراوە، یاوەکو هـەریەکەو کۆمـەڵێک سـەرنج و پێـخـور هـەڵدەگـەڕێ، بەڵام بنەمـایەکی تازەو دوور لە بازاڕیەتی ڕۆشـنبیـری دروست دەکـەن، لەم بۆچوونـانە و لەوانەش کە بە دوایا دێن کۆمـەڵێک پەنجـەرە بەسـەر دەقـەوە

اولا دەكرێن، پابەندی كۆمەڵێك سەرچاوەی دیارن و بۆچوونەكان تێكەڵ بە تەمتومانێكی سەیری كەڵەكەبووی ڕۆشنبیری سەدەیەك بووە و پەنگاوەی داوەتەوە، ئەوەی بەچاوی ڕێزەوە بخوێنێتەوە ئەوە تێدەگات كەی مەنهەجیەتی زەین دروست دەبێ كە دروست نەبوونیشی جۆرە مەنهەجییەتێكی تر دروست دەكات گەیشتن بە پرۆسەی دەرك پێكردن و تێگەیشتن پەیوەست نییە بە زۆری مامەڵەكردن دەگەڵ سەرچاوەدا، چونكە ئەو كاتە دەكەوێتە نێو دەقی پابەند بەسەرچاوە و چاوگدا، دەقی پابەند بە سەرچاوەش لە نەبوونی– تأمل – و– تصور– واتە رامان و ئەندێشە بەخشییەوە دێت و (زەینی نامەنهەجی) بریتی نییە لە بوونی ڕۆشنبیری و نەبوونی تێڕامان و ئەندێشە بەخشی، چونكە من پێم وایە لەنێو تێكڕای سەرخانی كۆمەڵدا هەموو شتێك لە هەموو ئان و ساتێكدا هەیە، بەڵام ئەوەی كە لە هەموو ساتێكدا نییە و هێڵەكەشی بەردەوامە نەبوونی ئەم دوو تێزە نادیارەی نێو قووڵترین خانەی زەینی مرۆڤە، لەمەدا هەن زەمەنێكی زۆریان بڕیوە و یا وەكو لە رووگەیەكی سەرچاوەداردا دەقەكانی خۆیان دەخولقێنن زێتر پەیوەستە بە دەقی سەرچاوەدار كە تا ڕادەیەك دوورە تێڕامان و ئەندێشەبەخشی، بەڵام ناوە ناوە لە سنەوبەری پشتە سەریدا وەك دوو گڵۆپی سوور دەیانخەنە سەر شەقامی بەرفراواتی دەقەكانی و خۆیان لە دەقێكی خەیاڵی–مەبەست لە خەیاڵی دەقی دروستبووی تێڕامان و ئەندێشە بەخشییە – نەك خەیاڵێكی سادە – وە نزیك دەخاتەوە كە ئەو جۆرە دەقە خەیاڵییە Fanciful یاخود (توهمی)یە زوو بەرەو كەوانەی ئەپستمی ئەدەبیمان دەبات، دووبارە لە دەرگەی ئەو مەنهەجییە – تە دەدەمەوە و دەڵێم مەبەست لە مەنهەجییەت چییە؟ ئایا دەكرێ – نامەنهەجیەتی – زەین جۆرێك نەبێ لە مەنهەجیەتی–هرم–ی زەینی مرۆڤ؟ ئەگەر چەند بۆچوون و یەكالاكردنەوەی ڕێڕەوێكی ئاشكرا بێ پێموایە نەبوونی ئەم هێڵە شێڵگیرە لە بۆچووندا خۆی لەخۆیدا جۆرێكی تری – مەنهەجیەتە – بۆ نموونە بڕوانە یاداشتی – ئەندرێ – ئایا بوونی مەرزێكی دیاریكراو هەیە؟ وەكو نەبوونیشی جۆرێك لە هەبوونە؟ كەواتە ناكرێ ئەم تێرمە دەستنیشان بكەین و بەڕەلای كەین وەك ئەوە وایەكە موتڵەقیەتی هیگڵ دەستنیشان بكەن.

(ئەمانەی تۆ دەینووسی فرە سادەن، بەڵام سێبەریان ئاڵۆزە)

ئەمەیان پەرژیندارکردنی جەستەی دەقە بەچەند لق و گەلایەكی ئیستاتیكا، ئەو هەرماسەی كە دژی سروشتی خۆیەتی لەجیاتی ئەوەی رمی ئارەزووەكانی لە هەناوی دەوروبەر تەڕ بكاتەوە، تیری خاوەن دەق دەخاتە نێو كەوانەی سەرشانی و بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە، پێم وایە لە وەسفكردنی ئەو تارماییە موگناتیسییە هەر بەو نموونەیە دەتوانم بڕی خۆم بشكێنم.

لێكۆڵینەوە



د. عادل گەرمیانی

# گرنگی داستان و ڕۆمان لە تیۆری ئەدەبدا



تیۆری ئەدەب لقێكی گرنگی زانستی ئەدەبە، كەوا بە زانستێكی مرۆڤایەتی دادەنرێت و لە سەرجەم بوارو ڕەگەزە ئەدەبییەكان دەكۆڵێتەوە، بەڵام تیۆری ئەدەب لە سروستی جۆرەكانی ئەدەب و خەسڵەت و بنەما هونەرییەكانی دەكۆڵێتەوەو، لەم ڕۆژگارەدا زیاتر زاراوەی تیۆری ئەدەب بەكاردەهێنرێت، پاش ئەوەی وەك لقێكی زانستی ئەدەب ئاماژەی پێدەكرێت، هەرچەندە هەندێ لە لێكۆڵەران ئاماژە بە هەبوونی دوو جۆری تیۆری ئەدەب دەكەن : یەكەمیان تیۆری ئەدەبی كۆنەو لە ڕەگەزەكانی هۆنراوەی لیریكی و داستان و دراما دەكۆڵێتەوەو، دووەمیان تیۆری ئەدەبی نوێیەو لە ڕەگەزەكانی ڕۆمان و چیرۆك و شانۆ دەكۆڵێتەوە.

مەبەست لە تیۆری ئەدەب بەپێی چەمکی هاوچەرخ ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە لە سروشتی جۆری ئەدەبی لە ڕووی بینای هونەرییەوە دەکۆڵێتەوە، واتە تیۆری ئەدەب لە جۆرەکانی، یاخود ڕەگەزەکانی ئەدەب و خاسیەتەکانی هەر ڕەگەزێک دەکۆڵێتەوە، بۆ نموونە لە بواری تیۆری ئەدەب زانیاری باش پێشکەش دەکرێ لەمەڕ بینای هونەریی هۆنراوە، وەک هەبوونی زمانی هۆنراوەی ناسک و هەست بزوێن، هەروەها هەبوونی مۆسیقای هۆنراوەیی ترپەو ئاوازدارو هەبوونی شێوازی هۆنراوەیی کاریگەرو وێنەی هۆنراوەیی جوان و ئەندێشەی هونەریی سەرنجڕاکیش. لە بواری چیرۆک و ڕۆمانیشدا دەبێ ئەم بنەما هونەرییانە هەبێت وەک : زمانی پەخشان و ڕووداوی کاریگەرو گێڕانەوەی سەرنجڕاکێش و گرێچنی چاک چنراوەو بابەتی باشی هەڵبژێرراو لەنێو کەتواری کۆمەڵەوەو، لەبواری شانۆش دەبێ بنەما هونەرییەکانی وەک زمانی نائاڵۆزو دانووساندنی زۆرو کورت بێت لەگەڵ هەبوونی بابەتی مەرگەسات یا بەزمەسات یا میلۆدراما. واتە لێکۆڵەری بواری تیۆری ئەدەب دەبێ شارەزایی ڕەخنەیی باشی هەبێت، تا بە وردی بنەما هونەرییەکانی ڕەگەزەکانی ئەدەب دیاری بکات.

داستان دووەم جۆری تیۆری ئەدەبە لەڕووی سەرهەڵدانەوەو، زیاتر بەگێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی لەبواری شەڕو جەنگدا هەڵدەستێ و، تیشکێکی زیاتر دەخاتە سەر شاسواری و ئازایەتی پاڵەوانان و کەسانی نێو ئەو ڕووداوە مێژووییە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ورەی پەیاموەرگری داستانەکە چ گوێگر بێت یان خوێنەر. واتە هەمیشە سروشتی ڕووداوو جۆری پاڵەوان دوو لایەنی گرنگی داستانن، لەئەدەبی گەلاندا داستانی ( ئەلیادە ) بەکۆنترین داستان دادەنرێت کەوا هۆمیرۆسی هۆنیار لەسەدەی ( ٨ ی ز ) بەچەند هەزار بەیتێکی کلاسیکی دایڕشتبوو لەمەڕ شەڕی تەروادەی نێو پادشای یۆنانی کۆنو پادشای تەروادەی کۆن و، کرۆکی داستانەکە باسی شەڕو کوشتاری نێوان لەشکری هەردوو دەوڵەتی تەراودەی ئەوسای تورکیاو دەوڵەتی سپارتەی ئەوسای یۆنانی کۆن لەسەدەی ( ١٠ پ٠ز ) دەکات، کەوا بەهۆی ڕفاندنی(هێلین) ئافرەتی هەرە جوان و خێزانی(مینیلاوس)ی پادشای دەوڵەتی ئەسپارتە لەیۆنانی کۆن لەلایەن ( پاریس )ی کوڕی زۆر جوانی ( بریام )ی پادشای دەوڵەتی تەروادە.

ئەو شەڕە چەند ساڵێک دەخایەنێ و، بەفێڵی ئەسپە دارینەیەکی بەرزەوە لەشکری ئەسپارتە دەتوانێ بچێتە نێو جەرگەی تەلاری خاکی لەشکری تەروادەو سەردەکەوێتە سەری. هۆمیرۆسی هۆنیاری نابینا بەئامێری ڕەبابەکەی بەنێو گوندەکانی ئەوسای یۆنانی کۆن بەشێوەی هۆنراوەی داستانی ئەو داستانەی ( ئەلیادە )ی بۆ خەڵکی ئەو گوندانە دەگێڕایەوەو ئازایەتی لەشکری ئەسپارتەو شاسواری و نەبەردی پاڵەوانانی ئەو لەشکرەی باس دەکرد تا شانازی خەڵکی یۆنانی

کۆن بەو لەشکرە پەرە بسێنێت و ورەیان بەرز بێت بەرامبەر دوژمنانی، هەمیشە ئامادە بن بۆ پاراستنی پاشایەتی و دەوڵەتی یۆنانی کۆن.

ئەم خەسڵەتانەی گێڕانەوەی ڕووداوی مێژوویی و باسکردنی ئازایەتی پاڵەوانان و شاسواری پیاوانی لەشکر لەنێو چەند داستانێکی دیکەی وەک داستانەکانی ( مەهابەهارتاو ڕامەیانا )ی هیندی و ( شاهنامە ) ئێرانی و.. هتد) بەرچاو دەکەوێت. جا ئەگەر خۆبەستنەوە بەگێڕانەوەی ڕووداوێکی ڕابردوو لەگەڵ باسکردنی لەڕادەبەدەری ئازایەتی کەسانی داستان لەتیۆری ئەدەبی کۆن بەو شێوە بێت، ئەوا لە ڕۆمان وەک پەخشانێکی هونەریی و داستانی سەردەم لە تیۆری ئەدەبیی تازەدا ئەوا کاتی ئێستا وەک بەردەوامبوونێکی کاتی ڕابردوو لەگەڵ باسکردنی کێشەی کەتواریی ( واقیعی ) مرۆڤی هاوچەرخ لەنێو کۆمەڵی جەنجاڵی هاوچەرخدا، دوو لایەنی گرنگی داستانی هاوچەرخن، ئەمە جگە لەوەی لەنێو داستانی کۆندا دیاردەی یارمەتیدانی مرۆڤی پاڵەوان لەلایەن خواوەندەکانەوە بەدی دەکرێت، وەک ئەوەی لەنێو داستانی ( ئەلیادە ) خراوەتە ڕوو، کەچی لە داستانی هاوچەرخدا ئەو دیاردەیە بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو زیاتر هاریکاری مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەخرێتە ڕوو.

لە توانای داستاندا هەیە هەمەجۆری لایەنەکانی جیهان بەخۆیەوە بگرێت و هەڵیمژێت، هەرچەندە زیاتر بۆ وێنەگرتن و باسکردن و خستنەڕووی ڕووداوێکی مێژوویی نێو ڕابردووی گەلێک یا کۆمەڵێک تەرخاندەکرێت، چونکە داستان وەک هاوتەریبی ڕۆمان خاوەن پانتاییەکی بەرفراوانە لەبەخۆگرتنی چەند ماکێکی هونەری بۆ بەرجەستەکردنی بابەتی ڕووداوە مێژووییەکە. زمانی داستان و وێنەی نێو داستان و کاتی داستان و گێڕانەوەی نێو داستان خاوەن هەندێ تایبەتمەندیی خۆیانن بەهۆیانەوە داستان لە هۆنراوەی لیریکی و درامای نێو تیۆری ئەدەبیی کۆن جیا دەبێتەوە هەروەک چۆن ڕۆمانیش بەهۆی هەندێ بنەمای هونەرییەوە لە جۆرە ئەدەبیەکانی دیکەی نێو تیۆری ئەدەبیی هاوچەرخ جیادەبێتەوە.

لەبواری بەراورد لەنێوان جۆرەکانی ئەدەب و هونەر ئاماژە بەوە دەکرێت کەوا داستان نزیکە لە نیگارکێشی و، هۆنراوەی لیریکی نزیکە لە پەیکەرتاشی و، دراماش نزیکە لە هونەری گرافیک و، ئەم جۆرە نزیکبوونەوە لە نێو جۆرەکانی ئەدەبو هونەر زیاتر لەبواری سروشتی وێنەگرتن خۆیان دەنوێنن، چونکە وێناکاری ئامرازێکی گرنگی بەرجەستەکردنی ڕووداوە لەداستان و بەرجەستەکردنی کردارە لەدراماو بەرجەستەکردنی باری دەروونییە لەهۆنراوەی لیریکیدا کەوا زیاتر کێشەی ویژدانی هۆنیار لەگەڵ ناخەوەی خودی خۆی یا لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دەخاتەڕوو،

**هۆنراوەی لیریکی و دراما ئاوێنەی ڕابردوون یان ئێستان و توانیویانە لەنێو ئەدەبی کۆن و هاوچەرخیش بەهای خۆیان پارێزن و شوێن پێی خۆیان بکەنەوە**

کەواتە داستاننوسی کۆن و ڕۆماننووسی هاوچەرخ وەک نیگارکێشێکن لە وێنەکێشانی سروشتی ڕووداوەکەو جۆری پاڵەوانەکەو کەسانی نێو دەقەکەدا، کەواتە دەبنە هاوتەریبی ڕەنگەکانی نێو تابلۆکە لە پرۆسەی ڕازانەوەکە.

بەلای هیگڵەوە ڕووداو لەنێو داستان و کردەوە لەنێو دراما هەمان ڕۆڵیان هەیە، هەروەها لایەنی بابەتیی لە داستان لەگەڵ لایەنی خودیی لە هۆنراوەی ویژدانیدا هەمان بایەخیان هەیە لە بەهای جۆرە ئەدەبیەکەدا، بەڵام دراما لەڕووی هەڵچوونەوە زیاتر نزیکە لە هۆنراوەی لیریکی نەک لە داستان هەرچەندە کردەوەی نێو دراما بەهایەکی بنەڕەتی هەیە هەروەک چۆن ڕووداو (کەوا ئەنجامی کردەوەیە) بەهایەکی بنەڕەتی هەیە لەداستاندا. کەواتە لە توانای داستاندا هەیە بۆنی هۆنراوەی لیریکی و بۆنی دراما بەخۆیەوە بگرێت، چونکە بەهای هۆنراوەی لیریکی سەرەتا وەک دەنگێکی ئاسان دەردەکەوێت پاشان بەهای دراما دەردەکەوێت بەشێوەی دانووساندن وەک دەربڕینێک لەمەڕ ململانێ نێوان دوو هێز.

هۆنراوەی لیریکی تایبەتمەندی خۆی هەیە لەنێو سێگۆشەی جۆرەکانی تیۆری ئەدەبدا، کەوا هۆنراوەی لیریکی دەبێتە بناغە و هەردوو باڵی داستان و دراما لەسەر هەردوو سەری بناغەکە بەشێوەیەک ڕادەوەستن سێگۆشەکە تەواو دەکەن. ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە

هەواڵنامەی کتێب

دەکرێ داستان بۆ دراما بگۆڕدرێت یان بەپێچەوانەوە، بەڵام هەرگیز ئەم دووانە ناکرێن بە هۆنراوەی لیریکی یا بەپێچەوانەوە، چونکە سروشتی شێوەکەی جیاوازە لە شێوەی داستان و دراما، چونکە شێوەیان بۆ ناوەڕۆکێک دەگەڕێتەوە گشتی و دەوڵەمەندترە لەوەی لەنێو هۆنراوەی لیریکیدا هەیەو، ئەم جیاوازییە دەبێتە هاوتەریبی جیاوازی نێوان شێوازو جۆری ئەدەبی لەڕووی تایبەتمەندی و گشتییەوە.

کرداری نێو دراماو ڕووداوی نێو داستان دەبنە حیکایەتێکی (Fabola) چیرۆکی یان درامی، بەڵام باری دەروونی نێو هۆنراوەی لیریکی دەبێتە بابەتێکی ویژدانی و، داستان تەنیا لای وێنەگرتنی کردەوە ناوەستێ، بەڵکو وێنەی ڕووداوەکە دەکاتە دیاردەیەک بۆ ژیانە گشتییە هەمە لایەنەکە.

لەد استاندا سێ یەکەی کات و شوێن و ڕووداو بەو شێوە بنەڕەتییە نین کەوا لەدرامادا هەبوونیان مەرجی بنەڕەتین، بەڵام فراوانی پانتایی داستان لەتوانایدا هەیە ( بەپێچەوانەی هۆنراوەی لیریکی و دراما) میراتێکی هونەریی گەورە پێشکەش بکات.

لایەنی مێژوویی و گیانی پاڵەوانێتی دوو سیمای سەرەکیی داستانن و، لەم بارییەوە دەکرێ بڵێین داستان زیاتر ئاوێنەی ڕابردووە، بەڵام هۆنراوەی لیریکی و دراما ئاوێنەی ڕابردوون یان ئێستان و توانیویانە لەنێو ئەدەبی کۆن و هاوچەرخیش بەهای خۆیان بپارێزن و شوێن پێی خۆیان بکەنەوە، چونکە ویژدانی مرۆڤ و کارەساتی ژیان هەمیشە دوو لایەنی زیندوویی هەموو سەردەمێکن هەرچەندە درامای جاران زیاتر لەنێو شانۆ خۆی دەنواند، بەڵام ئێستا دەتوانین دراما لەنێو شانۆو ڕۆمانو چیرۆکو هۆنراوەشدا بەدی بکەین، تەنیا میلۆدراما نەبێت کەوا زیاتر لەنێو شانۆدا بەدی دەکرێت.

لەم ڕۆژگارەد گەورەیی ڕووداوو درێژی ماوەکەی و هەبوونی چەند ڕووداوێکی لاوەکی نێو داستان زیاتر لەنێو ڕۆمان بەدی دەکرێت، تەنانەت ( جۆرج لۆکاشو مۆرش شرۆدەر ) لەو باوەڕەدان ڕۆمان داستانی سەردەم و جیهانە، چونکە لەتوانای ڕۆماندایە هەروەک داستان جیهانێک بەخۆیەوە بگرێت و، بەهەمان شێوە گەورەیی ڕووداوێک و درێژی ماوەکەی بەرجەستە بکات، بەڵام ئەوەی داستان لەنێو تیۆری ئەدەبیی کۆن لەگەڵ ڕۆمان لەنێو تیۆری ئەدەبیی نوێ جیادەکاتەوە لایەنی جۆری کاتە، کەوا هەمیشە ڕابردوو کاتی زاڵە لەنێو داستاندا، بەڵام کاتی نێو ڕۆمان لە ڕابردووەوە بەرەو کاتی ئێستا دێت ئەگەر جۆری گێڕانەوەکە ئاسایی بێتو، ئەگەر گێڕانەوەکە چەماوی بێت ئەوسا کاتەکە بەپێی ئارەزووی ڕۆماننووس لەنێوان هێڵەکانی ئێستاو

رابردوو هاتوچۆ دەکات. هەروەها خاڵێکی دیکەی جیاوازی نیوان داستانو ڕۆمان لەوەدایە داستان باسی ئازایەتی لەڕادەبەدەری پاڵەوانی نێو دەقی خۆی دەکات، بەڵام ڕۆمان باسی ژیانی پڕ لەئازارو ئەشکەنجەی پاڵەوانی خۆی دەکات لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی جەنجاڵدا.

ئەگەر لەنێو داستانی کۆندا دیاردەی خزمەتی مرۆڤ لەلایەن خواوەندەکانەوە بەرچاو دەکەوێت، ئەوا لە هۆنراوەی لیریکی و بابەتی درامایدا هەمیشە پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی یا خودی کەسانی دەوروبەری نێو کۆمەڵەکەی بابەتی سەرەکیی ئەم دوو جۆرەی تیۆری ئەدەبیی کۆنە، کەواتە داستان هەمیشە مێژووییەو هۆنراوەی لیریک و دراما زۆرجار کەتوارییە ( ریالیزمی ). لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەوا هونراوەی لیریکی یا ویژدانی بە پلەی یەکەم دێت بەلای ئەفلاتۆنەوە چونکە لە هۆنراوەی لیریکی کۆنی سەردەمی گریکەکان پیرۆزی خواوەنەکان و بەهای ڕەفتارو ئەدگاری ( ئەخلاق ) باش و حورمەتی لێپرسراوانی دەوڵەت پێشێل نەدەکرا، بەڵام بەلای ئەرستۆوە هۆنراوەی داستانی بە پلەی یەکەم دێت، چونکە کێشەکانی مرۆڤ و سروشتی ژینگەکەی دەخرێنە ڕوو، بۆیە هۆمیرۆس بەلای ئەرستۆوە هۆنیارێکی مەزنە کەوا لە هەردوو داستانەکەیدا ( ئەلیادە ) و ( ئۆدیسە ) بەم ئەرکە هەڵساوەو، لە هەندێ شوێنی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا هەندێ لە خواوەندەکاندا لە خزمەتی مرۆڤدان و هاریکاری دەکەن بۆ ئەوەی سەربکەوێت بەسەر بەرامبەرەکەیدا.

داستان لەم ڕۆژگارەدا شێوەی تازەی وەرگرتووە، یا بە شێوەی ڕۆمان یا چیرۆک خۆی دەنوێنێ و، مۆرکی بابەتی پاڵەوانێتی و ڕووداوی کاریگەر پێوەیانەوە دیارە، هەروەها دراماش لەم ڕۆژگارەدا چەند شێوەیەکی وەرگرتوە وەک مەرگەسات ( تراژیدیا ) و بەزمەسات(کۆمیدیا) و میلۆدراماو گاڵتەجاری، کەچی هۆنراوەی لیریکی هەروەکو خۆی مایەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین تەنیا داستان زیاتر نوێکردنەوەی بەخۆیەوە بینی لەبواری جۆری ڕەگەزی ئەدەبیداو، داستانە کۆنەکانی ( ئەلیادە ) و ( ئۆدیسە ) ی یۆنانی کۆن و، داستانی ( ئەنیادە )ی ڤرجیل لەسەردەمی ڕۆمانی کۆنداو، داستانی (مەهابەهارتا) و (ڕامایانا)ی هیندی کۆن و ( شاهنامە )ی فیردەوسی لە ئەدەبی فارسیی کۆندا، ئەمانەو چەندین داستانی دیکەی کۆنی هەندێ لە گەلاندا خاوەن بەهاو گرنگی خۆیان لە تیۆری ئەدەبدا، بەم شێوە دەقەکە چ داستان بێت یا ڕۆمان بێت هەر خاوەن گرنگی خۆی دەبێت لەتیۆری ئەدەبدا کەوا لەسروشتی جۆری ڕەگەزەکانی ئەدەب بەپێی سەردەمەکەی دەکۆڵێتەوە.

لێکۆڵینەوە



سەڵاح حەسەن پاڵەوان

# شیعر وا خۆی دەگێڕێتەوە

## سەباح ڕەنجدەر وەک نموونە

## بەشی دووەم و کۆتایی



ئەگەر سەرتاپای شیعرەکە وەک نهێنییەک تەماشا بکەین، ئەوە لە ناخی یادگاریەکانی لیـــنزی ئەم شیعرەدا کۆمەڵێ نهێنی هەن بەردەوام دەگەڕێینەوە سەری، ئەوانەش لە دوو شێوەدان، یەکەمیان رۆحن و ئەوانی دیش هەست و سۆزو یادگارن. بازو ئەسپ و شاعیر لەلایەک و لەولاشەوە کتێب و خەون و ماتەریاڵ.

قسەکردن لەسەر سەرتاپای ئەم شیعرە وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو کارێکی سەختە،

زۆربەی بەش و بڕگەکانی ئەم شیعرە بریتین لە بەسەرهاتێک بە دوو گەڕانەوە دەست پێ دەکەنەوە، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ لای نووسەری هەموو ژیان و کتێب و باز، کەواتە سێ کوچکەی (مرۆڤ و کتێب و گیاندار) سووڕی ئەم شیعرە تەواو دەکان.

وردەکاریەکان تەنیا ئەوە نین کە گێڕانەوەی زمان بن، بەڵکو وردبینی لە نێوان وشەکانیشدا دەردەکەوێ، وردبینی لە هەڵبژاردنی جۆرەکاندا، گیانلەبەران، ماتەریاڵ، وەرزو سەردەم. هەر هەموویان ئاماژەن بەوەی کە چاوتیژی شاعیر چاوتیژی هەڵبژاردنی وردەکاریەکانی ژیانە، بۆیە ئەوەی ئەو دەیبینێ چاوی ئاسایی نایبینێ ئەوەی ئەو تێبینی دەکات لەگەڵ ئەو زمانانەی کە باس لە ژیان دەکەن جیاوازی هەیە، باس لە بەشەکانی ژیان دەکەن، هەندی لەو نموونانە، دەتوانین لەم چەند کۆپلانەدا بەرجەستەی بکەین:

**(باڵی بۆنخۆشی یەک بازن**
**رووباری کەنار پڕ مرواری**
**سەدەف گەرمایی دەداتە پێیەکانی**
**یاقووت گەرمایی دەداتە پێیەکانی**
**ئەڵماس گەرمایی دەداتە پێیەکانی**
**ئاسن دەمارەکانی لە خوێن رایان کردووە**
**تاسەی لووتکە**
**رازی لووتکە**
**وێڵی لووتکە**
**مەستی لووتکە)**

هەواڵنامەی کتێب

ئەمانەی سەرەوە ئەو شتانەن کە ئێمە تەنیا دەبێ بەچاوی لینـــزی بیانبینین، لەبەر ئەوەی هیچ چاوێک نییە بتوانێ بۆنخۆشی باڵ وگەرمایی سەدەف و ئەڵماس و یاقووت ببینێ، بزانین تاسەو رازو وێڵی لووتکە چۆنە. ئەمە سنووربەزاندنی شاعیرە لە بینینی شتەکان، نەک تەنیا چاوی بازی هەیە، بگرە لە بازەکەی خۆشی چاوتیژترەو زیاتر دەچێتە ناو خەیالات و بۆن و بەرامی شتە سروشتی و ناسروشتییەکان، هەندێ لە دێڕە شیعریەکانی ئەم قەسیدەیە کە باس لە وردەکاریەکانی بۆن و هەست و بینین و بەرکەوتن دەکەن . هێزو توانای لە رادەبەدەرم بەبیردەهێننەوە، کاتێ شاعیر لە سێبەری ولآتدا بزر دەبێ، ئەو کاتە بەهای سێبەر دەزانێ، کاتێ حەز لە تامی بەرد دەکات چێژی سێوو بادەمی

تێدا دەدۆزێتەوە. نەک ئەمەش سنووری مامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ شتە وردەکاندا، جۆرێک لە ناباوی بە شیعرەکانی بەخشیووە، نەوەستانی ئەو لە سنووری یەک مەودای سنوور شتی وای کردووە کە گشتگیری پشکنین و گشتگیری مەوداکانی بەرزی و نزمی و کێوو نشێوو دەشت و ساراکان بەرفراوان بن.

جار جار ئەو لە سنووری سروشتیش دەچێتە دەرێ و مامەڵەی وردەکاری لەگەڵ ماتەریاڵەکانی دەوروبەری خۆی دەکات و کاغەزی سپی دەخوێنێتەوەو : (لە سپیاتیی کاغەز ژیان بەسەردەبا) و (حاڵیشە لە جادووی تاریکی) لای ئەم (جادوویانەی تایبەتییە و دەشزانێ سیسبوونی خونچە دڵتەنگی خوایە).

ئەگەر ئەوەندە لە نهێنییەکانی سروشت و دەوروبەری خۆشی دەرچین، بەرەو وردەکاریەکان دەڕۆین کە ئەویش گەردوونە، ئەو تەنیا ئەوە نابینێ، بەڵکو تێکچوونی گەردوون و سیسبوونی خونچەکان دەبینێ:

**(نووسەری هەموو ژیان**
**گڵۆپی مەودایەکانی گفتوگۆی ڕەش کردووە**
**حاڵیشە لە جادووی تاریکی**
**تاریکی یانەی تایبەتییە**
**دەشزانێ سیسبوونی خونچە دڵتەنگیی خوایە**
**دڵتەنگیی خوا زەنگی کەوتنی تەواوی زەوییە)**

هەواڵنامەی کتێب

پاش ئەوەی لەو هەموو شتە دیارانە ورددەبێتەوە، پاش ئەوەی نهێنی هەموو سروشت و حاڵەتەکانی سروشت دەپێکێ، لەبەردەم ئاوێنەی حاڵەتەکانی خۆیدا دەوەستێ و ئەمجارە ڕووی لینزەکەی دەکاتە ناخ و شۆڕدەبێتەوە، هەرچەند ئەم شۆڕبوونەوەیە هەروا بە ئاسانی ڕوونادات، ئەو ڕوانینەی بۆ دەوروبەرو دەرەوەی خۆیین، هێزو وزەیەکی تایبەتی دەوێ، بەڵام ڕوانین و گەڕانەوە بۆ ناخ، هەوڵێکە بۆ ناسینەوەی حەقیقەتی ناخ، ڕاستیەکانی ویژدان و تێڕامان و تێفکرین، هەوڵە بۆ تێکشکاندنی سنووری نێوان ناخ و دەرەوە، لە جوانترین کۆپلەدا بەرجەستەی ئەم ڕاستیە کراوە:

**(باز لە گەرمایی ئاگری پیس نەبوو فامی کرد بۆنی ڕیای لە دەنووکی سڕی**
**پڕە لە سۆز بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ**
**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بە درەوشانەوە**

**پڕە لە بێگەرد بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ**
**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بە درەوشانەوە**
**پڕە لە بەندەناس بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ**
**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بە درەوشانەوە**
**پڕە لە جەربەزە بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ**
**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بە درەوشانەوە)**

ئەگەر لیـنـــزی ئەم شیعرە هەوڵێک بێت بۆ وردکردنەوەی پێویستیەکانی بیرو داهێنانی شیعری ئەوە هەوڵیشە بۆ وردبوونەوە لەجەستەی شیعر، هەوڵە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ماڵی ڕۆح و ماڵی گیان.

## نەفیکردن و دژە نەفی

پێ دەچێ ئەو دژانەی لەبەرانبەر ڕەتکردنەوەکاندا قووت دەبنەوە، زۆرجار دووبارەببنەوە، دوبارەبوونەوەی ئەم حاڵەتە، زیاتر پەیوەستە بە بنیادی شیعرەکەوە، پەیوەستە بە شێوەی گێڕانەوەی شیعری و ریتم و شەپۆلی هەڵچوونی ئەو وێنانەی کە گەورەو بچووک دەبنەوە، نەک ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لەو وێنانەی لەم ناوەندەدا دەردەکەون، پەیوەستن بە پێداگرتن و ڕەتکردنەوەو هەڵگەڕاندنەوەو ڕاستکردنەوەی وێنەکان، بڕێکی زۆر لەو وێنانەی لەم ئاستەدا دەیانبینین لە ناوەندی شیعرەکەوە دەست پێدەکەن و بە پێی بنیادی ستوونی هەنگاو هەڵدێنین. پێشکەشکردنی وێنەیەک، یان بەسەرهاتێک بەو شێوەی کە شاعیر مەبەستێتی، یان دەربرینێکی واقیعانەیە دەربارەی ژیان، پاشان لەهەمان ساتدا پێشکەشکردنی دژە وێنەیەک وێنای حاڵەتێکی تەواو پێچەوانەی ئەوەی یەکەم. پێموایە ئەم بنیادە کاریگەریەکە کەم تا زۆر بنیادێکە سەرچاوەکەی لە شیعری کلاسیکیەوە وەرگیراوە، بەڵام لە شێوەی بنیادو مەودایەکی مۆدێرنترەوە.لە قەسیدەی (سرووش) لە چەندی بڕگەدا ڕووبەڕووی ئەم شێوە نەفیکردنە دەبینەوە:

**(دوو بازی وشیارو دڵسۆز**
**بەسەر دەرگای دیواری نووسراو**
**ماتی و بێدەنگیان دروست کرد**
**چیم نەپرسی)**

لێرەدا ساتێک رادەوەستێ و پاشان دەگەڕێتەوە سەر هەمان وەسف. هەمان دیمەن و هەمان کاراکتەر، بەڵام تەواو پێچەوانەی سەرەوە:

**(دوو بازی وشیارو دڵسۆز**

**بەسەر دەرگای دیواری نووسراو**

**ماتی و بێدەنگیان شکاند**

**چییان نەپرسی)**

ئەگەر لە بڕگەی دووەم بڕوانین، ئەمجارە هەر ئەوان شتێک تێکدەدەن و خۆشیان هیچ ناپرسن تەواو پێچەوانەی سەرەوە شتێک دروست دەکەن کە ئەویش ماتی و بێدەنگییە، بەڵام هیچ ناپرسن. لەم بڕگەیەدا سەرەڕای ئەو نەفیکردنەی سەرە، شێوەیەکی دی لە نەفیکردن هەیە، کە پێی دەوترێ نەفیکردنی ناوکۆیی، کاتێ مرۆڤ مات و بێدەنگی دەشکێنێ، دەست بە ورتەو قسەو دەربڕین دەکات، کاتێ لە بڕگەی دووەم ماتی و بێدەنگی تێکدەشکێ لە جیاتی ئەو بێدەنگییەکی سەرتاپاگیر دێتە کایەوە، ئەمەش هەوڵێکە سرووش دەیەوێ پێمان بڵێ، هەموو تێکشکانی شتێک مانای دروستبوونی شتەکەی دیکە نییە، تێکشکانی گریان. مانای پێکەنین و نەمانی ماتی. مانای ورتەو نەمانی تەنیایی. مانای تێکەڵبوون نییە. هەر لەسەر هەمان ریتم و هارمۆنی سرووش لە چەند جێگایەکی دی دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو شێوە نەفیکردن و هەڵگەڕاندنەوەیە:

**(ڕێزێکم بۆ ئەسپ دانا**

**ئەسپ بەکەلکێشی دەوڵەمەندە**

**کێ ئاوی دایە ئەو ئەسپە**

**لەخۆبایی کرد**

**کێ ئەو ئەسپەس لە ئاو رەواندەوە**

**دڵشکاوی کرد)**

ئاودان و لەئاو ڕەواندنەوە دوو حاڵەتی دژ بەیەکن، کارەکتەری ئەم ئاوە ئەسپە، جارێ تینووە. جارێ تێرئاوە، جارێ تەوژمی تینوێتی تەنگی پێ هەڵدەچنێ و جارجاریش بەرەو دنیای تەنیایی دەبات، سەرەڕای هەموو ئەمانەش لە نێوان دوو کەوانەی بوون و بێدەنگیدا دێت و دەڕوا، لەم دژایەتیەدا جوگەلەیەکی مەودا کورت و ڕۆح تێری ناو دێڕی شیعرەکان چیرۆکی تەنیایی ئەم ژیانە دەگێڕنەوە.تەنیا لەو سنوورە ناوەستێ، بەڵکو لە بازەوە بۆ

ئەسپمان دەبات، لە ئەسپەوە بۆ ئاو لە ئاویشەوە بۆ رۆشنایی ماڵەکان، ئەم تەوژمی دژایەتی و نەفیکردنە سروشتێکی رۆحی شیعرەکەیە، دەربڕینی شێوەکانی ژیان و بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤانەیە، کە شاعیر رووبەرێکی فراوانی شیعرەکەی بۆ داگیرکردووە، شێوەی بینینی مرۆڤ و رووداوە بێ مێژووەکانە، ئەو بوونەوەرانەی بەردەوام لە دڵەڕاوکێ و هەستکردنیانە بە ونبوونی ناسنامە و ونبوونی جوگرافیاو دوودڵی لە نێوان ئەمەکداری و بێ ئەمەکیدا :

**(رۆشنایی لە ماڵەکاندا**

**رەنگ و رووی منداڵەکانی کردووەتەوە**

**خوا ئەی هەمیشە دڵگەرم**

**هەمیشە دڵنەرم**

**هەمیشە سادە**

**تاریکی لە دارستانەکاندا رەنگ و رووی ئاسکەکانی هەڵبزرکاندووە)**

بڕوانە لەم وردەکارییانەی کە دەیبینین، شیعر هەوڵی ئەوە دەدا تێبینی و وردەکاریەکانی وشە بەڕاستی بەکاربێنێ، ئەگەر ئێمە لەیەکەم روانینماندا بۆ ئەم قەسیدەیە، بڕیارێکی سەرپێی بدەین، ئەوە دەڵێین ئەم زمانە بۆ ئەوەندە تێکشکاوانە شیعر دەڵێ، بەڵام کاتێ وەک مەلەوانێکی بن دەریا بە خۆمان و ئامێرەکانی هەناسەدان گەڕانی ورد بەناو ئەستێرەماسی و پەپوولەماسی و سەرەبچووکەکانی کەناڵەکاندا دەکەین و لەرۆح و زمانی دەریای شیعرەکە ورددەبینەوە، ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێ لە ناو چ زمانێکی پڕ زاراوەو رەسەندا مەلەدەکەین. هەروەک چۆن دەربڕینە شیعریەکان سەرسامان دەکەن، چۆن نەفیکردنەکان ئەمبەرو ئەوبەرمان پێدەکەن، هەرواش زمانی سرووش لە ناو گێژاوی گەمەی زمانەوانیدا دەمانهەژێنێ.

جارێکی تر لەبەر رۆشناییدا تووشی تاریکی ئەو نەفیکردنانە دەبینەوە کە شیعر لەگەڵ خۆیدا باری کردووە. لەو کۆپلەیەی سەرەوە، دوو سیما لەبەردەمماندان، دوو سیمای پڕ پاکیزەیی و پاراوی، دوو سیما شاعیر لێرەدا لەگەڵ دوو شتدا بەراوردیان دەکات لە خۆیان پاکیزەترن (منداڵ) و (ئاسک) سیمبوڵن بۆ پاکی و بێگەردی و وردبینی لەبەرانبەریشدا رۆشنایی و دارستان، یەکێکیان دارستانە کە پڕ بووە لە تاریکی و روخساری پاکیزەیی ئاسکۆڵەکان هەڵدەبزرکێنێ، ئەوی تریان رێک بە پێچەوانەوە رووناکییەو رووی ئەو منداڵانە

جوانتر دەکات کە خۆیان جوانترن. لێرەدا سیمبوڵی تەماشاکردن پەیوەندیەکە لە نێوان چاوو روانین، یەکێکیان بینینە کە ئاماژەیە بە خۆشی و کراوەیی و دڵفراوانی، ئەوی تریان تاریکییە کە ئاماژەیە بە کوێری و نابینایی و رەشبینی و خەم. لە یەک جیهاندا دوو پاکیزە منداڵ و ئاسک جارێ جوانن و گەشن، جارێکیش پڕن لە ئازارو نەهامەتی.

بەردەوام لە پێکهاتەی ئەم شیعرەدا ئەو وردەکاریانەی نەفیکردن بەدی دەکەین، پێموایە شیعرەکە بەو بنیادەوە جوانە کاتێ بەراوردکاریەک بە ئەنجام دەگەیەنێت لە نێوان هەردوو دیوی شتەکان، جارێ لە نێوان قەشەنگی و دزێویدا، جارێکیش لە نێوان دوو شتی جوان و دوو شتی دزێودا، بەراوردکاری لای شاعیر ئاماژە نییە بۆ دوو نموونە ناچوون یەک بە ئەندازەی ئەوەی ئاماژەیە بە بەراوردکاری نێوان دوو حاڵەت، دوو حاڵەت کە رۆحی شیعرئاسایی خەونەکان بەو شێوەیە دەگێڕنەوە.

هەر لەو سنوورەشدا راناوەستێ، لە نێوان مەملەکەتی وشەکانیدا ئەو کونجانە بنیادەنێ کە داڵدەی بێخانووە کەسادەکان دەدا و وەسفی ئەو ئاسمانە جوان دەکات کە لەبەر دووکەڵ و قەرەباڵغی ژیان لێڵ بووە:

**(دوو کتێبەوان کوڕە گەورەی ئاسمان و زەوی یان ئا و نا**

**لە ژوورێکی لاکەوتە ئێمەیان دۆزیەوە**

**بە لێوی وشک و قاقای لە خۆڕازیبوونەوە هاواریان بەسەردا کردین)**

هەواڵنامەی کتێب

لێرەدا نەفیکردنەکە لە نێوان یەک دیمەن و دوو کارەکتەرە، کەئەوانیش دوو ئەفسانەن، دوو کوڕی گەورەن، بەڵام دوودڵی لەوەدایە ئاخۆ ئەوان کوڕی گەورەی ئاسمانن، یان کوڕی گەورەی ئاسمان نین، کە ئەمەش بۆ خۆی دووبارەکردنەوەی ئەو پرسیارەیە کە بەردەوام مێژوو، ئایین، ئەفسانەکان کردوویانە، ئەم نەفیکردنەی لێرەدا دەیبینین، تەواو پێچەوانەی ئەوانی دیکەیە، لێرەدا نەفیکردنەکە لە نێوان چەند دیمەنێک، یان چەند رووداوێک نییە، رەفزکردن و قبووڵکردنی یەک حاڵەتە کە ئەویش بەکوڕبوونی دوو کتێبەوانە بەکوڕبوونی ئاسمان، یان زەوی. لێرەدا گومان زاڵە، ئەگەر لە بەشەکانی تردا یەقین و دڵنیایی لەبەراوردکردنەکاندا هەبووبێ ئەوا لێرەدا گومان باڵی بەسەر رووداوەکەدا کێشاوە، گومانەکەی ئێرە لە گومانی (هاملتی و دیکارتی) دەچێ، رەنگبێ شاعیر بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو حاڵەتە بێت لە نێوان شێوەیەک لە گومانی سۆفیگەریدا ئەم پرسیارە دەکات.

جۆرێکی تر لە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دژایەتییەی کە لە شیعری سرووش دا دەبینرێ، ئەو شێوەی کە ئێمە بەردەوام رووبەڕووی ناچوونییەکی دیمەنەکان دەبینەوە،

تفەنگ و گولله، دوو زاراوەن شانبەشانی یەک هەن، بەڵام شاعیر وا نایانبینێ، ئەو لێرەدا گولله بە تاوانبار دەزانێ و تفەنگ بە ئاشق، وا لە وەرگر دەکات، بەگومان بێت لەوەی کە لێرەدا شیعر بۆ دەیەوێ ئەم بەراوردکاریە بکات، بۆ دەیەوێ بمانکاتە بەرگێک و لە ناو دنیای ئەمڕۆ رامانگرێ. تفەنگ و میکرۆفۆن دوو سەرچاوەن بۆ یەک سیمبوڵ، هەردووکیان هەڕەشەو ترس پەخش دەکەنەوە، هەردووکیان مردن دەچێنن، هەڕەشەی کوشتن، کوشتنی جەستەو رۆح لای تفەنگ و کوشتنی هەست و ویژدان لای مایکرۆفون. تفەنگ جارێ بە دەستی جەلادەوەیەو جارێک لە دەستێ شۆڕشگێڕ، جارێک راوی گورگ دەکات و هەندێ جاریش ئاسکۆڵەکان خەڵتانی خوێن دەکان. مایکرۆفۆن هەرجارەی لەبەردەستی یەکێکە، جارێ هەست دەژێنێتەوە. وەکو کۆتریش بڕێک کات خۆشەویستی لە وێنەی وشەدا دادەبارێنێ بەسەر هەست و رۆحە نسرمئاساکان. بەمجۆرە نازانین لەسەر چ سێبەرێکدا باس لەم بەراوردکارییە بکەین، تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەمە نەفیکردنێکە لوولە لوولە رەت دەکاتەوە.

هەر لە گۆشەی ئەم بەراوردکاریە چاومان بە چەندین وێنەی دی دەکەوێ کە لێرەدا دەمەوێ ئەو نموونانەش وەک شێوەیەک لە مامەڵەکردنی شاعیر بیانخەمە روو. گۆڕانکاری لە دژایەتییەکان شێوەی جۆراوجۆر دەگرنە خۆیان، دژایەتیکردنی جەستەخوازی، دژایەتیکردنی کیمیاگەری،دژایەتیکردنی هاوکێشەیی و ململانێ.....تاد.

**(نووسەری هەموو ژیان**

**گڵۆپی مەودایەکانی گفتوگۆی زەرد کردووە**

**حاڵیشە لە میهرەبانی رووناکی**

**رووناکی یانەی تایبەتییە**

**دەشزانێ گەشانەوەی خونچە دڵخۆشیی خوایە**

**دڵخۆشی خوا مۆسیقای راپەڕینی تەواوی زەوییە**

**مۆسیقا دەنگی ژیان بەگوێی**

**ئاسمان**

**برادەرایەتی**

**ئادەم**

**دەگەیەنێ**

**پێویسته ئێمه ئا یەک بڵێین**

***

**نووسەری هەموو ژیان**

**گڵۆپی مەودایەکانی گفتوگۆی رەش کردووە**

**حاڵیشە لە جادووی تاریکی**

**تاریکی یانەی تایبەتییە**

**دەشزانێ سیسبوونی خونچە دڵتەنگیی خوایە**

**دڵتەنگیی خوا زەنگی کەوتنی تەواوی زەوییە**

**زەنگ دەنگی مەرگ بەگوێی**

**ئاسمان**

**برادەرایەتی**

**ئادەم**

**دەگەیەنێ**

**پێویسته ئێمه نا یەک بڵێین)**

هەواڵنامەی کتێب

تەماشای پێکهاتەی ئەندازەیی ئەم شیعرە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە وردبینی دژایەتییەکان لێرەدا لەوپەڕی وردبینیدایە، من لێرەدا ئەم دژایەتییە لە چەند روویەکەوە دەخەمە روو:

**رووناکی بەرانبەر بە تاریکی**

**رازینەبوون بەرانبەر بە رازینەبوون**

**گەشبینی بەرانبەر بە رەشبینی**

ئەگەر لێرەدا ئەم سێ حاڵەتە رۆحیە کە رەنگدانەوەی هەستی مرۆڤن، ئاماژەی ناو ئەم شیعرە بن، ئەوا دەگەڕێینەوە لای شیعرەکە بزانین ئەم دیاردانە چۆن خراونەتە روو، بەڵام پێش ئەوەی بچمە ناو درێژایی ئەو لێکدانەوەیە، دەبێ ئەوە بووترێ، لە سرووش دا تەنیا دەربڕینی دوولایەنەی دژەکان نییە، واتە بە شێوازە بنیادیەکەی تەنیا ململانێی نێوان راست وچەپ، رەش و سپی، تاریکی و رووناکی نییە، بەڵکو ئەو ئەم مەودایەی تێپەڕاندووە، هەر جار جارێ لە نێوان ئەو دژانەش هاوتەباییەک هەیەو جارجارێک شتە نەگەتیفەکان هەموو پێکەوە شایی دەگێڕن، یان پۆزەتیفەکان دەبنە هاوەڵی نەگەتیفەکان، واتە سنووری

دژایەتییەکان ئاشکرا نییە.

دێینەوە سەر شیعرەکە لێرەدا گڵۆپێک لەلایەن نووسەری هەموو ژیان هەڵدەکرێ، دنیا رووناکدەبێتەوە، لەولاشەوە هەر ئەو نووسەرە گڵۆپی هەموو مەوداکانی گفتوگۆ دەکوژێنێتەوە. ئەم داگیرسان و کوژانەوەیە کە شاعیر بە رەنگی (زەرد)و (رەش) ئاماژەی بۆ کردووە، دەلالەتێکی رەنگئامێزە کە شاعیر بە شێوەی بینیاری دەیخاتە روو. کە ئەمەش ئەم داگیرسانەی کۆپلەی یەکەم شێوەیەکە لە گەشبینی کە تەنیا لەو حاڵەتەدا راناوەستێ، بەڵکو بەردەوام دەبێ لەوەی کە گەشانەوەی خونچە دڵخۆشی خوایەو دڵخۆشیش مۆسیقای راپەڕینە، کە ئەمانەش هەر هەموویان گەیەنەری دەنگی ژیانن، بەڵام لەولاوە کاتێ کە نووسەری هەموو ژیان گڵۆپی مەودای گفتوگۆ رەش دەکاتەوە، تاریکی دەبێتە یانەی تایبەتی. واتە کاتێ سیمبوڵی تاریکی کە رەشبوونەوەی گڵۆپە دەردەکەوێ، لەگەڵیدا رەشبینی و تاریکبینی و سیسبوون سەرهەڵدەدا، لێرەشەوە جارێکی تر وردەکاریەکانی رەشبینی سەرهەڵدەدا کە بریتییە لە دڵتەنگی و کەوتنەخوارەوە و مەرگ. رازینەبوون لەم شیعرەدا دەگاتە ئەو ئاستەی کە داوای ئەوە دەکات هەر هەموویان پێویستە (نا) یەک بڵێین.

سەرەتا داوای (ئا) یەکی دەکرد، بەڵام ئێستا داوای (نا) یەک دەکات.

هەر خودی (ئا) شێوەیەکە لە وەڵام و شێوەکە لە رازیبوون و رووناکی و تەسکینی کە ئەم لە بنیادی ئەو شیعرەدا دەردەکەوێ، هەربۆیە هاوتەریبە لەگەڵ رەنگی گەش و زەرد، کە سیمبوڵی هەتاوو رووناکییە، لەولاشەوە (نا) دیسان وەڵامە، بەڵام وەڵامی رەتکردنەوە و نارازیبوون و دڵتەنگی، لە ناو ستراکچەری ئەم شیعرەدا وتنی نا، رەنگە لە مانا ئاساییەکەیدا شتێک بێت بۆ رەفزکردن، بەڵام دەشێ ئاماژەش بێ بۆ تەسکینی و خۆشی. بەڵام لێرەدا هاوتەریبی تاریکی و کوژانەوەیە، کە ئەمەش رەنگی رەش باشترین ئاماژەی ئەو حاڵەتەیە.

دوا بەراوردکاری دژەنێوانی دوو نموونە، دوو سیمبوڵ، دوو هێما و ئیماگۆ، کە هەر یەکەیان لە چەند روویەکەوە هێمای مێژوویی و فیکری و فەلسەفیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێمای ئەفسانەیشیان هەیە. ئەو دوو نموونەیە، دوو باڵندەن، (کوندەبۆ) و (باز)ن. هەمیشە وا تێگەیشتووین کە ئەم دووانە یەکێکیان رەمزی ئاژاوە و سیخورمەیی و شوومەو و ئەوی تریان ئاماژەی نەمری و سەربەرزی و کۆڵنەدانە. هەرچەندە بۆخۆی ئەم شێوە بەراوردکارییە لەرووی زانستی و پێکهاتەیی و کارەکتەرەوە تارادەیەک کارێکی

گومـانـاویە، بەڵام مـەودایی ئەم بڕگـە شـیـعـریە، گـشـتـگـیـریەکی پێـوەیە، تەنـیـا نـاوەڕۆکـەکـەی دەتوانێ، راستیەکانمان پێ بڵێن.

**(کۆندەبۆ ئەی پرسیارەکانی چارەنووس و دۆستی کۆیلەیی**
**باڵەکانت لە خێزانی ناکەس بەچە ڕوواون**
**ئاژاوەکانی زەوی بۆیە توانییان**
**شلی بکەن و لە فڕین دای بگرنە سەر گردە نزمەکان**
**دڵنیاییت لە دەست دا**
**ژیان بەو ڕەنگە دەبینی دوژمنایەتی جۆشاندبی**
**هێلانەو ماڵ و سامانی باپیرانی فرۆشت**
**ئەم و ڕەچەڵەکی جەژنی بێکۆتاییان لە بەیندا نەبوو**
**لە دەنووکی نووسراوە رۆژگارێک چاوەڕوانمانە جێی شانازی نییە**
**کلیلی خەزێنە لە دەستی نەزانێکی دێرین دەشارێتەوە**
**بەدبین هیچیان زمانی خەزێنە فێرنابن**
**کتێبی چی ئێمەی هێنا دادەخرێ**

***

**باز ئەی پرسیارەکانی چارەنووس و دۆستی بێباکی**
**باڵەکانت لە خێزانی خانەدان ڕوواون**
**ئاژاوەکانی زەوی تۆیە نەیانتوانی**
**شلی بکەن و لە فڕین دای بگرنە سەر گردە نزمەکان**
**دڵنیاییت لەدەست نەدا**
**ژیان بەو ڕەنگە دەبینی برایەتی جۆشاند بی**
**هێلانەو ماڵ و سامانی باپیرانی پاراست**
**ئەم و ڕەچەڵەکی جەژنی بێکۆتاییان لە بەیندا بوو**
**لە دەنووکی نووسراوە رۆژگارێک چاوەڕوانمانە جێی شانازییە**
**کلیکی خەزێنە لە دەستی زانایەکی دێرین دەناسرێ**
**ڕوونبین هەموویان زمانی خەزێنە فێردەبن**
**کتێبی چی ئێمەی هێنا دەکرێتەوە)**

ئەمەی لەم بەشەی شیعرەدا بەدی دەکەین، بەراوردکاریەکی پڕ وردەکاریە، لە نێوان دوو پەیوەندی یەکێکیان پەیوەندیەکی ناجێگیرو بێ بناغەو رەگ و نەچەقیوو لەسەر زەمینەی واقیع و راستی، لەولاشەوە نموونەیەکی تر کە شکۆمەندی و خۆڕاگری و مەزنی لێ دەبارێ، پێمواییە لەم کارەدا شاعیر نەیتوانیوە خۆی لەدەستی مەئلوفیەت رزگار بکات، هەر بۆیە ئەو سیمبولانەی بەو چاوە بینیوە کە هەمووان دەیبینین، نەیتوانیوە لە شتە مەئلوفەکان نامەئلوفیەت دروست بکات، (کوندەبۆ) و (باز) هەردووکیان پەیوەستن بە ئاسمانەوە، ئەوانەشی پەیوەستن بە ئاسمانەوە ناتوانن وەفاداربن بۆ زەوی، بۆیە نیشتمانیان ناسراو نییە، هەردووکیان باڵی فڕینیان هەیە، ئەو باڵێکە هی ناکەس بەچەو ئەوی تر باڵێکەو سەرچاوەکەی خانەدانییە، کوندەبۆ زۆر بە ئاسانی لەبەردەم ئاژاوەکانی سەر زەوی دەپووکێتەوە، بەڵام باز هیچ کاری تێ ناکات. بەڵام لێرەدا شاعیر دابەزینی کوندەبۆ بۆ سەر گردە نزمەکان بە دۆڕانێکی دەزانێ، لەچاو ئەو بازەی بەردەوامە لە فڕین و هیچ هێزێک ناتوانێ بیخاتە سەرزەوی.

هەواڵنامەی کتێب

لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم تاسەو ئارەزووی کوندەبۆ گردە نزمەکان، زیاتر خۆشەویستیە بۆ ئەو زەویە و دوورکەوتنەوەیە لە ئاسمان، کە ئەمە لای باز بەدی ناکرێ. هەرچەندە بە پێی نەریتی باو بازی فڕیو

**کوندەبۆ ئاماژەیەکی نەرێیی هەموو خراپەکاریەکانە، باز ئاماژەیەکی ئەرێیی هەموو ئەو جوانی و سەربەرزیە. دوو پەیام لەم کۆپلەیەدا مانیفێست کراوە، هەردووکیان لەیەک سەرچاوەوە دەردەکەون کە ئەویش ئاوازە**

کۆڵنەدەرەو بەردەوامە لە فڕین، ئەمەش ئەو ڕوانینە باوەیە کە شیعرەکەی تێکەوتووە، بەهەرحاڵ بۆ کەسێک کە زوو دەکەوێ، دڵنیایی لەدەست دەدا. یەکێکیان ژیان بە ڕەنگی دوژمنایەتی دەبینێ، ئەوی تر بە ڕەنگی دۆستایەتی، ئەمەش بەراوردکاری نێوان دۆڕاو و براوەیە، خۆفرۆش و سەرسەخت، سەربەرزو سەرشۆڕە، کوندەبۆ ئاماژەیەکی نەرێیی هەموو خراپەکاریەکانە، باز ئاماژەیەکی ئەرێیی هەموو ئەو جوانی و سەربەرزیە. دوو پەیام لەم کۆپلەیەدا مانیفێست کراوە، هەردووکیان لەیەک سەرچاوەوە دەردەکەون کە ئەویش ئاوازە، خوێندنە، ئەمەش لەسەر دەنووکی بازو کوندەبۆ نووسراوەتەوە، دەنووک لێرەدا ئاماژەیە بۆ گێڕانەوەی نەوەکان بۆ یەکتری، یەکێکیان ڕێنوێنیکردنە بەرەو ڕاستی و نەمری و سامان و عەقڵ، ئەوی تریان ئاماژەیە بۆ درۆو نەمان و هەژاری و نەزانی. لەوێدا واتە لەو شوێنەی عەقڵ و سامان هەیە، هەموو شتەکان دەچنە مێژووەوە، هەربۆیە کتێبێک دێت و دەکرێتەوە، لەولاشەوە کە نەزانی و هەژاری هەیە. هەموو شتەکان بە شاراوەو بێ مێژوو لەناودەچن. ئەم دوو هێما باڵندەیە، لە زۆر ڕووەوە لەیەک دەچن، تەنیا لە سروشتی هەڵفڕین و ڕاوکردن و شێوەی دەرەکی نەبێ.

## بەمرۆڤبوون و بەرۆحبوون

لە زۆر کەلێن و کەلەبەری (سرووش)دا مامەڵەیەکی سیمیۆلۆژیانە بەدی دەکرێ لەگەڵ زماندا، زمانی شیعر بە پێچەوانەی کارەکتیزەکردنی دیمەن و شێوەکان، لە حاڵەتی باوەوە دەچێتە حاڵەتی ناباو، مەئلوفیەتی زمان دەبێتە نامەئلوفیەت، کەس دەبێتە کەسی نەناسراو، ئەگەر بڕوانینە سەرەتای ئەم شیعرەوە دەبینین شتێک هەیە پێی دەوترێ، نەناسراوەکان، لەم شیعرەدا نەناسراوەکان زۆرن، بەڵام لە یەک سەرچاوەدا کۆدەبنەوە، کەئەویش تێمای بابەتەکەیە:

**(ئەوی لە هەموو شتێک دروستکراو**

**تەواو مەست بە هەموو شتێک**

**کتێبی چی ئێمەی هێنا بە کراوەیی)**

ئەگەر وەک وردبوونەوەیەکی گراماتیکی تەماشای ئەو کەسە بکەین کە لە هەموو شتێک دروستکراوە، نازانێک چیەو کێیە، نەناسراوێکە، پاشان شیعرەکە بەردەوام دەبێ لەو نەناسراویە:

**(نووسەری هەموو ژیان لەناو خەون کەوتە سۆراخی ناونیشان**

**گەیشت بە گەورەترین رۆشنایی)**

دەزانین ئەو نەناسراوە نووسەری هەموو ژیانە، بەڵام دیسان نەناسراوێکە ناونیشان و ئاماژەکردنێکی راستەوخۆی بۆ نییە، ئەم ئاماژەی نەناسراویە لە رێڕەوی شیعرەکەدا چەندین جار دێتە پێشمان، زۆرجار هەوڵ دەدا ئەو گرێیانە بکاتەوە، کە لە ئاشکرابوونی بێزارە، بۆیە نەناسراوی شێوەیەکە لە دووبارەکردنەوەی گرێکوێرەکان.ئەم نەناسراویە هەندێ جار دەبنە گۆڕینەوەی دیمەن و تێماو کاراکتەرەکان لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دی، ترانسفۆرمی شتەکان ترانسفۆرمێکی گشتگیرە، سەرتاپای تێماکان دەگەڕێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئێمە لە شیعری کوردیدا ترانسفۆرمی بە مرۆڤبوونی شتەکان کەمتر دەبینین، لە بە شتبوونی مرۆڤەکان، هەروەها شێوەی مامەڵەکردنی ئاسایی ئێمە لەوەدایە کە بەسروشتکردنی مرۆڤ دەبینرێ، وەک بوونی مرۆڤێکی سەرسەخت بەچیایەک، یان بوونی مرۆڤێکی بێ نیشتمان بە دەریا. مرۆڤی ماندوو بە شەقامێکی تاوستان. پیرەمێردێ بە بەفرێکی سپی....تاد. ئەمە سەرەڕای بوونی شتەکانی دیکەش وەک بوونی دەستی سواڵکەرێ بە شار و پرچی کچێک بە رەشماڵ و دڵێکی شکاو بە ئێوارەیەکی پاییز.. تاد. بەڵام پێچەوانەی ئەم حاڵەتە واتە بە شتبوونی مرۆڤ رەنگە لە شیعری کوردیدا شێوازێکی نوێتر بێ، ئەمەش حاڵەتێکە رەنگدانەوەشی لە شیعری کلاسیکیدا هەیە، نەک ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لەو دیمەنانەی کە ئەمڕۆ لە شیعردا بەرچاو دەکەون دیمەنی بە شتبوونی مرۆڤن.

لە (سرووش)دا حاڵەتی یەکەم بە زۆری دەبینرێ، واتە حاڵەتە ئاساییەکەی بە مرۆڤکردنی سروشت و دیمەن و شتەکان، بەڵام حاڵەتی دووەم بە شتبوونی مرۆڤ، دیسان ئەم حاڵەتەش دەبینرێ، کە ئەمەش کەمتر مامەڵەی قووڵی لەگەڵدا کراوە، نامۆبوونی شیعری کوردی لە نامۆبوون و نەبوونی ئەم دیاردەیە نییە، بەڵکو خودی ئەم دیارەدەیە لە شیعرەکانی (نالی و مەحوی و حاجی قادری کۆیی) و شاعیرانی کلاسیکیشدا بەرچاودەکەوێ، بەڵام شیعری نوێی کوردی کەمتر قووڵبوونەوەی لەم بوارەدا هەیە، لەلای چەندین شاعیرێکی وەک: (ئەنوەر قادر محەمەد و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس و جەمال غەمبار و محەمەد عومەر عوسمان) و شاعیری دیکەش ئەم شێوە مامەڵەکردنە دەبینرێ.

هەرچۆنێ بێت ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە دیاردەی بە شتبوونی مرۆڤ زیاتر گەڕانە بە دوای هاوشێوەکردنی دوو حاڵەت، یان دوو کاراکتەر، هاوبەرانبەرکردنی دوو دیاردەو دوو

دیمەن و دوو سەرچاوە، یەکەمیان خودی دیمەنەکەیەو دووەمیش هاوشێوەکردنێتی بە مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کە لەو بارودۆخە جەستەیی و نەفسیەدا دەژی، کە پێی دەوترێ بەراوردکاری. ئەم شێوەی دیمەنانە لای (سەباح رەنجدەر) شێوەیەکن لە هاوشێوەکردنی بەرانبەر و نابەرانبەر. بەرانبەر بەو مانایەی تۆ شتێک بکەی بە مرۆڤ کە رێگای تێ بچێ و شێوەیەک بێ لە کارەکتەرو فسیۆلۆژی مرۆڤ، دووەم نابەرانبەر واتە هاوشێوەکردنی مرۆڤ بە شتێک کە هیچ هاوبەرانبەریەک لە نێوانیاندا نەبێ.

نموونەکانی هاوبەرانبەری :

**(زیندوویی**

**مردوویی**

**باڵی بۆنخۆشی یەک بازن**

**زەمینی وشک**

**ئاسمانی بەباران**

**ئەوانیش باڵی بۆنخۆشی یەک بازن**

**باڵێک هێندەی دووگردی نوێژ دڵنیاو بڵندو بە پەیمان**

**تەنیایی ئەی قووڵترین ڕاستی بە هەموو زەمیندا تێپەڕە**

**با هەڵەی کرد هاتە ناو دارستان**

**دەستی ئاشنابوو بە ڕاشڵەقاندنی هێلکەی گەرمی ناو هێلانە)**

ئەگەر وردبوونەیەکی قووڵ لەم کۆپلە شیعرییە وردبینەوە، دەبینین، چەند دیمەنێکی نابەرانبەر بەرانبەر بە یەکتری وەستاون، وەک: (زیندووێتی، مردوویی، باڵ، زەمین، تەبایی) ئەمانە هەریەکەو سەر بە دنیاییەکی مرۆڤن، سەر بە هەست، گیان، جەستەن، بەڵام دەبن بە کاراکتەرێک، مامەڵەی شیعری لەگەڵ ئەمانەدا مامەڵەی هەست و رۆح و جەستە نییە، بەڵکو مامەڵەی بە مرۆڤبوونە، مامەڵەی بەرۆحبوونە، زیندوویی و مردوویی دوو شتی غەیبانی و نهێنی ئامێزان، بەڵام دەبنە باڵ کە باڵیش، سەرچاوەیەکە لە جەستە، بەشێکە لە گیان، بەشێکە لەرۆح، جا ئیتر رۆحی مرۆڤ بێت، یان رۆحی ئاژەڵ و پەلەوەر. لەولاشەوە زەوی و ئاسمانیش کە دوو نموونەی سروشتین دەبنە باڵ، واتە دەبن بە رۆح، لە حاڵەتی سروشتی بێ گیانەوە دەبنە حاڵەتی فسیۆلۆژی گیاندار.

کەواتە نا هاوبەرانبەریەک لە نێوان بەرۆحبوونی شتەکاندا هەیە، لە هەستەوە بۆ

جەستە، لە سروشتەوە بۆ جەستە، لە جەستەوە بۆ گیان، ئەمەش مەلەوانیکردنە لەناو ئارکیۆلۆژیەتی بیری بەرۆحبوونی شتەکان، واتە یەک بە یەکی پەردەکانی لێکدانەوە هەڵدەداتەوە، بەڵام بە مرۆڤبوونی شتەکان زۆرن، کە دەتوانین چەند نموونەیەک بهێنینەوە:

**(فریشتەیەکی ڕەخسیوی ساکار بە پێی کوتراو ڕادەکات**

**منداڵدان و کفن**

**لانک و گۆڕ**

**بێوچان بەدوایەوەن**

**ئاوی بەبەزەیی**

**گیای دڵڕەق)**

هەرهەمان ئەو هاوبەرانبەریە لێرەدا دەبێتە بەراوردکاری لە نێوان دوو شێوە بوون، بوونێکی خەیاڵی و پیرۆزئامێز بەرانبەر بە بوونێکی ئاسایی، پاشان لێرەدا بەمرۆڤبوونی شت دێتە ئاراوە، فریشتە دیوێکی دیکەی مرۆڤە، بۆیە وێناکردنی فریشتە لە سەر شێوەی مرۆڤ، ئەوەندە جێگای سەرسوڕمان نییە، بەڵکو گرنگییەکە لەوەدایە کە ئەم شێوە دیمەنە دووبارە دەبێتەوە، هەر لەوێوە دێینە سەر ئەوەی کە ئەمجارە منداڵدان و کفن و لانک و گۆڕیش دەبنە ڕۆحدارو دەڕۆن و ڕێدەکەن، ئەم بەراوردکاریە لێرەدا سیمبولئامێزەکەی لەوەدایە کە منداڵدان جێگای گەورەبوون و راکشانی منداڵە بە شێوەیەکی زیندوو، هەروەها لانکیش شێوەیەکی تری ئامادەبوونی زیندوویێتیە، بەڵام کفن و گۆڕ دوو نەگەتیفی تری منداڵدان و لانکن، ئاماژەن بە نەمان و وەستان، واتە ڕۆح وەستان لەوێدایە، بەرۆحبوونی منداڵدان و لانک بەرانبەرەکەی بە مەرگبوونی کفن و گۆڕە.

لە دێڕێکی تردا ڕێگا دەبێتە جادووباز، واتە ڕێگا لە ماتەریاڵێکی بەستەڵەک و بێڕۆحەوە دەبێتە کەس، کەسی جادووباز، کەسێک تەنیا شتێکی راکشاوی بێ گیان نییە، شتێکە ئەرکێکی زیندووانە ئەنجام دەدات، ئەمەش شێوەکە لە بە ڕۆحبوونی شتەکان، واتە شاعیر پێویستی بە جێگۆڕکێی هەیە، واتە گۆڕینی ئەرکی مرۆڤ بە شتە نامرۆییەکان، هەروەها ئەوەی شاعیر ناتوانێ، یان ناوێرێ، یان نایەوێ لە ڕێگای مرۆڤی راستەوخۆوە نیشانی بدا، پەنا دەباتە بەر خەسڵەتی بەلەجیاتیدانان، واتە هەوڵ دەدات، شێوەیەک لە هەستگۆڕینەوەو ویژدان گۆڕینەوە بە ئەنجام بگەیەنێت، لە نێوان مرۆڤ و شتەکانی تردا.

**(ڕێگا جادووبازە بە ئاوازی مارش و بزەی فێڵاوییەوە)**

هەر لەو ئاستەدا ناوەستین، هەندێ جار بەشتبوونی مرۆڤ دەچێتە ناو زاراوە

کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە، لە جێگایەکدا دەڵێت:

**(خانمی کەلەپوور داپیرەیەکی بە بەزەییە**

**دەفتەری تێبینییەکانی وەک پێویست رووناک نییە)**

خانمی کەلەپوور، ئافرەتێکە لە داوێنیدا چیرۆکی ئەو هەموو بەسەرهاتانەی هەڵگرتووە، کە باس لە چیرۆک و شیعرو گۆرانی و فۆلکلۆر دەکەن. لێرەدا بەخانمبوونی کەلەپوور واتە بەخانمبوونی شتێکە، کە خەسڵەتی مرۆڤ وەردەگرێ، واتە لە حاڵەتە مەعنەویەکەیەوە دەردەچێ و دەچێتە حاڵەتە مرۆییەکەیەوە.

**(تاسەی لووتکە**

**رازی لووتکە**

**وێڵی لووتکە**

**مەستی لووتکە)**

چوار حاڵەت کە تەنیا مرۆڤ و رۆحدارەکان تووشی دەبن، مەستی و رازو وێڵبوون و تاسە، خەسڵەتن بە رۆحدار دەبەخشرێن، بەڵام لێرەدا دەبنە بەشێک لە بوونی لووتکە، واتە بە شتبوونی مرۆڤ لێرەدا بە لووتکەبوونی مرۆڤە.

لەو بڕوایەدام یەکەمین و سەرەکیترین ئامرازەکانی شاعیر وشەیە، بە وشە ئەو گۆڕانکاریانە دەخاتە ڕوو کە دەربڕینی پێویستییە شیعریەکانین، بەڵام ئەوەی لای ئێمە و لای شیعری ئێمەدا هەیە کەمی وشەیە، کەمی زاراوە دەستەواژە شیعریەکانن، بەڵام زاراوەکانی بەرۆحبوون لەم شیعرەدا باڵی بەسەر بەمرۆڤبوونی شتەکاندا کێشاوە، بڕوانە ئەم بەراوردکاریانە:

(دەشتێکی ڕووت ـ نێچیری لاواز

ئاسمانی نائومێد ـ نێچیری لاواز

شینایی ئاسمان ـ پێغەمبەر)

بەهەرحاڵ لەسەرتاپای شیعرەکە ئەم بەرۆحبوون و بەمرۆڤبوون دەبینین، یان بە پێچەوانەوە بەمرۆڤبوونی شتەکان بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

**(خەم دەبێتە مرۆڤ**

**نەخۆش دەبێتە هەتاو**

**دیوار دەبێتە کابرایەکی پیر**

**شار مرۆڤێکی خۆڵاوی**

**باران ژنێکی شەرابی)**

یان بە پێچەوانەوە، بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

**مرۆڤێکی بریندار دەبێ بە سێبەری شکاوەی درەختێ**

**چیرۆکی مرۆڤ دەبێ بە خەون**

هەندێ کات نموونە مەعنەوی و چەمکەکانی زەمەن و سروشت و گەردوون خەسڵەتی ڕۆحدار و مرۆڤ وەردەگرن:

**هەندێ وردەکاری سرووش**

تەماح.-------> شەرمەزارە

درۆ.--------->سەرهەڵگرتووە

دەریا .-------> ئیرەیی دەکات

هەتاو----->دڵشکاوە

خاک.----->باوێشک دەدا

شەو.------> تینووە

ئاو.-----> دوو چاوی ڕۆشنی هەیە

ئارەزوو-----> دەرناکەوێ

چراتەلەکان-----> دوو چاوی سیخورمەن

باران------>بە پەنجە بلوورینەکانییەوە

بەرووی نەرمی خاکا

چەند زەربەیەک ئەوەشێنێ

لە (سرووش) جێگایەک هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ (ڕۆح) و (مرۆڤ) و (سروشت)، لە پاڵ ئەمەشدا جێگایەک هەیە بۆ تێئاخاندنی بڕێکی زۆر ئاژەڵ و باڵندەو کانزاو ماتەریاڵ. ئەو ئاژەڵانەی بەدیان دەکەین بریتین لە پەپوولەو ئەسپ و باز و گاو گورگ و کوللەو مشک و ماسی، هەروەها کانزاکانیش بریتین لە ئاسن و مس و کورسی پلاستیکی و قۆپچەی برۆنزی و مرواری و ئاوێنە و برۆنزو یاقووت و ئەڵماس و مەرجان و جامی زێڕ....تاد، سەروکاری ئەم شیعرە لەگەڵ ئەم هەموو زاراوەو نموونانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە جیهان و بنیادی ئەم شیعرە هەرچەندە لە بنیادێکی خەیاڵئامێزەوە دەڕوانێتە پەیوەندیەکانی نێوان

هەواڵنامەی کتێب

رۆح و بیرکردنەوەو پاگژی و بێگەردی و خەڵتان بوون لە بێ ویژدانیدا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لە دنیایەکی واقیعئامێزدا دەسووڕێتەوە، ئەو جیهانەی پەیوەندیەکان لە چوارچێوەی پەیوەندی بە شت و دیمەنەکانی دیکەوە دەبینێ، ئەو جیهانەی ژیان لە چوارچێوەی بوونە سروشتی و ئەنتۆلۆژی و بوونی گەردوونییەکەیەوە دەیبینێ، هەربۆیە پەیوەندی نێوان هەر هەموو ئەو بەشانە برێک لە پەیوەندی تایبەتن.

سرووش هەروا بە بێ مەبەست ئەو ناوی ئاژەڵ و ناوی کانزاکانی نەخستووەتە ناو پانتایی شیعرەکەیەوە، هەریەکەیان بۆ خۆیان پەیوەندیەکیان هەیە، ئەو پەیوەندیەش دەیانبەستێتەوە بە ئەرکێ کە شیعرەکە دیاری کردووە نەک خۆیان، جارێک باز پاڵەوانی گشت بەسەرهاتەکانە، جارێکیش کەسێکەو رووداوەکان بە دەوری ئەودا دەسووڕێنەوە، لەولاشەوە پەپوولە نموونەیەکە لە پشکنین و پاکیزەیی، نموونەیەکە بۆ دڵناسکی، ئەسپ دەبێتە سەرقافڵەچی و نموونەی جوانی ماسیەک ئاسوودەیی لەخۆ گرتووە، گا بە مووی کلکی تەم دەسڕێتەوە، مشک جلوبەرگ کون کون دەکات، کولله بەسەر خواندا دەپژمێ ماسی فوو بە کەڕەنا دەکات، گورگ کەسێکە لەبەردەرگا دانیشتووە. هەرپەیوەندیەک کە ناوی یەکێک لەو گیانلەبەرانەی تێدا هاتووە، پەیوەندیەکی

**سەباح رەنجدەر وەک "ت.س. ئلیەت" دەیەوێ لە دەریایەکدا ڕاو بکات کە نازانێ چ شتێک بە تۆڕەکەوە گیر دەبێ. ئەو هەموو وردەکاری و پەنا بردنە بەر هەڵبژاردنی وردەکاریەکان هەوڵە بۆ دۆزینەوەی مانایەک بۆ ژیان.**

هەواڵنامەی کتێب

سەقامگیرە لە نێوان هەموو دیمەنەکان، هەموو پەیوەندی نێوان شتە ئاساییەکان و ئەو ڕووداوانەی بەدەوری ئەم نموونانەدا ڕوو دەدەن.

نموونەی بەکارهێنانی هەر شتێک هەر ناوێک، یان دیمەنێ، یان زاراوەیە، یان تێماو ئاماژەیەک لە ناو سرووش دا مەبەستێکی لە پشتەوەیە، با بڕوانینە نموونەی بەکارهێنانی ئەو کانزایانە و تا بزانین لە چ ڕوانگەیەکەوە بەکارهاتوون و لە چ پەیوەندیەکدا سەقامگیر بوون، هەروەها چۆن ئەو پەیوەندیانە دیاری دەکەن کە سەرچاوەن بۆ پێکەوە گرێدانی هەموو بەسەرهات و ناوەندەکان، سرووش سەرەڕای ئەوەی سنوورێکی دیاریکراوی بۆ ژیان نییە، هەروەها بە پێی بۆچوونی فرانکو موریتی، شیعرێکی پێکهاتەیی گشتگیرە، کۆکەرەوەی هەموو پەیوەندیەکانە، لە بەرئەوەی باس لە هەموو شتێک دەکات، مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە، ئەفسانە، سیاسەت، جوگرافیاو سروشت و کانەکان.

تەپڵەی کانزایی (٤٣)، کورسی پلاستیکی (٤٣)، قۆپچەی برۆنزی (٤٣)، ناڵی بڕۆنز (٤٥)، پەنجەرەی ئاسن (٥٢)، کراسی زێڕین (٥٧)، جامی زێڕ (٦٠)، دەنکە چەو (٦٠)، دیارە ستوونی گێڕانەوە کە پێکهاتەی سەرەکی ئەم شیعرەیە، ستوونێکی بەرفراوانە لە سایەیدا بڕێکی زۆر وێنەی هەمەچەشن هەن، ئەو ستوونە هاوبەرانبەرە لەگەڵ ئاسۆیەکی پڕ لە نهێنی و شاراوەو ناوو نموونەی ڕۆح و بێ ڕۆح. لێرەدا (سەباح رەنجدەر) وەک (ت.س. ئلیەت) دەیەوێ لەو هەموو نەزۆکی و بێ سەروبەریەی کە مێژووی مرۆڤی هاوچەرخ پێیدا تێپەڕیوە هەندێ دەلالەت و مانا وەدەستەوە بدا، دەیەوێ لە دەریایەکدا ڕاو بکات کە نازانێ چ شتێک بە تۆڕەکەوە گیر دەبێ. ئەو هەموو وردەکاری و پەنا بردنە بەر هەڵبژاردنی وردەکاریەکان هەوڵە بۆ دۆزینەوەی مانایەک بۆ ژیان. هەوڵە بۆ دۆزینەوەی زمانێک بۆ بیرکردنەوەو لێکدانەوەی هارمۆنی شیعری.

لەم هەموو وردەکاریەدا تەوەری ماناو بەهای شیعری مەبەستێکی سەرەکییە کە ڕێڕەوی شیعرەکە دەیەوێ پێشکەشی بکات. دیارە سەرچاوەکان، لە زمان و پێکهاتەی زمانی ئەم شیعرەو لە بەکارهێنانی وردەکاریەکانی زمان هەوڵی ئەوە دەدەن تا تەسبیحێک دروست بکەن کە دانەکانی هەریەکەو لە ڕەگەزێک و سروشتێکی تایبەتەوە هاتبێت، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان کرد شێوەی بەکارهێنانی ناو و خەسڵەتەکانی ناوو زاراوەکان بۆ ئەوەیە تا بزانرێ ماناکان بەرەو چ بەهایەک دەڕۆن.

لەم شیعرەدا جیاوازیەکانی نێوان سەرچاوەی نیشانەو سەرچاوەی مەبەستەکانی نیشانە جیاوازیەکی مەجازیە، باز، ماسی، پەپوولە، نیشانەی دووبارەبوونەوەی شکۆو

حەزو پاکییە. (کەواتە بۆ دەستنیشانکردنی مانا بە شێوەیەکی پەتی، پێویستمان بە ڕێبازی کردەی جیاکاری نێوان کردارە بەدەستهاتووەکانە، نەک تەنیا لە ڕێگای هێزی بەدەستهاتووەوە، بەڵکو لە ڕێگای ناوەڕۆکی مەسەلەوە). هەر بۆیە پێم وایە لە (سرووش) دا پەیوەندیەکان شێوەیەکی زمانەوانی پتەویان هەیە، درامای شیعری لە ناو ئەو بەسەرهاتەی سرووش دەست پێ دەکات. هەندێ جار کار دەکاتە سەر تواناکانی هارمۆنی و مۆسیقای شیعری، بەڵام نابنە هۆی تێکشکانی ئەو ریتمەی خودی شیعر نەخشەی بۆ کێشاوە، بۆیە مانای وشەکان ئەو مانایەن کە فیتگنشتاین پێی دەڵێ:( مانای وشە لە شێوەی بەکارهێنانی) هەروەها فینشگتاین لە زماندا (داوامان لێ دەکات کە لە مانای وشە نەپرسین، بەڵکو پرسیار لە بەکارهێنانی بکەین). ئەگەر بەدوای وردەکاریەکانی نێوان ئەم شیعرە بگەڕێین، دەبینین چەندین گەڕانی ورد هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەش هەیە کە هەر دێڕێک لەم شیعرە درێژە مۆسیقایەکە، سەمفۆنیاکەو توانایەکی تایبەتی هەیە و توانای گەورە هەڵدەگرێ، لە ئاگری پیس نەبووی ناو دێڕەکانی سرووش دا بۆنی بەرزبوونەوەی گەرمی دەکەین، هەروەها شێوەی پەیوەندیەکان بە سێ قۆناخدا تێدەپەڕێ، قۆناخی یەکەم: دەستپێکردنێکە لە سەرکەوتن دەچێ، لە پێدەشتێکەوە بۆ لاپاڵی گردو پاشان بەرەو سەرتەپۆڵکەو پاشان بەرەو ناوقەدی چیایەک و سەرکەوتن بۆ سەر لووتکەی چیا، قۆناغی دووەم: واز لە سەرکەوتن و بەسەرهاتی سەرکەوتن دەهێنێ و لەو ڕێڕەوەدا بیر لە گیاو گوڵ و مێروولەو گیانداران دەکاتەوە، قۆناغی سێیەم: لەگەڵ ئەو یادوەریانەدا دەدوێ لەنیوە ڕێگاو سەرلووتکەکاندا بوون بە هاوڕێی. ئەمە بە شێوەیەکی مەجازی بەسەرهات و ڕووداوی ناو (سرووش)ە بە هەموو پێکهاتووەکانییەوە. ئەوەی گرنگە تێبینی بکەین ئەو وردە کاری و تێبینیانەی سەرتاپای ئەم شیعرەی لەخۆی گرتووە، چیرۆک و بەسەرهاتەکانی نییە، بەڵکو چڕوپڕی توانا شیعریەکانە، تیۆدۆرۆف وتەنی: ئەو زمانەی ئەدەب بەکاری دێنێ زمانێکی تەنک نییە، بەڵکو زمانێکی چڕوپڕە، شیعریش وەک بەشێکی ئەدەب، دەبێ ئەو چڕوپڕیەی تێدابێ، ئەم چڕوپڕیە لە ناو سرووشدا بەدی دەکەین وچریکەی حەزەکانی سرووش لە تێگەیشتنی مانای هەناسەساردی حەسرەتەکانێتی.

**شوباتی ٢٠٠٨ هۆڵەندا**

سەرچاوە:


سەباح رەنجدەر، خەون وا خۆی گێڕایەوە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٤ چاپی یەکەم .

عبدالمجید جحفة ـ مدخل الی الدلالة الحدیثة، دارالتوبقال للنشر ٢٠٠٠ .

کەژاڵ ئیبراهیم خدر:

# هەمیشە بیر لە قەڵەمەکەم دەکەمەوە کە چی بنووسم تاوەکو ئەو گەڵا و درەخت و سەوزاییە تێر ئاو بکەم کە خەریکە بەرەو وشکبوون و کاڵبوونەوە دەچێت



سازدانی: چنوور نامیق حەسەن

زۆر قسە هەیە دەربارەی ناخی ئافرەت دەگوترێت، چەندیان لە جێی خۆیدایە، چەندیان رەنگدانەوەی ئەو کارتێکەرە سلبیانەن. کە کاریان لە دەروونی بەرامبەریان کردووە و دواتریش وشەیەک یاخود ئاماژەیەکی گشتگیریی سەرتاپای لێوە چێ کردووە لەسەر ئافرەت، گەر نیچە ئافرەتێکی میهرەبان لە ژیانیدا بووایە. هەرگیز نەیدەوت کە چوونە لای ئافرەت قامچیتان بیر نەچێ. کە فروغ خۆی دەداتە دەم سەرکێشیی خەیاڵەوە، لەو مەملەکەتەدا هەست بە تەنهایی دەکات و دەڵێ باوەڕ بێنن بە سەرەتای وەرزێکی سارد، بۆیە دەبوو یا ئەو رۆحە سەرکێشە بمرێنێ یا پەروێز غەریب و قەلەندەر جێ بهێڵێ.. ماوەیەکە قەڵەمی ئافرەتی کوردیشە بوونی هەیە بەو مانایەی لە ناو ستاتیکا و میهری

دانەوە دەتوانین فەزایەکی نادیار پڕ لە ئەفسوون و جوانی و یوتۆپیا ببینین و بخوێنینەوە، کە ڕەنگدانەوەی ژیان و ئەو جوغزەیە کە ئافرەت خۆی ئەو کۆد و ئاماژانە دەکاتەوە. گەر لەتیف هەڵمەت وتەنی چوونە ناومانگ ئاسانتر بێ وەک چوونە ناو دڵی ژن، بەدیوەکەی تردا واتە شوێنێک هەیە درەوشاوە و تریفەی تێدایە، بەڵام گرینگە و ڕاستی و خۆشەویستی ڕاستەقینە دەتوانێ ئەو سنووقە پڕ لە نهێنی و جوانی و میهرەبانییە بکاتەوە. یەکێک لەو دنیا جەنجاڵ و پڕ سەراسیمە جوانانەی شیعر، قەڵەمێکی جوان و پڕ ڕەونەقی ئاماژە و نهێنی و گەمە بەردەوامەکانی ژیانە کەژاڵ خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە لە ڕەونەقی وشە و تریفەی ماناکان و ئاماژەی پەنچەکان و هەندێک گەمەی سیحری شیعری. بۆیە هەندێ پرسیارمان ئاراستە کرد.

**ئەوکاتەی شیعر دەنووسم خەمی هەموو نیشتمان و منداڵێکی چەوساوە وەک یەک دەبینم بۆیە دەتوانم لەو ڕێگەیەوە گوزارشت لە شیعر بکەم**

*** چ شتێکی حازرت هەیە کە تۆ شیعری پێ دەنووسیت؟**

– شاعیر هەمیشە لە خەیاڵ و بیرکردنەوە و ئەندێشەی خۆیدا دەژی، ئەو بەتەنها خەمی خۆی نەکردۆتە پێوەرێک؟ ئەو هەموو خەم و ئازارەکانی نیشتمانی بەبێ جیاوازی ڕەگەز لەکۆڵ ناوە بۆیە شیعری کردۆتە پەناگەیەک کە ئارامی ببەخشێتە دڵ و دەروونی! هەر ئەو خەیاڵ و سۆزەشە کە وای کردووە زەمەن لە نێو لەپی قەڵەمەکەیدا ڕابگرێت. ئەوە تەنها شیعرە کە بەرگێکی سپی وەک ئاوریشم دەکاتە ملوانکەیەک تاکو بەگەردنیاندا هەڵی واسن. من ئەو کاتەی کە شیعر دەبێتە باخچەیەک لە گوڵ و بۆن بەعەقڵمەوە دەکات، هەمیشە بیر لە قەڵەمەکەم

**ئەوانەی کە دەنووسن ئەو مافەیان پێ ڕەوا دەبینرێت کە هەناسەکانی خۆیان هەر چەندێک بێت پێشکەش بکەن**

کتێبخانەی ئەنفال

**کاتێک شیعری شاعیرێک دەخوێنمەوە، ئەوەندە هەستم لای شعرەکەیە، ئەوەندە بەلای شاعیرەکەدا ناڕوات**

دەکەمەوە کە چی بنووسم تاکو ئەو گەڵا و درەخت و سەوزاییە تێر ئاو بکەم کە خەریکە بەرەو وشکبوون و کاڵبوونەوە دەچێت. هەمیشە بیرم بۆ باوەشی خەم و ئازاری کەسە تەنها و گۆشەگیرەکان کردۆتەوە کە لەچاو دڵ و دەروونیاندا چەوسانەوە و ئازار دەبینرێت. بۆیە کاتێک شیعر دەبێتە میوانم دەبێت وەکو کۆرپەیەکی خۆم باوەشی بۆ بگرمەوە و خزمەتی بکەم.

من کاتێک لەگەڵ شیعر دەدوێم، دەبمە ئەوکەسە بیرفراوانە و دڵنەرمەی کە فکر و ڕۆشنبیری بۆتە شەوچەرەی. تاکو ئەو کەرەسەیە دەبێتە دەربڕینی شیعرێک. ئەوکاتەشی شیعر دەنووسم خەمی هەموو نیشتمان و منداڵێکی چەوساوە وەک یەک دەبینم بۆیە دەتوانم لەو ڕێگەیەوە گوزارشت لە شیعر بکەم.

*** بە کام شیعری ئەو شاعیرانە سەرمەستی کە ئێستاکە لە نێوەندەکە و بزووتنەوەکەدان؟**

– ئەدەب خۆی جیهانێکی سەراسیمەیە لە گۆرانی و لە جوانی، نابێت ڕووە جوانەکەی دزێو و ناشیرینی بکەین، لە هەمووشیان جوانتر ئەو وشە ئارامبەخشانەیە کە لە دڵ و دەروونی شاعیرەکان ڕاشکاوانە بێ هیچ ڕتوشێک دێنە دەرەوە و دەتوانن تێکستی نوێی پێ بنووسین. بۆ شیعر نووسین هەر شاعیرە و ڕێچکەی تایبەتی خۆی هەیە، کە خەونە هەمیشەییەکانی تێدا بێنێتە دی. بۆیە ئەوانەی کە دەنووسن ئەو مافەیان پێ رەوا دەبینرێت کە هەناسەکانی خۆیان هەر چەندێک بێت پێشکەش بکەن. سەرمەستی و خەیاڵی من زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێک شیعرێکی جوان کە بێبەش

**ئەو شیعرانە هەڵدەبژێرم کە شاعیرەکانیان توانیویانە باخچەیەک لە خۆشەویستی بەرهەم بێنن**

نییە لە کارەسات و ڕووداوی جەرگبڕ و خەمی منداڵ و ئازاری نیشتمان، کاتێکیش دوورکەوتنەوەی هەست و هۆشی کیژ و لاوێکی خێر لەخۆ نەدیو دەخوێنمەوە کە تووشی چ ئەندێشە و ئازار و ناسۆرییەک هاتوون بەدەست کۆمەڵگەوە ئەوکاتە شیعر لەدایک دەبێت، کاتێکیش شیعری شاعێرێک دەخوێنمەوە ئەوەندە هەستم لای شیعرەکەیە ئەوەندە بەلای شاعیرەکەدا ناڕوات بۆیە ئەگەر بەدەست من بێت و ڕاپرسییەک ئەنجام بدەم لەم زەمەنەدا. کە شیعر زیاتر دەور و کاریگەری بینیوە، ئەو شیعرانە هەڵدەبژێرم کە شاعیرەکانیان توانیویانە باخچەیەک لە خۆشەویستی بەرهەم بێنن. زۆر لەو شاعیرانەی کە شیعر دەنووسن، من ناتوانم هەموویان پۆلێن بکەم چونکە ئەوە کاری ڕەخنەگرە، بەڵام لە هەموویان سەرسامتر بەو شاعیرانەی کە لە نێوەندەکەدا دەستی باڵایان هەیە و بوونەتە کولتوورێک بۆ ئێمەی نەوەی نوێ ئەوا ئەم بەڕێزانەن. (شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلی زادە جەمال غەمبار... هتد) لە شاعیرە ژنەکانیش (شیرین ک و ڕۆژ هەڵەبجەیی) و چەند قەڵەمێکی ژنی تر دەبینم کە بە هەستی ژنانە دەنووسن و ڕێچکەی تایبەتی خۆیان هەیە کە مایەی خۆشەویستی و ڕێزی کۆمەڵگەکەن کە کاروانێک وشەی جوانیان کردۆتە گەردانە و ملوانکە بۆ ئێمە.



*** کەی واز لە شیعر نووسین دێنی، شیعر نووسین ئیدمانە، خەمە، یا؟**

نووسین پرۆسەیەکی هەمیشەییە لە ناو دڵ و دەروون و ڕۆحتدا وەکو منداڵێک باوەشی بۆ کردوویتەوە. بۆیە وازهێنان لە نووسین وەک وەرینی گەڵا و وشکبوونی کانی و چۆڵکردنی سەنگەرێکە، شیعر نووسین لەگەڵ ئەوەی بەخشش و بەهرەیەکە لەمێشکمدا دەسووڕێتەوە، بەڵام حیکایەتی وازهێنانەکەی پەیوەستە بەو ڕۆشنبیرییەی کە هەیە، کاتێک هوشیاری و ڕۆشنبیری و خوێندنەوەت پاشخانێکی نەدا بەدەستەوە ئەو دوورکەوتنەوە ئاساییە. کە هەر چەندە ئێستاکە خەمی نان و بار و گوزەران و بژێوی ژیان وای کردووە کە زیاتر ئەو خەمانە بڕەخسێن نەک شیعر نووسین، بەڵام ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە نەتوانین خزمەت بە ڕەوشی ئەدەبی کوردی بکەن. چونکە زەمەنەکە ئەوەندە ناشیرین و هەستیار بووە کە بیر لە گریانی منداڵێک و خەمی دراوسێیەک و دەست پانکردنەوەی هەژارێک و دایکی شەهیدێک نەخورێت، ئینجا چ جای نووسین، من نووسین بە پرۆسەیەکی ڕۆحی خۆمی دەزانم لەو ڕێگەیەشەوە شیعرم هەڵبژاردووە و بۆتە ڕەوینەوەی خەمەکانم هەر کاتێک من و شیعر تووشی پاشەکشە و دەست لێبەردان هاتین ئەوکاتە ئەو ئیدمانەی کە هەمە بەرامبەری ماڵئاوایی لێک دەکەین و ئیتر پەنجەکانم ئاوێزانی شیعر ناکەم.

*** گەڕانەوە بۆ منداڵی، پەیوەندی و ئاماژەی پەنجەکان زۆر بەکار دەبرێن لە شیعرەکانت ئەمە، دەگەڕێتەوە بۆچی ؟**

هەموومان بە قۆناغی ناسکی منداڵیدا گوزەرمان کردووە، ئەو ئازارانەشمان لە بیرکردنەوە لە ڕابردوودا هاتۆتە پێش چاو، کەم کەس هەیە زەمەنی منداڵی خۆی بیرچووبێتەوە کە بەچ شێوەیەک گۆش کراوە و گەورە بووە و هاتۆتە دنیاوە. کە بە بڕوای من هەمووی خەم و ناخۆشی و نەبوونی و دەردەسەری بڕاوە بەباڵایدا. بەتایبەتی ئەو قۆناغە ناسک و هەستیارەی کە بەردەوام گڕوگاڵمان کردووە و بۆ زۆربەی شتەکانیش گریاوین، تاکو وەکو بەخشندەیەک پێمان بدرێت. دیارە داواکردنی کەرەسەکانی منداڵیش لە کاتێکدا نەبوونی و هەژاری ڕووی لە زۆرێک لە ماڵەکان کردووە، بەپێی پێویست نەتوانراوە دەستەبەریی زۆربەی کەرەسەکانمان بۆ بکرێت، بۆیە زۆر جاران ئاماژەی دایک و باوک و برا و خوشکەکانم، کە لە خۆم گەورەتربوون پەنجەکانیان کردووە بە نیشانەی پرسیار و ڕایان وەشاندووە و ترسیان پێ ئاشنا کردووم. بۆیە ئێستا هەر ئەو پەنجانەن لەیەک ساتدا دەتوانن تەوقەی شادیش بکەن و چەپکێک گوڵیش ببەخشن و سۆزێکیش بەسەر ڕوخساری منداڵێکی هەژاردا ببەخشن. لە هەمانکاتیشدا هەر ئەو پەنجانەن فیشەک دەتەقێنن و خوێن دەڕژێنن و مۆری خیانەتی پێ دەکەن. بۆیە هەموو ئەو

**ژن شیعرە و چۆڕاوگەی ناسکی و جوانی لێ دەتکێ ؟**

بیرەوەریانەیە لە کاتی منداڵیمدا ڕەنگی داوەتەوە، منداڵەکانیشم کە جگەرگۆشەمن کاتێک داوای شتێکیان لێ کردووم ڕابردووی خۆمم هاتۆتە پێش چاو کە دەبێت جیاوازتر لە دوێنێ بۆیان دابین بکەم بۆیە ئەو پەنجانەم کردووە بە بەخشندەیەک تاکو ئازار نەخۆن.

*** بەردەوام قسە لەسەر ئەدەبی ژنان دەکرێت، شتێک هەیە بەناوی ئەدەبی ژنانەوە؟ ئەگەر هەیە کامانەن ڕەگەزەکانی ئەو ئەدەبە؟**

ئەدەب خۆی بەشێکە لە خزمەتکردن و ماڵێکە بۆ کۆکردنەوەی خەمی هەموومان، هەر ئەدەبە جوانی دەبەخشێت و دنیایەک خۆشەویستیمان دەداتێ. لە ئەدەبدا زۆر جاران شێوەی تەعبیرکردن لە نووسین جیاوازی بەخۆیەوە دەبینێت. زمانی شیعری ژن وەکو خۆی ناسکە کاتێک شیعرێک بڵاو دەکاتەوە. ئەو زمانە ئەوەندە هەست و نەست و جوانی تێدایە کە سەرنجی زۆرێک لە خەڵکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. بۆیە من هەرگیز پێناسەیەک نادۆزمەوە بۆ ئەو بەردەوامییەی کە قسە لەسەر ئەدەبی ژنان دەکرێت. تۆ وەرە شیعرێک بنووسە بەناوی کوڕێکەوە کە لە بنەڕەتدا ژنێک نووسیویەتی ئەم شیعرە چۆن جیا دەکەیتەوە. هەموو شتێک گوزارشت لە شێوەی بەکارهێنانی خۆی دەکات؟ تەنیا ئەدەبە ئەو جیاوازییە ناهێڵێت. من هەرگیز شیعر نووسین چ پیاو چی ژن کە دەینووسێت بە جیاوازی نازانم تەنیا ئەوە زمانی نووسینە پێمان دەڵێت (شیعری ژن و ئەدەبەکەی) ئەوەندە ڕقاوی نییە کە کاتێک ڕۆشنایی دەبینێت. بۆیە من لە لای خۆمەوە ئەو ڕایە وا لێک

**ئێمەی ژن ئێستا تەنها لەسەر ڕۆخی ڕووبار و ناو دەریایەکی بێ بن داین و نەمانتوانیوە خۆمان بنووسینەوە**

هەواڵنامەی کتێب

دەدەمەوە کە لێرەشەوە پیاوسالاری بۆتە دیاردەیەک بە ڕۆحماندا چۆتە خوارەوە و هەموو شتێک بۆ ئەو بالآیە و بۆ ئێمەش کارەسات. ئەگەر شیعر ئەو جیهانە بێ ئەندازە جوانە و ژنیش بەشێک نەبووایە لەو جیهانە بەرفراوانە ئەوە هەرگیز شیعر لەدایک نەدەبوو. بۆیە ژن شیعرە و چۆڕاوگەی ناسکی و جوانی لێ دەتکێ.

*** دەگوترێت ژن بۆ خۆی قەسیدەیەکی نەنووسراوە پێویستی بەکردنەوەیەکی کۆد و ئاماژەکان هەیە بە بڕوای ئێوە ئەو پیاوانە کێن کۆد و ئاماژەکانی ژن دەزانن و دەیکەنەوە و دەینووسن؟**

– جارێ ژن بۆخۆی بوونەوەرێکە هەست ناسک، سروشتی قسەکردن و ئاخاوتنی جیاوازە لە پیاو، جوانییەکەشی لەولاوە بوەستێت کە چ ئیلهامێکی کۆمەڵگەیە و چیش دەخولْقێنێ. من دەپرسم کێن ئەو شاعیرانەی کە لەم مەیدانەدا دەبینرێن، ڕۆژانێک شیعریان بۆ ڕووی ناشیرینی ژنێک نووسیوە. ژن کانگەی خەیاڵ و بیر و ئەندێشەیە، ناسکی و جوانی ئەو هەمیشە دەروازەیەک بووە بۆ قسەکردن و شیعر نووسین. دەکرێت لێرەوە ئەو قەسیدە تەواوکراوە بدوێنرێت کەچی بۆ ژن هۆنیوەتەوە. دیاریشە ژن بۆخۆی بۆتە ئامانجێک کە زۆربەی شاعیرەکان خەم و خەیاڵی ناوەوەی خۆیانی پێ دەڕەوێننەوە. ئەم پرسیارەش کۆمەڵێک پرسیار هەڵدەگرێت کەلێی بدوێین. دەبێت بپرسین بۆچی شاعیرەکان شیعر بۆ ژنەکانی خۆیان نانووسن و ڕووی خۆیان وەرگێڕاوەتە ناخی ژنێکی تر؟ ئەگەر هەموو ئەم خەمانەی هەیە بۆ نایەن بە دەربڕینێکی تر ناخی خۆیان بەتاڵ بکەنەوە تەنها ڕوودەکەنە ژنێکی بێ ئاگا لەوەی کەشیعری بۆ نووسراوە. ئەوە ئەو پیاوانەن کە هەمیشە سۆز و ئارەزوویان بۆتە سێبەرێک بەدوای ژنانەوە.

بۆیە ئەگەر ژنیش ئەو بوونەوەرە جوانە نەبووایە هەرگیز شیعر لەدایک نەدەبوو.

*** پیاو دەتوانێت ژن بنووسێتەوە یان بەپێچەوانەوە؟**

ئەی ژن بۆ پیاو نەنووسێتەوە؟ سەرەڕای هاوبەشی و تێکەڵاوی و پێکەوەژیانی هاوسەرگیری. دەبینیت کە چ دۆزەخێک بۆ ژن داخراوە. تۆ ئێستا تەماشاکە زۆربەی پیاوەکان لە ناخیاندا چ شەڕانگێزییەک دەخولْقێنن. ئەوان خاوەن بڕیاری هەموو شتێکن و بەرپرسیارن لەو کارەساتانەی کە بەسەر کۆمەڵگەکەماندا هاتووە. هەرچی شەڕ و ناخۆشی هەیە ئەوان بەرپای دەکەن. ئەگەر ئەوان نەبن خیانەت و کوشتن و توندوتیژی بۆ ڕوو دەدات. ئەگەر ئەوانە نەبن ئەم کۆمەڵگەیە بۆ وێران دەبێت خۆ ئەوان یەکسانییان کردووە بە پێوەر و دەیانەوێت جیاوازییەکان بسڕنەوە. گفتوگۆ و قسەکردن و دانیشتنەکان ڕوو لە

پیاوانە نەک ژن. بڕیاربەدەستیتش هەر ئەوانن. ئێمەی ژن سەرەڕای نەهامەتییەکان کە ڕۆژانە بە ئیشوکار و گیروگرفتی ماڵ و منداڵەوە ماندوو خەریکین دەتوانین باجی زیاتریش بدەین. سەرەڕای ناشیرینکردنمان لە کۆمەڵگەدا، ئەگەر تەماشای بەرهەمی زۆربەی شاعیر و نووسەرە ژنەکان بکەیت، دەبینیت چۆن لە ئاکامی خراپ مامەڵە و چەوسانەوە و ئەو کابوسە دەکەن کە ڕۆژانە ڕووبەڕوویان بۆتەوە، بۆیە دەکرێت سەرەڕای هەماهەنگی تەواوکەری یەکتری؟ ئێمەی ژنیش بە پەنجەی دەستمان و قەڵەمەکانمان، چی دیاردە و وێنەیەکی ناشیرین و ڕوخساری دزێوی پیاو هەیە نیشانی بدەین. بەڵام هەڵگرتنی مافێک کە کۆمان دەکاتەوە وا دەکات کە هەرگیز بیر لە داشۆرینی پیاو نەکەینەوە و خزمەتی یەکتری بکەین باشترە لەوەی وێنای دزێو بدەین بەدەستەوە.

*** فرە دەنگ و ڕەهەندی زۆر و تەئویلی جیاواز، ڕەگەزگەلێکی ئێستای قەسیدەیە، ئێوە چۆن کار دەکەن و دەکەونە ڕۆخی چ شەپۆلێکەوە.**

– جارێ چۆن ئەدەب بۆتە دوورگەیەکی هەمیشە زیندوو، کە وەک شەپۆلی دەریا وایە و نیشتمانیشی بەجوانی لە ئامێز گرتووە. ئێمەی ژنیش ڕەنگە بکەوینە ناو ئەو شەپۆلی دەریا فراوانە، ڕەنگە تووشی خنکان و دەربازبوونیش ببین. ئەگەر تەماشای نێوەند و ڕەوشی ئەدەبی کوردی بکەین چەندەها شاعیر و نووسەری ژن بەدیار کەوتوون هەریەکەیان بەجۆرێک لە ئاخاوتن و زامەکانی خۆی و کۆمەڵگە دەدوێت. ئێمەش دەتوانین ڕەخنە بگرین، بەڵام کێ پاڵپشتمان دەکات و ورد دەبێتەوە لەو هەنگاوانەی دەمانەوێت درێژەی پێ بدەین. لێرەوەیە زۆربەی ناوەندەکان لە لایەن دەنگە پیاوەکانەوە داگیر کراون هەرئەوانن بوونەتە سێبەرێکی هەمیشەیی بەدوامانەوەن. ئەگینا جیاوازی چییە لە نێوانمان، هەرهەموومان دایک و باوکێک پەروەردەی کردووین ئەوە زەمەنی نەگریسە ئێمە دەبەستێتەوە و ناهێڵێت ئەو خەیاڵەی کە هەیە ببێتە ترۆپک و چرۆ بکات.

ئێمەی ژن ئێستا تەنها لەسەر ڕۆخی ڕووبارو ناو دەریایەکی بێ بن داین و نەمانتوانیوە خۆمان بنووسینەوە. بگرە زۆرجارانیش بیرکردنەوە و جۆری هەڵسوکەوت و خۆڕازاندنەوە و کەم ئەزموونی بەشێک لە ژنان و ناهوشیاری و ڕۆشنبیرییان وای کردووە کە ئەم شەپۆلە مەنگ بوەستێت و بەملاو بەولا پەرش و بڵاو نەبێت. بۆیە دەکرێت بۆ هەنگاونان و بڕینی ئەو سانسۆر و تەلیسمەی کە هەیە چالاکانە لێکدانەوەی وردی بۆ بکەین تاکو ئەو فرە دەنگییەی کە هەیە ئێمەش بگرێتەوە و بەیەکەوە ڕۆحی یەکتری جوان بکەین و هەڵگری پەیامێک بین کە بەیانیمان بۆ جوانتر بکات. تاکو لە دوامەنزڵدا بەجێ نەمێنین.

هزر



نەجات حەمید ئەحمەد

# شوێن و مانەوە
# شوێن و ئەودیوی شوێن

Bawagorgor @yahoo.com


شوێن بەلایەنی بوونی بەرجەستەیی مرۆڤ و نابەرجەستە بوونی هەر بوونێکەوە هەمان شوێن و هەمان کاریگەرییە، ئەمەش ئەوە. دەگەیێنێ دووبنیات لە گەردووندا خۆیان لە بووندا دەچەسپێنن بوونی بەرجەستەیی و بوونی نا بەرجەستەیی، تیۆری «بیگ بانگ» واتە تەقینەوەی گەورە لەسەر بناغەی پێک داهاتنی دوو بووندا دامەزراوە، کە خاڵی بەیەک گەیشتنەوەیان بە دوو جووڵەی جیاواز لەلایەکەوە بوون دەخولقێنێ، پێچەوانەی ئەویش بوون دەسڕێتەوە. پێکهاتەکانی هەموو مادەکانی بوون کە لەیەک ڕەگەزی کاربۆنی پێک دێت، هەموو هێزی خۆڵقان و سڕینەوە و نەمانیان تێدایە بۆ شێوەی بەرجەستەیی جیاواز و بۆ سڕینەوەی کۆتایی، کەواتە لێرەدا تووشی حاڵەتێک لە بوون دەبینەوە، کە بوونێکی ڕاگیراو و وەستاوە بەڵام لە ناوەوەی خۆیدا هێزی لە ناوبردنی خۆی هەڵدەگرێ و دەیشارێتەوە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ

بوونێک کە لە گەورەیی و فراوانبوونەوەی بەردەوامیدا سنووری خەیاڵ تێپەڕ دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا خاڵی یا گەیشتن بە خاڵی لە ناوچوونی هەرچەندە زانست تاکو ئەمڕۆ تێگەیشتنێکی ڕووتی لەلادا نییە بەڵام لە حاڵەتە شیاوەکانە و وەکو گریمانێک ڕێی تێ دەچێت، ئەم حاڵەتە لە ئایینەکاندا باسی زۆری کراوە کە لە وانەیە دیارترین وەسفی ئەو حاڵەتە لە قورئاندا بێت کە وشەی «صعقة» وەسف کراوە واتە تەوژمێک، تاسەیەکی سەدادار کە کۆتایی بە هەموو شتێک دێت. ناتوانین ئەم وێک گەیشتنەوەیەی ئایین و زانست وەکو دوو حاڵەتی وێک گونجاو لێک دەینەوە، بەڵام ئەوەی گرنگ و پڕبایەخە باس کردن لە کۆتایی بوون لە ئاییندا هەمیشە ئامادەیەو لە زانستیشدا وەکو گەریمان ئامادەیە پرسیاری کۆتاییش هەمیشە لەو هێزەیە کە حاڵەتی بوون دەگەێنێتە ئاستی کۆتایی خۆی. لێرەدا ئەمە بابەتی ئێمە نییە تەنها لەو گۆشەیەوە نەبێ کە ئاخۆ لەو دیوی بوونەوە چ بوونێکی دیکە بەرجەستە دەبێ کە بێگومان گەر وەکو گریمانێکیش ڕاست بێ بوونێکی دیکە هەبێ ئەوا ئەو بوونە بێگومان لە نا شوێندا نابێ، چونکە شوێن گەوهەری هەموو بووتەکانە و هەموو بوونێک گەر بوونی هەبێت ئەوا لە شوێندا دەبێت، جیاوازییەکان لەوێدا دەبن کە هێزی ئامادە بوونی بوونەکان لە ناوەوەی خۆیاندا هەڵیان دەگرن. مرۆڤ کاتێک لەناخەوە خۆی وەکو گەشتیارێکی کاتیی سەر ئەم زەمینەو ئەم شوێنە دادەنێ و لە ناخەوە باوەڕی وایە کە ئەم شوێنە، شوێنێک نییە بۆ جاویدانیی خۆی و داهاتووی، لە ناخەوە باوەڕ بەوە دێنێ کە پاش لەناوچوونی بەرەو شوێنی دیکە دەچێ و لە ناوەوە هیوایەکی مات بوو هەیە کە خەیاڵ و خولیای بەرەو ئەو شوێنە نادیارو نەزانراوە دەبات، هەمیشەش مرۆڤ چاوی لە دەرەوەی شوێنی خۆیەتی و بۆ تێر کردنی  ئەم مەیلە ناخەکییەی مرۆڤ هەموو هیواکانی بەرەو ئاسمان دەبات، لە خۆشی و ناخۆشیەکانی و لە هیواو خواستەکانی، لە گلەیی و تراکانی. فەلسەفەی نوێی ئەوروپا بەوە کۆتایی هات کە هەموو بوونەکانی مرۆڤی لە شوێندا بە زەوی بەستەوە، لە ناخەوە باوەڕی بەوە هێنا کە ئێرەیە، ئەم زەمینەیە، بوونی سەرەتایی و کۆتایی مرۆڤ، کە لەو دیوی ژیان و مردنەوە شتێک نیە، کە مرۆڤ بەرەو شوێنێکی دیکە ببات و بوونێکی دیکەی پێ ببەخشێ کە ئەم فەلسەفەیەش لە ڕستەی «ئێمە لە لایەن خوداوەندەوە جێ هێڵراین و بە تەنها لەم گەردوونە غەریبەدا ماینەوە، کەواتە ئێرەیە ئەم زەوییەیە هەموو داهاتوومان کە تێیدا دەمرین و لە دایک دەبینەوە». باوەڕی لەم جۆرە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ باوەڕە ئایینیەکاندا کاتێک هەوڵی هەموو زانینێک لە مرۆڤ دەسەنێتەوە تەنها دەسەڵاتی باوەڕی دەقەکان لەلایدا دەکاتە ڕاستییە

هەمیشەییەکان ئەگەر چی لە خاڵەکانی ئەم دوو تێڕوانینانەدا جیاوازیی گەورە هەیە، گرنک لێرەدا مرۆڤ پێشبینییەکی ئەوتۆی بۆ داهاتووی خۆی نییە جگە لە باوەڕ. ئەم ڕاستییە خۆی لە خۆیدا هۆکاری جۆرێک لە شڵەژانی فیکری و فەلسەفی و ئەفسانەییە، بەرامبەر بەو حاڵەتە بوونگەراییانەی کە بیری سۆفیگەری و سەنتەرە زانستییە جیاوازەکانی گەڕان بە دوای نهێنیەکانی بووندا دەینوێنن کە هەروەک بە بەڵگەی فەلسەفی و زانستیەوە، لە دەقی چەسپاو دەردەچن و مرۆڤ دەگەیێننە ئاستی گەورەتر و کراوەتر لە بووندا بە تایبەتی لە گواستنەوە شێوەگۆڕینی بوونی مرۆڤ و هاوبەشی کردنی لە نهێنیەکانی بوونی خۆیدا کە دەیسەلمێنن هێزێک هەیە کە مرۆڤ لەو قاڵبە دەستەمۆکراوەی خۆی دەهێڵێتەوە کە دەتوانین بە هێزی مانەوەو بەردەوامیدان لە شوێندا وەسفی بکەین، واتە لە ژیاندا دەبێ تەنها شوێنێک کە شوێنی هەموو پەرجووەکانی مرۆڤ بێت و کۆتایی و سەرەتای هەموو گەشتەکانی بێت، ئەوا ئەم زەوییە بە و بەس، ئیتر ژیانی دیکە و شوێنی دیکە پاش مردنی مرۆڤ دەست پێ دەکات، لەوکاتەی مرۆڤ وەکو مەیلێکی لەبن نەهاتووی خۆی هەمیشە چاوی لەو شوێنەیە کە لەم زەوییە ڕزگاری بکات و زەوی لەلایدا دەکاتە زیندانێک بۆ ژیان و مردن. مرۆڤ لە خەوندا فراوانترین گواستنەوەکانی مەیلی خۆی پراکتێک دەکات هەروەها لە ئەدەبیات و هونەریشدا. لە خەوندا مرۆڤ لە بیری داخراو و شاراوەی خۆیدا شوێنەکان لەلایدا ڕەنگاو ڕەنگ دەبن، جارێک لە بە هەشتێکی یاخود خاکێکی بێ نموونە لە جوانی و حەسانەوەی دەروونی و فیکریدا دەبینێ و جارێکی دیکەش شوێنی وا دەبینێ کە هاوشێوەی ئەو دۆزەخە نامۆیەیە کە لە خەیاڵی خۆشیدا ناتوانێ وێنەیەکی هاوشێوەی ئەو وێنانە بخولقێنێ، شوێنەکانی مرۆڤ لە خەوندا ئەگەر چی جیاواز و دژ بەیەکن، زۆر کەم لەو بیرە چەسپاوانەی ئاراستە کردن و ڕێنمایی کردن و گەلاڵەبوونی پەروەردەی کۆمەڵایەتیی خۆیان دەردەچن، کە لە نێوان خەون بە بەهەشت و دۆزە خەوە دابەش دەبن ئەو حاڵەتە کەمانەی مرۆڤ لەم دەسەڵاتە مێژووییەی خۆی ڕزگاری دەبێت لە بوونی ڕۆژانەی پاش خەوندا بیری مرۆڤ ناتوانێ بیخولقێنێ بە خەیاڵیش بیبنێ خەون ئەگەر چی ئازادبوونە لە هەموو دەسەڵاتە پەروەردەیی و فیکری و فەلسەفیەکان لە ناهۆشیاریی بیرکردنەوەدا، بەڵام زۆر دەگمەنە خەون مرۆڤ لە شوێن ئازاد بکات. تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێ کە ناهوشیاریی مرۆڤ لە خەوندا لە هەموو دەسەڵاتەکانی بوونی خۆی ئازاد بێت، کە ئەمەش زۆر دەگمەنە. لە ڕاستیدا ئەو دیوی شوێن لەلای مرۆڤدا پەیوەستە بە بوونی مرۆڤ لە شوێنی خۆیدا. باڵندەیەکی نێو قەفەس گەر ئازادیش بێت ناتوانێ لەو دیوی

قەفەسەکەیەوە لە شوێنێکی دیکە بژێت، دەشێ ئەم حاڵەتە لەلای مرۆڤدا لە فیکر و بیرکردنەوەدا هەمان گونجانی هەبێت، ئەمەش واقیعی بوونی مرۆڤە لەسەر زەوی کە ڕەنگدانەوەی پەروەردەی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئاینیی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام ئەم ڕەنگدانەوەیە و کاریگەرییەکانی لە ناخەوە ڕەت کراوەیە، بەوەی بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، بوونێکی داسەپاوە و ڕێکەوتێکی داسەپاویشە کە لە بیری هەرە قووڵی ناوەوەی خۆی جۆرێک لە ناڕازی بوون و نەویستن دەخولقێنێ. کەواتە هەموو ئەم دەرکەوتانەی ناوەوەی مرۆڤ بەڵگەیەکن بۆ ئەوەی گیرۆدەبوونی مرۆڤ بەو دیوی شوێنەوە، خەونی مرۆڤ بەو دیوی شوێنەوە لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەسەر ئەم خاکەدا لە دایک بووە کەوای لێ کردووە هەمیشە چاوی لە شوێنێکی دیکە بێت. لە زانستدا گەڕانی مرۆڤ بەرەو گەردوون کە توانایەکی زۆر و داهاتێکی زۆری مرۆڤی بۆ تەرخان کراوە، لە دوو ڕووی جیاوازەوەیە لەلایەکەوە گەڕانە بە دوای نهێنییەکانی شوێن و گەردوون لەلایەکی دیکەشەوە گەڕانە بە دوای شوێنێکی دیکەوە کە هەڵگری هەمان شوناسە زانستیەکانی بوونی شوێن بێ لەسەر ئەم زەوییە ئەو دیوی شوێن ئەو دیوی هیواکانی مرۆڤە، خواستە هەرە قووڵەکانیەتی بۆ لە ناوبردنی کۆتایی هاتنی مرۆڤ بە مردن، هیواخواستن بە ژیانێکی دیکە... ئەم خەون و خواستانەی مرۆڤ لە ناخەوە دەیهەژێنن لە ناخەوە بەرەو خەیاڵی ئەو دیوی شوێنەوەی دەبەن کەواتە مرۆڤ هەمیشە لە ژیانی خۆی لەسەر زەوی کاردنەوەی هەیە کە زۆر ناخەکین زۆر شاراوە و بزرن هەربۆیە ستوونە گەورەکانی

**باڵندەیەکی نێو قەفەس گەر ئازادیش بێت ناتوانێ لەو دیوی قەفەسەکەیەوە لە شوێنێکی دیکە بژێت، دەشێ ئەم حاڵەتە لەلای مرۆڤدا لە فیکر و بیرکردنەوەدا هەمان گونجانی هەبێت**



شارستانێتێکان نەخشەکانی سەر زەوی بازنە و کەوانەکان، ئەهرامەکان بەخت و خشتەکانی کات پەیوەست کراون بە ئەستێرەکانی ئاسمانەوە شارستانێتی کۆن زۆرینەیان چاویان لە ئاسمان و ئەستێرەکانی بووە ئەم مەیلەی مرۆڤ بەرەو ئاسمان ئەو مەیلەیە کە داستان و ئەفسانەکان خولقاندوویانە بەوەی مرۆڤ تەنیانییە لەم گەردوونە و زۆرینەشیان ڕوویان لە ئاسمان کردووە چونکە باوەڕیان وابووە کە خوا لە ئاسمانە و ئەستێرەکان مەملەکەتی ئەون، ئەم ئەفسانەو گەڕانی شوێنە بۆ شوێنی دیکەو گەردوونی خەیاڵیی دیکە، گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ ژیانی سەرەتایی خۆی و پرسیارەکانی لە بوونی خۆی کە لە ئەمڕۆکە لە زانستی خەیاڵی وەکو ئەدەب و لە پاشاندا وەکو بەرنامە گەردوونیەکانی جیهان لە دەرەوەی زەویدا بەرجەستە بووەو بایەخێکی گەورەی پێ دەدرێ. ئەو دیوی شوێن بیرکردنەوەی مرۆڤە لەوەی زەوی لە بناغە و ڕەچەڵەکەوە شوێنی سەرەتایی ئەونییە و لەو دیوی زەویەوە گەردوونێکی بەربڵاو هەیە، بەڵام تواناکانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بەم گەردوونە بەربڵاوە سنووردار و بچووکە کە تاکو ئێستا نەیتوانیوە لە دەوروبەری زەویەکەی خۆی دوورتر بڕوات بۆیە مرۆڤ لە هەموو قۆناغە مێژووییەکانی خۆیدا خەیاڵ و ئەفسانە و ئەدەب و ئایینی لەلایدا پیرۆز بووە بۆ گەیشتن بە شوێنی دیکە و پێشبینی کردنی ئەو دیوی شوێن و پەیوەست کردنی ئەو گەرانەش بە خودی بیر و ئامادەبوونی لەو دیوی شوێن ئامادەبوونە لە شوێنی خەیاڵی و نا واقیعی مرۆڤ بە دەرەوەی شوێنی خۆیدا و کرانەوەی عەقڵی و زەینیی مرۆڤ و تواناکانی ئەم هێزی خەیاڵەیان تێدایە


**تاکو ئێستا زانست بە ڕاشکاوی نەیتوانیوە یا نەیویستووە بە ڕاشکاوی ڕاستییەکانی یا دەرئەنجامەکانی گەڕانەکانی خۆی ئاشکرا بکات**

کە تێکەڵە لەگەڵ واقیعی بوونی ئەو لەم شوێنەدا ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ شوێن بەلایەنی مرۆڤەوە شوێنێک نییە بۆ خەیاڵی فراوان شوێنێکنییە شوێنێک نییە بۆ ئازادیی بیرکردنەوەی فراوان بۆ لە دایکبوونی پەرجووەکان، مرۆڤ لە ناخەوە لە چاوەڕوانیی زۆر لە گۆڕانکاری پێش بینیەکانی خۆیدا دەژی چاوەڕوانی بەو مانایەی لە ناخەوە باوەڕی بەوە نییە ئەو خاکەی لەسەری دەژی شوێنی کۆتایی ئەوە هەر بۆیە گواستنەوە لە شوێندا بە مردنەوە وا بەستەکراوە چونکە لە ژیاندا مرۆڤ بێ بەری و بێ بەش و بێ توانایە لە بەدی هێنانی خەیاڵەکانی خۆی و خەونەکانی لەسەر هەمان جاکدا ئەمەش مانای وایە شوێن و مانەوە مەرجێکی توند و تیژی سنووردار کردنی خەون و خەیاڵە لەلای مرۆڤ هەموو جوانکاریەکانی شوێن و ئەو بیرانەی لە شوێنەوە دێنەدی نوچ خواردن و لاربوونەوەیان تێدایە بەرامبەر بە خودێک کە هەست بە خۆی دەکات لە شوێنێکی هەڵەو قەدەرییەتێکی هەڵەو حوکمێکی هەڵەدا دەژی بۆیە لە ناخەوە ئەو لەبیری هەرە قووڵ و ناخەکیی خۆیدا مرۆڤێکی یاخییە لەو چارەنووسەی کە لەسەر زەوی بۆی دیاری کراوە لە هەموو ئایینەکاندا شوێن پەیوەست کراوە بە خودی مرۆڤەوە کە لە نێوان چاکە و خراپە دابەش دەبێ و مەرجێکن بۆ دەرچوونی ئەو لە شوێن و جوانی و چێژەکانی و زەوی بە شوێنێکی کاتی و بەسەربردنی کات و سەردەمەکان ناو دەبات و هەمووش وابەستەی مردن کراون، کەواتە شوێن پەیوەستە بە ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤ و جۆنێتی تێڕوانینی ئەو بۆ دەرەوەی خۆی ئەو کاتەی مەسەلەی بوونی مرۆڤ وەکو جەستەیەکی فیزیکی لە دەست دەدات تاکو بوار و ئازادیی گیان والا دەبێ ئەمەش مەرجی سەرەکیی گەیشتنە بەو دیوی شوێن. لە زانستندا ئومێد و هیوای مرۆڤ وابەستەی داهێنانەکانی مرۆڤ و تەکنۆلۆژیا کراوە، تەنانەت لە وردبوونەوە لەلایەنی گیانیی مرۆڤیش تەکنۆلۆژیا دەوری سەرەکیی پێ بەخشراوە و وشە و ئەفسانەکان لە مردنی خۆیاندا ماناکانیان دەمرن و زانست هەر لە ڕێگەی شوێنی واقیعی مرۆڤ و تواناکانیەوە پەنا دەباتە بەر گەڕان بە دوای ئەو شوێنانەی دەشێ مرۆڤ تیایاندا بوونی هەبێت یاخود ئەو بوونە شاراوانەی دەشێ شوێنی دیکەیان هەبێت، بەڵام تاکو ئێستا زانست بە ڕاشکاوی نەیتوانیوە یا نەیویستووە بە ڕاشکاوی ڕاستییەکانی یا دەرئەنجامەکانی گەڕانەکانی خۆی ئاشکرا بکات لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری جیا جیا. بەڵام لە ئەفسانە و ئەدەب و ئاییندا شوێن و گەڕان بە دوای شوێندا لە واقیعی ژیاوەی مرۆڤ دەردەچێتە دەرەوە شوێن تێکەڵ بە گواستنەوە و شێوە گۆڕین و گۆڕانکارییە عەقڵی و گیانیەکان دەبێت. واتە شوێن لەگەڵ گۆڕانی جەستەو گواستنەوەیدا بە هەموو گەوهەرو

بوونایەتیەکانیەوە دەگواسترێتەوە بۆ شوێنی دیکە واتە مەرجی گەڕان بە دوای ئەو دیوی ماناکانی بوونی بەرجەستەیی. بەمەش بوونی بەرجەستەیی مرۆڤ کاتێک دەبێتە بوونێکی ڕووکەش واتە دەبێتە بنیاتێکی مێژوویی ڕووکەش ئەوا گەوهەری خۆی دەکوژێ وەکو دەقێکی بوونگەرایی ڕووکەش، بەڵام گەوهەری بوون دەقی خۆی و هۆکارەکانی دەپارێزێ کە پێویست بە دۆزینەوەو شیکردنەوەیان دەکات، لەوێوەش بۆمان دەردەکەوێ شوێن بوونێکی شێوەیی وەهمی و خەیاڵییە و بوونی مرۆڤیش لەگەڵ شوێندا هەمان پێکهاتی وەهمی خۆی دەپارێزێ کە وابەستەکراوە بەدیسیپلین کردن و ئاراستەکردن داسەپاندنی بوونگەرایی شێوە ڕووکەشەکانەوە وەکو هەستەکانی مرۆڤ و دەرک پێکردنە فیزیۆنۆمیەکانی بەڵام هەر زانست خۆشی لە دواییدا بەم هێزانەی بوونی مرۆڤدا دەچێتەوە و زانستە نوێیەکان دەری دەخەن کە مرۆڤ و بوونی لە شوێندا وەکو بوونەوەرێک نهێنی زۆر لە هێزو تواناکانی ئەودا شاراوەن و بە ئاسانی دەرناکەون کە زۆربەی زانا و پسپۆڕو نووسەرانی ئەم بوارانە ئەوانەی خۆیان لەم مەسەلەیە داوە ئەوهێزانەی مرۆڤ لە بواری جیاجیادا دەبیننەوە کە هەندێکیان جەخت لەسەر هێزی وشە دەکەن هەندێکیان لەسەر مێشک و بیرکردنەوە هەندێکی دیکەش لەسەر تێکچوونی یا شڵەژانی عەقڵیی مرۆڤ. ئەو کەسانەی مێشکیان و وەزیفەکانیان لێ تێک دەچێت خۆیان لە شوێنی دیکەدا دەبیننەوە و خۆیان و گفت و گۆکانیان لەگەڵ کەسان و شوێنی دیکەدایە. ئەوانەی خەون بینن شوێن و بوونەوەرەکان لەلایاندا دەبنە شوێنی غوربەت و نەناسراوی، ئاماژەکانی ئەم گواستنەوانەی مرۆڤ لە نێوانی شوێنی بوون و کەسەکاندا ئاماژەیەکن بۆ گومان و دوودڵیی مرۆڤ بە بوون و ئامادەبوونی خۆی لە شوێندا، ئەمەش وای لێی کردووە بەرەو دوو ئاراستەی جیاوازی بیرکردنەوەی بەرێت کە یەکەمیان خۆ دانە دەستەوەی چارەنووسە لە شوێندا و ئەوی دیکە باوەڕنەبوونیەتیی بە شوێن، وەکو شوێنێکی کۆتایی هاتو کە لە چاوەڕوانی لە مانەوەدا پراکتیکی دەکات گەر ئەم دوو حاڵەتە نەبوونایە مرۆڤ زۆر لە کۆنەوە مەیلە شەڕخوازیەکانی گەشەیان دەسەند و زۆر لە زووەوە کۆتایی بەرەگەزی خۆی دەهێنا هەروەک لەناوچوونی زۆر لە شارستانێتییەکان و گەلەکانیان لە مێژوودا ئەمەش مانای ئەوەیە مرۆڤ لە شوێندا فانتازیای عەقڵیی زۆری خوڵقاندووە بۆ مانەوەی خۆی ئەم فانتازیایانەش پەیوەستن بە بەدیهێنانی هۆیەکانی ژیان و گەشەسەندنیەوە، هەروەها بە پێشکەوتنی عەقڵی و فەلسەفی و تەکنۆلۆژیی خۆیەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم هەوڵانەی گەشە دەسەنن و پێش دەکەون.

دیدار

# خۆشەویستی پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە




و: عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا

هەواڵنامەی کتێب

لەم دواییەدا دوو کتێبی نوێی (ئەدۆنیس) لە دەزگای (الساقی) بڵاوکرانەوە یەکێکیان بەناوونیشانی (اهدأ هاملت/تنشق جنون اوفیلیا)ەو ئەوی دیکە بەناوونیشانی (وراق یبیع کتب النجوم). ئەو دوو کتێبە وەک رۆح، رۆحێکی یاخی و سەرکێش هیچ جیاوازییان لەگەڵ کتێبی سێیەم کە پارساڵ بە ناوونیشانی (تاریخ یتمزق فی جسد امرأە) نییە. ئەگەرچی ئەدۆنیس لەم کتێبانەی دواییدا زۆر شتی گوتووە، کەچی بابەتی ژن کە بابەتێکی عەزیزە لە دڵیدا ماوەتەوە، ئەو بابەتەیە کە جێی پرسیارو سۆزی شاعیرە.

گفتوگۆکردن لەگەڵ (ئەدۆنیس) بەردەوام سەرنجڕاکێش دەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر دەربارەی ئافرەت بێت سەرنجڕاکێشتر دەبێت. ئایا ڕاستە کە ئەدۆنیس سەبارەت ئافرەتی واقیعی دەنووسێت و قسە دەکات، یان قسە لەو ئافرەتە ڕەهایە دەکات کە لە خەیاڵ و ویژدانیدایە، بە تایبەتی ئەو بۆ خۆی بە جیهانێک لە مێینیە دەور دراوە، هەر لە ئامێزی دایکی و بۆ هاوسەرەکەی و هەردوو کچەکەی و دلبەرەکانێ، ئەو دلبەرانەی کە سەردانی خەیاڵی دەکەن هەرکە زۆرتر سۆزی بۆیان بجووڵێت. دەبێ ئەو ئافرەتە کێ بێت کە لە خەیاڵگەی (ئەدۆنیس)دایە، سەیرکە ئێمە لەم پرسیارانەماندا ویستمان ئەم وەڵامە بەدەست بێنین:

*** ئافرەت لە خەیاڵ و شیعری (ئەدۆنیس)دا کامەیە؟**

– تۆ دەزانیت کە هەردوو جەمسەری جیهان، نێرینە و مێینەیە، بەڵام پاڵەوانانی جیهان بەردەوام نێرینەن. مێینە جەمسەری بنەڕەتی ئەو بوونەیە، بەو مانایە جەمسەری نێرینە بەم یەکبوونەی نێوان نێرینە و مێینە نەبێت، بوونی نییە. ئەوەی لە مێژووی نووسراوی ئێمە بۆ یەکەمین جار لە بایەخی مێینە هوشیاری کردینەوە سۆفیگەرەکان بوون، بەتایبەتیش محێدین کوڕی عەرەبێ، کە دەڵێت: (بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ڕەهایی بگات، واتە بگاتە خواوەند، پێویستە بە مێینەدا تێپەڕێت). ئەوەش وا دەگەیەنێت کە مێینە ئەو ڕێگایەیە کە مرۆڤ بە ڕەهایی دەگەیەنێت. بەو پێیە دەتوانین بڵێین من بە نیسبەت خۆم مێینە ئەو ڕێگایەیە کە بەرەو خۆم دەگەیەنێت، بۆ ئەوەی خۆم بدۆزمەوە، دەبێت بە ژندا گوزەر بکەم، یان لە ئافرەتدا بژیم. چونکە بوون بە پێی بڕوای ئیبن عەرەبی لەو گوتەیدا بەرجەستە دەبێت (هەر شوێنێک بە مێینە نەکرێت پشتی پێ نابەسترێت). بەو پێیە خودی پیاو یان نێرینە دەبێت بە مێینە موتوربە کرابێت، دەبێت مێینەیش بە شتێکی نێرینە موتوربە کرابێت، چونکە یەکبوونێکی بنەڕەتی لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا هەیە. بەداخەوە، ئەو یەکبوونە لێک جودا کراوەتەوەو وەک قەوارەیەکی سەربەخۆی دوور لە پیاو، بە چاوێکی نزمتر تەماشای ئافرەت کراوە. وەک ئەوەی ڕۆح شوێنی پیاوی گرتبێتەوەو جەستەیش بووبێتە ئافرەت. بەم شێوەیە ئافرەت پەراوێز خراوەو، لە بری ئەوەی وەک پیاو جەمسەرێکی بنەڕەتی بێت، بووەتە بابەتێک و، بگرە شتێک لە شتەکان و، وەک شتەکانی دیکە بەکار دەهێنرێت.

پەیوەندیم بە ئافرەتەوە پەیوەندییەکی گەردوونییە، ئەگەر سەیری مرۆڤمان کرد بەو مانایەی کە جۆرێکە لە ئارەزووی بەردەوام بۆ ناسینی خۆی لە لایەک و ناسینی جیهان لەلایەکی دیکەوە. پێویستە رەهەندی مێینە لە هزرو ڕەفتارەکانیدا جەوهەری بێت. بەمجۆرە

ئافرەت بەنیسبەت من لە جەستە زێترە، لەوەش زێترە تەنها هەر هاوەڵی ژیان بێت، ژن بۆ من ئەو قووڵاییە دەنوێنێت کە هەمیشە لە گێتی و لە بووندا بەدوایدا دەگەڕێم، وەک ئەوەی نادیارێکی بەرجەستە بێت. ئەو نادیارە بەرجەستەیە، هەر بە نادیاری دەمێنێتەوەو بەردەوام هانت دەدات بگەڕێیت بۆ ئەوەی دەستی لێبدەیت و پێی بگەیت. هەر چەندە پێیبگەیت یان وات بە خەیاڵ دابێت کە پێیگەیشتوویت، بۆت دەردەکەوێت کە زۆرت ماوە بە جەوهەرە بنەڕەتییەکەی بگەیت. بەمجۆرە لەناو خەڵکدا (یان بە شێوە شەعبییەکەی) دەگوترێت ئافرەت تێناگات. ژن بە مانای قووڵ تێناگات، نەک لەبەر ئەو خەسڵەتانەی کە پێی دەگوترێت بەڵکو لەبەر سروشتی بوونی و سروشتی ئەوەی لە دنیادا دەینوێنێت. ئافرەت بەشێکە لە نهێنیی دنیا، کە خۆشبەختانە هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە. بێنە بەر چاوی خۆت ئەگەر ئێمە لە بارەی ئەو جەستەیە یان مێینە بە زانیاری تەواو کۆتایی گەیشتین، ئەو کات جیهان کۆتایی دەهات. بەڵام خۆشبەختانە، نە مرۆڤی نێر خۆی دەناسێت و، نە مێینەیش خۆی دەناسێت. ئەوە لەو هاندەرە بنەڕەتیانەیە کە بوون لە بزاڤێکی بەردەوامدا دەهێڵێتەوەو مرۆڤیش لە ئارەزووکردنی دۆزینەوەی دنیادا دەمێنێتەوە. ئەگەر لەو ئاستە تیۆرییە بنچینەیە دابەزینە سەر ئاستی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانە، ئەوە دەردەکەوێت کە هەموو شتێکمان هەڵەیە.

*** بۆچی هەتا ئێستا عەرەب بە چاوی سووک لە ژن دەڕوانێت ؟**

– لەو بڕوایەدام هۆی سەرەکی ئەوە بۆ ئەو ڕۆشنبیرییە دەگەڕێتەوە کە بە چاوێکی سووکەوە سەیری ژنی کردووەو تەنها وەک بەرهەمێک بۆ زاوزێ کردن دەیبینێ. لەبەر ئەوە هەر شتێک کە پەیوەندی بە ئافرەتەوەیە بە شتێکی شێواو یان شوێنی گوناه دەژمێردرێت، وەک ئەوەی جەستەی ئافرەت هۆکاری گوناه و شوێنی ئەو گوناهە بێت. من خۆم سەرم لە بەردەوامبوونی ئەم جۆرە ڕوانینە سوڕ دەمێنێت و دەپرسم: ئەگەر بێت و بە ڕاستی ژن شوێنی گوناه بێت ئەدی چۆن پێغەمبەر و پیاوی پیرۆز و مەزنی لێ لەدایک بووە. کەواتە دەبێ لەچوارچێوەی ئافرەتەوە چاو بە ڕۆشنبیرییەکەماندا بخشێنرێتەوە، نەک تەنها لە ڕووی تیۆرەوە، بەڵکو لە ڕووی پرەکتیکیشەوە.

لەو بڕوایەدام کە ئەگەر ڕووح هەبێت، ئەوە لە جەستەو شانەیەک لە شانەکانی جەستەوە دەست پێدەکات، بۆیە پێویستە چەمکی گوناه کۆتایی پێ بێت. جەستەی ژن شوێنی گوناه نییە، بەڵکو شوێنی کەشفکردنی بوونە. پەیوەندی جەستەیی ئەو پەیوەندییەیە کە لە پرسەکانی ئارەزوو و ئاڵوش و سێکس تێدەپەڕێت، ئەگەرچی ئاڵوش و سێکس بەشێکی

بنەڕەتی جەستەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش تێڕوانینی من لەم بارەیەوە، بەتەواوی لەگەڵ تێڕوانینی باو نێودژ دەکەوێتەوە. لەسەر ئەم بناغەیە کاتێک لەبارەی ئافرەتەوە دەنووسم ئەوە لەبارەی ئافرەتێکی دیاری کراوەوە نانووسم بەڵکو لەبارەی مانای ئافرەتەوە دەنووووسم، بەڵام ئەو مانایە لە هەمان کاتدا لە ئەزمووونی زیندووەوە هەنگاو هەڵدێنێت، لەگەڵ ئافرەتێکی دیاریکراودا بەرجەستەیە. بۆیە ئەو رەهەندە کەونییە بەو ئافرەتە دیاریکراوە دەبەخشم، بۆ ئەوەی پەتای ئەوەی لە نەستەوە بیری لێ دەکەمەوە، بڵاو بکەمەوە، ئەوە هەموو ئەوەی دەینووسم لەسەر ئەم بیرکردنەوەیە دامەزراوە و، لەو مێیایەتییەوە هەڵقوڵاوە. ژن لە هەموو شیعرەکانمدا ئامادەیە، بگرە هەتا ئەگەر ناویشی نەهێنم. وەک هەوا وایە، وەک خودێکی گەردوونی، خراوەتە نێو هەموو شیعر و نووسینەکانمەوە.

**ژن لە هەموو شیعرەکانمدا ئامادەیە، بگرە هەتا ئەگەر ناویشی نەهێنم. وەک هەوا وایە، وەک خودێکی گەردوونی، خراوەتە نێو هەموو شیعر و نووسینەکانمەوە**

*** بەرەو حەفتا ساڵی هەنگاو دەنێیت و کەچی بەو تێگەیشتنەوە بە دوای ئافرەتدا دەگەڕێیت، ئایا گەڕان بەدوای ئافرەت پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە؟**

– ئافرەت بەو مانایە خۆشەویستیش دەگەیەنێت، خۆشەویستیش پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە. تەمەنی زەمەنی کاری تێناکات و بەهایەکی ئەوتۆی نییە، ئینجا لێرەدا چەند شتێکی دەروونی هەن کە لەو خۆشەویستییەدا یارمەتی ئافرەت دەدەن: بۆ نموونە ئافرەت هەن باوکەکانی خۆیان خۆش دەوێت، ئافرەتانێک هەن لە دۆستەکانیاندا بە دوای منداڵەکانیاندا دەگەڕێن.

هەواڵنامەی کتێب

نە هیچ سنوورێک دەبێتە ڕێگر، نە تەمەنیش سنووری هەیە، دەشێ بگوترێت پەیوەست بوون بە جەستەوە یان پەیوەندیکردن بە جەستە کۆتایی دێت، چونکە پەیوەندی بە جەستە هەر تەنها پەیوەندییەکی سێکسیانە نییە، چونکە کردەی خۆشەویستی دەشێ لە قووڵاییدا بێت، وەک ترۆپکی پەیوەندییەکی هەمەجۆ رو ئاڵۆزی نێوان دوو کەس، دەبێ لە هەموو حاڵەتەکاندا تەماشای کردەی دیاریکراوی سێکسی بکرێت، نەک بەو سیفەتەی کۆی پەیوەندییەکان لەخۆ دەگرێت و بنەمای هەموو پەیوەندییەکانە، بەڵکو وەک ئەوەی بەشێکە لە پەیوەندییەکی گەردوونی جیا نەکراوەی نێوان دوو کەس.

*** رات بەرامبەر بە شیعرەکانی هەنووکەی عەرەب چییە، کە بە شێوەیەکی غەریزی رووکارئامێز ژن وەردەگرێ؟**

– ئەوە بۆ نەزانینی هەردوو لا دەگەڕێتەوە. نە پیاو جەستەی ژن دەناسێت، چونکە خودی ژن ناناسێت، نە ئافرەت جەستەی پیاو دەناسێت، لەبەر ئەوەی خودی پیاو ناناسێت. لێرەدا ڕوانینێکی رۆشنبیریی باو هەیە ئەویش ئەوەیە کە ڕەگەز لە کردەی سێکسییدا چڕ دەکاتەوە. ئەوە ڕوانینێکی خراپە. من هەرگیز دژی کردەی سێکسی نیم، بە پێچەوانەوە. بەڵام سێکس بەبێ دۆستایەتی یان ناسینێکی قووڵ، هیچ بەهایەکی نییە، واتە دەبێتە سێکسێکی ئاژەڵیانەو دەکەوێتە دەرەوەی جیهانی مرۆییەوە. بۆیە دۆستایەتی نێوان دوو هاوبەش، بناغەی پەیوەندی خۆشەویستی و پێوەری سێکسییانەیانەی لەخۆدا هەڵگرتووە. بەڵام بە داخەوە، ئێستا ئەوە چەسپاو نییە، بۆیە زۆر بە کەمی دوو کەس دەبینیت بەوپەڕی قووڵییەوە بە خۆشەویستی لەگەڵ یەک بژین. هەمیشە کێشە هەیە، بەردەوام یەکێک دەکەوێتە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی ئەوەی دیکەوە، یەکسانی لەگۆڕێ نییە، دادوەری لە نێوان هەردوو جەستەدا نییە، هەمیشە ستەملێکراو لەو بابەتەدا ژنە، ئەوەش پەیوەندی بە چەند هۆکارێکی رۆشنبیرییەوە هەیە. لەبەر هەندێ هەموو بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ئافرەتانم خۆش دەوێت، بەڵام تا پیاو ئازاد نەبێت، ئافرەت ئازاد نابێت. لەو بڕوایەشدام کۆیلەکراوی بنەڕەتی خودی ئافرەت نییە (بە پێچەوانەی ئەوەی خەڵک پێیوایە) چونکە کۆیلەی ڕاستەقینە لە کۆمەڵی عەرەبیدا پیاوە، چەوسێنەری گەورەش خودی کۆیلەکەیە. کەسی ئازاد، کەس ناچەوسێنێتەوە، کەسی ئازاد، خەڵک ئازاد دەکات. بۆیە دۆخی ئافرەت لە کۆمەڵی عەرەبیدا پاشکۆی ئەو کۆیلایەتییە قووڵەیە کە پیاوی تێیدا دەژیت. کاتێک پیاو لە کۆت و زنجیرەکانی ڕزگاری دەبێت، ئەو کاتە ئیتر ئۆتۆماتیکیانە ئافرەت ئازاد دەبێت. دەبێ ئافرەت لە تێکۆشانی مەزنی ئازادبوونیدا بیر لەوە بکاتەوە کە بە تەنیا ناتوانێت ئازاد

بێت، بەڵکو دەبێ کار بۆ ئازادکردنی پیاویش بکات.

*** ئایا ئەدۆنیس لە ژیانیدا ئافرەتی زۆری خۆش ویستووە؟**

– بەڵێ ئافرەتی زۆرم خۆش ویستووە و هەتا ئێستاش خۆشەویستی دەکەم. بەشێکی یاخیبوونی گشتیم لەو رۆشنبیرییەی بۆمان ماوەتەوە یاخیبوونمە لە ڕوانین، لە ئاستی پەیوەندی بە ئافرەتەوە. بەڵام ئەوەی وەک پیاو بۆ خۆم ڕێی پێدەدەم بۆ هاوبەشە مێیەکەشم ڕێی پێدەدەم.

*** تۆ بە جیهانێکی مێینەو بە خۆشەویستییەکی زۆری دایک و هاوسەرو هەر دوو کچەکەت دەوردراویت، لە نێوانیاندا هەست بەچی دەکەیت؟**

– بەگشتی دنیای من دنیایەکی مێئامێزەو منیش خەسڵەتگەلێکی مێیاتیم تێدایە، بەوەش زۆر دڵشادم. کە لە ناویاندا دەبم وەک ئەوە وایە لە بەهەشتی سەر ڕووی زەمیندا بم، سەرەڕای ئەوە چەند برایەکم هەیە. تەنانەت بەهەشتیش کێشەی خۆی هەیە، بەڵام لە خۆشبەختانە بەهەشتیش کێشەی خۆی هەیە ئەگینا ڕۆتینیانە دەبوو، بێزاری لێ دەکەوتەوە، بەڵام ئەم کێشانە بۆ زانیاری زۆرترو، بۆ زۆرتر پەردە لەسەرلادان ئەوە دەگەیەنێت کە بۆ لایەنی پۆزەتیڤانە دەگۆڕێن. ئاسوودەیی لە خۆشەویستیدا نییە، خۆشەویستی جۆرە تێکۆشان و کۆشش و دۆزینەوەیەکە، هەموو ئەوەش جۆرە ماندووبوونێکی تێدایە، ئاسوودەیی گەلۆرانە نەخۆشییە. من حەز لە ئاسوودەیی گەلۆرانە ناکەم، حەز لەو ئاسوودەییە دەکەم کە تێکەڵ بە پرسیارکردن و، تێکەڵ بە کەمێک کێشەو، تێکەڵ بە کارلێککردن بێت، بۆ ئەوە مرۆڤ وریاو بزێو بێت. دایکم نە دەتوانێت بنووسێت نە دەتوانێت بخوێنێتەوە، ئێستا تەمەنی بە سێ یان چوار ساڵ لە سەدەیەک تێپەڕاندووە و، پەیوەندیم بە دایکمەوە وەک پەیوەندیمە بە سروشت. ناتوانم دەمەتەقێی لەگەڵ بکەم، لەبەر ئەوەی وەک گوتم نەخوێندەوارە. ئەو خانمە جووتیارە، ژنە جوتیارێکە هەر هەموو شتەکانی سروشتی تێدایە، واتە لە هەمان کاتدا بە چیا و دەریا و دۆڵ و دارستان و تاکە درەختێک و پێدەشتێکی بێ سنوور و کێڵگەیەکی بەرینی دەزانم، بەلای منەوە دایکم ئەو سروشتەیە کە گەشتی تێدا دەکەم و، بەپێی کەش و وەرزەکانی منیش دەگۆڕێم. ئەو زێتر بەرجەستەبوونێکی ڕاستەقینەی سروشتە، نەک عەقڵ و ڕوانین و لێ وردبوونەوە.

*** پێتوایە رۆشنبیری خۆرئاوا لە تێروانینی بۆ ئافرەت گەیشتبێتە چارەسەرێک؟**

– نا هەرگیز. لە بیرت نەچێت رۆشنبیریی مەسیحییەتیش بەچاوی سووکەوە تەماشای

جەستەی کردووە کە هێمای گوناهە. ژن لە خۆرئاوا، لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرێتی هەستی بەوە کردووە یان دەستی بەوە کردووە کە هەست بکات ئازادە و دەتوانێت ئەو کەسەی خۆش بوێت کە خۆشی دەوێت. بەڵام هێشتا کێشەی گەورە لە بونیادی بنەڕەتی کومەڵگەکانی خۆرئاوادا هەیە. واتا هێشتا بە سووکی تەماشاکردنی جەستە لە ئارادایە و کێشەش دەخولقێنێت، بەڵام پەرەسەندنی یاسا لە خۆرئاوا ئەو کێشانەی داپۆشیوە. مافی یاسایی تەواوی بە ئافرەت داوە، بەڵام شت لەودیوی یاساوە هەیە، لێرەدا ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە لەئارادایە، ئەوەش بابەتێکی دیکەیە. هەموو ئەوەی لەبارەی ئافرەتی فەرەنسییەوە بڵاو دەکرێتەوە، کە دەرچوو و ئازادە، پێموایە وێنەیەکی هەڵەیە. چونکە ئافرەتی فەرەنسی لە ناخی خۆیدا هەتا ئێستا خۆپارێزە.

*** ڕات چییە کاتێک دەگوترێت (نزار قەبانی) شاعیری ئافرەتە؟**

– نزار قەبانی هاوڕێ و خۆشەویستمە. ماوەیەک پێکەوە ژیاوین، من ڕێزی ئەزموونەکەی دەگرم و، لەو بڕوایەدام کە شاعیرێکی گەورەیە، بەڵام سەیرکردنی بۆ ئافرەت بە پەسەند دانانێم، چونکە ڕواڵەتییانە یارمەتی ئافرەتی داوە بۆ ئەوەی لە کۆت و تەگەرەکان ڕزگاری بێت و، وای لێکردووە بە پێی ئارەزووی ئەو بایەخ بە جەستەی خۆی بدات، بەڵام خۆی لە ریشە قووڵەکانی مەسەلەی ئازادبوون نەداوە. ئازادبوون دەبێ لە ئازادبوونی خودو ئازادبوونی ناوەوە دەست پێ بکات، کە ئازادبوونی هزرو چەمکەکان دەگەیەنێت. (نزار) لەو هەنگاوانەی کە دەستی پێ کردووە ئەگەرچی گرنگن بەڵام دوور نەڕۆیشتووە.

*** ئایا ئەوە کەموکوڕییەو بۆ هوشیاری یان رۆشنبیریی باوی عەرەب دەگەڕێتەوە،؟**

– نازانم. چەند مەرجێکی کۆمەڵایەتی هەن، لەبەر ئەوەی تاکیش هەر چەندە یاخی بێت بە کۆمەڵەکەیەوە مەرجدارە. لێرەدا کۆمەڵگە هەیە بونیادی دواکەوتووانەیە، یان پێشکەوتوو نییە، یان کەللەڕەقە، لە کۆمەڵگەی وادا شاعیر بەوەی یاخیگەرە یان ئافرەتێکی یاخیگەر دەبێ باجی یاخیبوونەکەی بدات، تا ئازادی تاکە کەس بەدی نەیەت، کۆمەڵ ئازاد و ڕزگار نابێت. هەروەها دەبێ کۆمەڵ ئازاد بێت، نەک کەسی ئازادبوو بە لای کۆمەڵگەوە بە چاوێکی وا تەماشا بکرێت وەک ئەوەی گوناهێکی کردبێت و ئیتر هەر دەبێ باجی ئەو گوناهە بداتەوە. بۆیە هیواداریـن بیرکردنەوەکانمان لەبارەی ئازادبوونەوە بۆ هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان بگوێزینەوە. تەواوی کۆمەڵگە ئازاد دەبێت بەڵام هەر تەنها بە بیرکردنەوەی خۆی نا، بەڵکو بە دەزگاکانییەوە، دامەزراندنی دەزگای یاسایی و کۆمەڵایەتی

ئازادیی تاکە کەسی دەپارێزێت و لە ئامێز دەگرێت.

*** بە رای تۆ کام لە شاعیرانی کۆن وێنەیەکی بێخەوشی ئافرەتی خستووەتە روو؟**

– دەزانیت شاعیرانی کۆن بە سەیرکردنێکی دلبەرانە دەیانڕوانییە ئافرەت. شاعیری عەرەب ئافرەتی داگیردەکرد و شانازی بەو داگیرکردنەوەوە دەکرد و، بەو عەقلّییەتە داگیرکارییە سەرکەوتووەوە لەسەر ژنی دەنووسیّ. بەو واتایە شیعری جوان هەیە. شاعیرانێک هەن لە بارەی ئافرەتەوە نووسیویانە بەوەی قەلایەکە و شاعیر دەیەوێت هەلّکوتێتە سەری و بیکاتەوە و شوورەکانی برووخێنێت بۆ ئەوەی پێی بگات. بۆیە شیعری عەرەبی بەو دوو ئاڕاستە، یان ئەوەتا داگیری کرد و لەو داگیرکارییەیدا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە و ئیتر ئەو سەرکەوتنە وەسف دەکات، یان بەرەو کردنەوەی ئەو قەلایە هەنگاو دەنێت و، ئازار دەچێژێت و سکالا دەکات، ڕەنگە نەگات یان تۆزێک بگات. لێرە لە شیعری عەرەبیدا ژن وەک قەوارەیەکی ئازاد وێنەی نەکێشراوە، بەلّکو بە پێچەوانەوە ئافرەت بۆ خۆی ئەو وێنەیە دەبەخشێت، ئەوە ئافرەتە کە وێنەیەکی ئازاد سەبارەت بە خۆی دەخاتەڕوو، بۆ نموونە، ولادەی کچی موستەکفی دەلّێت:

امكن عاشقي من صحن خدي


و اعطي قبلتي من يشتهيها

ئەوە ژنە کە تەعبیر لە خۆی دەکات. ئافرەتانی عەرەب پێش ئیسلام بە خۆیان مێردی خۆیان هەلّدەبژارد و مێردیان دەکرد و پیاویان هەلّدەبژارد، هەر بە خۆشیان پیاویان تەلاق دەدا. ئافرەتێکی ناودار هەیە چل جار مێردی کردووە، کەس پێی نەگوتووە ئافرەتێکی داوێن پیسە، کەسیش هەرگیز ڕەخنەی لێ نەگرتووە. بەلّکو دەیانگوت ئەوە مافی خۆیەتی. کەواتە وێنەی ڕاستەقینەی ژنانی ئازاد، لای ژنانی عەرەب دەبینین، پتر لەوەی لای پیاوانی عەرەب بیبینین.

سەرچاوە:

سایتی (منبر الحوار و الأبداع) لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/١٠ تۆمار کراوە، بەلام ئەسلّی ئەو چاوپێکەوتنە لە لایەن (شاکر نووری) بۆ ڕۆژنامەی ( الشرق الاوسط) ساز دراوە و من لێرەدا تەنها ناونیشانی سەرەکیم گۆڕیووە

شیعر



هاشم سەڕاج

# ئیزیس

هەواڵنامەی کتێب



١


ڕووبار سەوز و درێژە
وەک زوننارە زەردەکەی کەمەرت
ڕووبار سەوز و درێژە
وەک زریزەی زەردی جانتاکەت
شەوە شینەکان لە ئامێزە
پرتەقاڵییەکەت دەکەن
بەربەیانە نارنجییەکانیش
لە کراسە سپییەکەت

٢

چێشتەنگاوێکی مۆر
ڕۆح لە پرێکا خرۆشا
بەئینجانەیەکی پڕاوپڕ
لە

عەتر و ڕەنگ و ئەڤین و
کۆکایین و
بۆیە سوورەکانی وڕێنەو
کریستاڵەکانی کراک
لە دەرگا ڕەشداگەڕاوەکەی
ماڵەکەتانم دا
ئاخ!
"پەرستگایەک لە بەفر و عەتر و عیشق و خەڵووز"
لەسەر ترۆپکی بەرزاییەشینەکانی گیان
بەسۆز وشەیدایییەوە دەسووتا و
ئاسمان کەفەسابوونی وشەی دەپرژاند و
زەویش میتاڵە ئاڵۆزاوەکانی نێو دەروونی
بەدەنگێکی غەمبار
هاوارم کرد:
ئیزیس ئیزیس ئیزیس
کەیبانووی خانووی ئاوەدان
وەی گوڵە زەنبەقەی فیردەوسەکانی خودا
کێ ئاگری پیاڵەی پیرۆزی
تیا هەڵکردی؟!






هەواڵنامەی کتێب

٣
پاکیزەیەک بەلەنجەوە
لە دەروازەی دڵ
دەرکەوت و
چەرچەفی خۆری
بەلەشیا ئالاندبوو و
دەسکێشی
خەرمانەڕەنگی مانگیش

لە پەنجەبلوورییەکانی و
بە شانەیەکی شینی شازادەییش
تاڵ تاڵ
قژە قاوەڕەنگەکەی
شانە دەکرد و
بە شەپۆلەکانی
فۆنیمی قەدەر
گۆرانی بۆ میهر
دەچڕی و
پێدەکەنی وسەمای دەکرد

٤

ئیزیس
بۆنی
سەڵساڵەکانی ئەزەل و
عەتری گوڵە لۆتسی
باخچە حەرامەکانی چێژو لیبیدۆی
لێ دەهات و
تنۆک تنۆک
شەرابی کەسکی زەمەن
لەڕووخساری  دادەچۆڕا
دەتگوت
ئارەقی لەشی
شۆڕەبییەکی شۆخ و سەلارە و
سکاڵا لە ڕۆحی بێپایانی
سرووشت و
گەمە بێهودەییەکانی
مەرگ و زیندەگی دەکا!



هەواڵنامەی کتێب

من هەرئەوەندەم زانی بە
بۆنی پێستی بنێشتڕەنگی و
ورشەی  پۆشاکی زیوینی و
تیشک وپرشنگی
ڕووخساری خوداوەندی
سەرمەست وپەرێشانم
لەپڕ خۆم
بەئینجانەیەکی پڕاوپڕ
لە
هێشووی وشەی  بەتاڵ و
دڵ و  دەروون و زەینی
بەتاڵ و
ئیقاعگەلێکی بەتاڵ
دۆزییەوە و
لەکۆڵانە تەنگەبەرەکانی
(خود) دا  وازیم  بە
کەفە  سابوونە
سەوزو سوورەکانی
بێهوودەیی
دەکرد




١٢ /٢٠٠٨/٤

هەواڵنامەی کتێب

شیعر



زانا خەلیل

# لە کۆڵانەکەی "أبو فراس الحمدانی"دا

zana_xalel@yahoo.de

أيا جارتا، ما أنصف الدهر بيننا
تعالي أقاسمك الهموم تعالي

**لە کۆڵانەکەی- ئەبو فیراس- دا**
**- با- یێکی لاڵ دێ..**
**- با- یێکی لاڵ دێ، درەخت و ئاسن و ئاسمان دەبڕێ.**
**- با- یێک دێ و مەستانە**
**ئێوارە و ئیرۆس و زەمین دەبڕێ.**


**لە کۆڵانەکەی- ئەبو فیراس- دا**
**- با- نا، گەردەلوولێک دێ..**
**من تێناگەم**
**بۆچی هێندە بە بێدەنگی**
**ڕۆحی بێزمانی پڕ لە هات و هاواری درەختێک دەبڕێ؟**

**- با- یێک..**

– با– نا، تۆفانێکی نەرم دێ..
من هەرگیز تێناگەم
بۆچی لە کۆڵانەکەی– ئەبو فیراس– وە
هێندە بە بێدەنگی هەڵدەکا و
رۆحی لاڵی پڕ لە هات و هاواری من دەبڕێ؟

## تێکست

هەندێ لە تێکستەکان ناکرێنەوە..
هەندێ لە تێکستەکان خوێندەوارییان نییە و ناتوانن بکرێنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان بە زۆر خۆیان دەکەنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان بە مردوویی خۆیان دەکەنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان نەکرێنەوە باشترە.
هەندێ لە تێکستەکان لە پێناوی خیانەت خۆیان دەکەنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان شوفێرن، هەندێ ڕاوچی، هەندێ هونەرمەند...
تۆیش وەکو هەموو ئەوانە تەنیا تێکستێکی
بەڵام تێکستێک لە مەجاز، پڕی لە ڕەوانبێژی
بکرێیتەوە یا نەکرێیتەوە تۆ هەر بە کراوەیی دەمێنییتەوە.
تۆیش وەکو هەموو ئەوانە تەنیا تێکستێکی
بەڵام تێکستێکی مێینەی بێدەنگ.
بەڵام تێکستێکی تورکمانزمانی لاڵ.
بەڵام تێکستێک لە مەجاز، پڕی لە ڕەوانبێژی
بکرێیتەوە یا نەکرێیتەوە تۆ هەر بە کراوەیی دەمێنییتەوە.



عەبدلڕەحیم سەرەڕۆ

# من و نەورەس

هەواڵنامەی کتێب


یەک کەنار و دوو جیهان
مۆڵەتم دە ئەی نەورەس
ئەمجارەیان..........
لە نیشتمانی بی سنووری تۆدا لە دایک دەبم
ئەمجارەیان بەسەرنیشتمانی گوڵ و
سنگی سەوزی ساکە دەشت و
قژی سپیی پیرە شاخا.. هەڵنافرم
قوللەی بەساڵاچووی هیچ قەڵایەک
بورجی سەرئاپارتمانی هیچ شارێک
تەپۆلکەی هیچ ئۆردوویەکی خامۆش و
گمەی تەزیوی رۆحی فۆرماتکراوم
ناکەم بە سیمای کامەرانیم.
من لە فڕین ناگەم و تۆ لەژیان
من زەریام پێ شیناکرێتەوە و



تۆ حەرفەکانی مێژوو
من پاساوێک بۆ قەدەغەکان نادۆزمەوەو
تۆ نازناوێک بۆ ئازادی..... ئەی نەورەس
چەند جاویدانن ئەو شەپۆلانەی لەژێر باڵتا
بەبێگەردی خۆیان غەوارە دەکەن
چەند بی مننەتن ئەو گلۆڵە هەورانەی
بە یاوەری خۆر
کۆچێکی ئەزەلی بەناو ئەندێشەی فەزادا دەکەن
تا دەگەنە چینە ساردەکانی میحنەت
گۆرانی یە نەمرەکانی گەڕانەوە دەچڕن
چەند ئاسودەیە ئەو رۆحەی ، وەک چنگێک لم
بەسەر رووپایی ئاودا دەپژێ و
تا ئەبەد کۆ ناکرێتەوە.
ئەی نەورەس
تۆ زەریا دەتکوژێت و من کەشتییەوانێکی نەزان
تۆ لەناو شەپۆڵدا ون دەبیت و
من لەناو لە کەشتییەکی بەساڵاچوودا
بۆگەن دەکەم
تۆ ئاو دەتپۆشێت و
من کەشتییەوانێکی توورە وسەرشێت
زەنخی پڕ لە هێڵنجم دەکات بە مێژوو
تۆ زەریا حەشرت دەکات و
من وەچەیەک دێن بەو هەموو زنخەوە
دەمکەن بە هێمایەکی تەنک
بەو هەموو بۆگەنییەوە
بەو هەموو قرچەی غەدرەوە

هەواڵنامەی ئێنتێر

دەبمە پۆستەری هەڵواسراوی ژووری
سکرتێرەیەکی لنگ رووت
بەو هەموو سێڵی برینەوە
بەو هەموو درزە نەوشکوفتەیەی سەرمەوە
بەو هەموو عەزرەتی ناحاڵییەمەوە
دەبمە مایەی شانازی و رمبازی و
سەدان هەزار بازی و نازی
ئەی نەورەس تۆ یەکجار دەمریت
یەک جار رۆح بەدەستەوە دەدەیت
یەک جار دەچیتە زەریاوەو نقووم دەبیت.
ئەو زەریایەی کە لانک و شار وقەبرو
گشت جیهانتە... ئەی نەورەس
من لە لانکدا دەکوژرێم.. تا بچمە جیهان ئاوەدانی
لە ئاوەدانیدا دەخنکێم.. تابگەمە ماناکانی ئەفیون
لە ئەفیون دەگروێم.. تا بمبەنە مەڵبەندەکانی ئیدمان
لە مەڵبەندەکانی ئیدمان گوللەباران دەکرێم...
تادەبم بە پیریی خەڵوەتگا
لە خەڵوەتگا سەردەبڕدرێم.. تا دەگەمە مەبەستەکانی قوربانی
بەو هەموو مەرگەشەوە هێندەی تۆ ئاسوودە نابم.
چەند ئاسوودەیت ئەی نەورەس !؟
نەسوێی بیرەوەرییەکی ئاڵقەم
نەتاڵی یادگارێکی بەسەرچوو
نە ئیدمانی ژانەکانی نیشتمان و
نە موعتادەیی مەرگی غوربەت
نەشەوارەیی لەتێ نان و
نەنامەی کچێکی حەریفی ناحەلیف




نە گەڕەلاوژێی سەرو نە سکوونی دڵ.
ئەمجارەیان باپێکەوە بفرین
چ سیناریۆیەکی بێ هاوتایە
ئاوابوونی گۆی خۆر
لە ئێخەی والآی زەریاو
ئاوابوونی تۆ لە بازنەی ئاڵتوونی و
ئاوابوونی من لە فڕینی تۆدا و
ئاوا بوونی تراجیدیا موقەددەسەکانیش
لە ناو هەموو .
مۆڵەتم دە ئەی نەورەس
با منیش نیشتمانێکم هەبێت لە باڵ
هەموو تاوێرە بەردێکی کەنارم لی حەلآڵ کات
نەبادە دەروازەیەک بمبەخشێ بە نوغرۆ بوون
نەبادە دڵم لە مەیلێکی ئاگریندا هەڵپرووکی
نەبادە سەرم بە رۆحێکی غەریبدا گوزەر بکات
حەلآڵم کە لەو کەنارەی هەموو سپێدانێک
قژی شانەکراوی شەپۆلەکان دەهۆنێتەوە
تا ناسنامەی سووتان لە لێویدا غەوارە بێ
سووتان .. ئەی نەورەس !!
لە فەرهەنگی تۆدا .. نەخۆڵەمێش
نە زووخاو نە پەنگرو نە بۆکرووز
بارگە ناخەن
ئەی تۆ چۆن بە بیرەوەرییەکانی قەقنەسدا دەچیتەوە
کە نە ئەلف و بێی سومبل دەزانیت و
نەلەزمانی باران دەگەیت ..؟
مردن .. ئەی نەورەس !!

له جیهانی تۆدا نه گۆرستان و
نەوەسیەتنامەو .. نەمیرات و ...
ئەی چۆن دەروازەت لە ژیان کردەوە
بێ ئەوەی لە مانای جاویدانی بگەیت ..؟
هەڵوەرین .. ئەی نەورەس !!
له دەریادا نه بەهار سەوز دەپۆشێت و
نەپایز
هەتا هەموو دەستە زێڕینەکانی بەردەبنەوە
لە چەپڵەڕێزان دەکەوی
ئەی چۆن بە ساتە ئەزەلییەکاندا دەچیتەوە
کە هەموو زەمەن بە کەشێکی شێدارەوە هەڵواسرابێ
هەموو عومرت بە دەریاوە کڵۆم دابێ
تۆ بە ئاوێنەیەکی شکاودا رانابووریت
تابزانیت پارچەکانی چەند پەشیمانن
لەو گرتبەستەی بەشۆکێک دوماهی هات .
تۆ .. قەڵەمێک بەسەر ناکەیتەوە
تا تێبگەیت ..
لەپای چی ئەم هەموو حوزنە دەرشێتەوە .؟
لەچاوی ئێمەی خەواڵوو
رشانەوەو .. درەوشانەوە هەریەک رەنگن
ئەویش رەنگکوێر
تۆ نازانیت....... بۆچی عیشق
بەو هەموو دۆڕانەوە.... سەرکەوتنە
بەو هەموو سووتانەوە
بەو هەموو گرفتەوە
بەو هەموو رەهێڵەو سێڵ و زریانەوە



مۆمێکی ئاسوودەو هێمنە؟
تۆ هێندەی مەراسیمەکانی ئێمە عومر ناکەیت
بەڵام هێندەی عومری ئێمە
بە کامەرانیدا رادەبووریت
هێندەی موقەددەسە شرەکانی ئێمە
جوانی و بێگەردی دەبەخشیت
هێندەی مێژووی ئێمە
خۆشەویستی دەچنیتەوە
هێندەی هەموو فەلسەفە پەرپووتەکانمان
حیکمەت پەخش دەکەیت
هێندەی هەموو سیمفۆنیا بەرزەکانی ئێمە
دەفڕیت و
گوێ لە ئاوازی شاڵاو دەگری
ئێمەش بە بارتەقای ئەم هەمووە دەمرین و
بە تۆش دەڵێین لە ژیان ناگەی
ئەی نەورەس... تۆ ئاسوودەی
بەڵام هەرگیز لە ژیان ناگەی
جا.. بتەوێت، یان.. نەتەوێت
ئێمە لە ئاسوودەیی و.........
تۆش...... لە ژیان ناگەیت




٧/بەفرانباری /٢٠٠٧

هەواڵنامەی کتێب



شیعری وەرگێڕدراو

# لە دەقەکانی محەمەد ماغووت

وەرگێڕانی: عەبدولڕەحمان فەرهادی

## مۆزەخانەی شەم


ماغووت

کارێکم دەوێ پێی هەڵسم
زەوییەک بیچێنم
چڵەدارێک قەڵەمیکەم
درەختێک بیروێنم
قۆرتێک تێیکەوم
یان پڕیکەمەوە
سیخوڕێک ڕێی پێ نیشاندەم
یان ڕێی لێ بزرکەم
ئەکتەرێکی فاشیل پڕوپاگەندەی بۆ بکەم
یان یەکی سەرکەوتوو بیشارمەوە
وشە یەکتربڕەکان شیکەمەوە یان ئاڵۆزتری بکەم
بیرۆکەیەکی شانۆگەرییەک فەرامۆش بکەم یان پێشیبخەم
پەرچەمێک بیبڕم یان بیهۆنمەوە

فرۆکەیەیی بدزم یان دانوستانی لێوە بکەم
یا خود بیتەقێنمەوە
گوندێکی دوور پەنای بۆ ببەم
شارێک تێیدا بزر ببم
کاروانێک وەگەڵی بکەوم
دەریایەک قیرتاو بکەم یان تێیدا بخنکێم
تاریکی.. تاریکی.. تاریکی
ئەزیش وەک سەگ بە زنجیر بەستراومەوە
بە هەوران دەوەڕم و نایانبینم.
ئایا ئەز پێشەنگی شیعرم؟
یان پەخشانم
یان پێشەنگی قەحپەخانەو ماخۆرانم؟
وڵاتیش هەمووشت دەبینێ و دەبیستێ
ڕووخساریش وەک دەموچاوی قومارچییەک
وەستاو و بێ جووڵەیە.

## پایزی نەمری


وتمیانێ: ئەڤین لەهەموو شتێ هەس
تەنی لەسەرتە بە دوایدا بگەڕێی
بێ فایدە بوو، گەڕان و پشکنینم
وەک ئەوەی لەلانەی شێر لە پشیلەیێ بگەڕێی.

***

هێزەکانم وەک درەختی کەنار ڕووبار دەپووکانەوە
جارێ وشک و جارێ تەڕ دەبوون
بۆیەش
بڕیاری کردنەوەی لاپەڕیەکی نوێم لەگەڵ هەوراندا

ئەوڵانەی کتێب

ئەو کۆسپانەی ڕێمان دەگرن نایانهێڵم
وەک تاریکی
وەک شکۆمەندی
تەنانەت ئەو هەورو باڵندانەی لەناخەوە ئاڵۆزەکاون
***
ئەی خودایە
ئەوە چ دەنگێکی سیحراویی دوورە
وەک بارانی هاوین پچڕپچڕ بۆم نەهات
وەک بەرگی چڵە ڕووتەڵەکان کە ئامادەیی
ئاهەنگی بەهارن
وەک ئاڵوگۆڕی باڵ و سەوڵ و رووگەکان
لە زریاندا



هەواڵنامەی کتێب

## ئاوێزەی فەلەستینی

شمشێر لە دیمەشق
گەردن لە لوبنان
دۆڕان لە فەلەستین
پرسەوگریە لە ئێران
برسێتی لەسوودان
یارمەتیدان لە سعوودیە
وشکە ساڵی لەیەمەن
چاوپیسی لە ئوردن
بەهار لە غوتەو
پایز لە قاسیون
دەهۆڵ لە حەسرتا
بووک لە دۆما
سەردەمی پاڵەوانی و دروشمانە بەسەر چوو

سەردەمی خیانەت و بیانوو هێنانەوە هاتە گۆڕێ
لەگەڵ هەندێش کەنینی منداڵ و خوێندنی باڵندایە
بەسندووقان شانەو شان لەوێ بۆوێ دەگوازڕیتەوە
وەک چۆن پێداویستی ڕاووشکار و ڕازاندنەوە
بۆ پێشبڕکێی پاشاو میران دەگوازێنەوە.

## چوارشەممەی پۆڵوو

لەوانەیە کڵاوەکەم لە چایخانەیێ لە یادکەم
یان چەرخەکەم لە بارێک
پاکەتە جگەرەکەم لە ئوتێلێک و
کلیلەکانم لە چەکمەجەیێ و
پێڵاوەکانم لە پرسەیێ
ئوتووەکە سۆربۆتەوە لەسەر جلە بە هادارەکانم
بێباکم
بەڵام لەیادکردنی دەفتەری خەمەکانم کەسات بەسات
تێیدا تۆمار دەکرێ
ئەمەیانە ناتوانم بەرگەی بگرم
چونکە لە نارنجۆکی دەستی منداڵێک ترسناکترە
یان ئاژەڵێکیماڵیی ژێر بۆردومان
چونکە هەموو شتێکی لە ژێردا دەسووتێ
تەنانەت وشە ئاسمانییە پیرۆزەکانیش
ئەگەر چی سەدان ئەهریمەن لە پاسەوانێیدان
ئایا خەم لە باوەڕ بە هێزترە؟.

سەرچاوە:
اليدوي الأحمر – محمد الماغوط – سورية ٢٠٠٧
دار المدي للثقافة – و النشر.

چیرۆکی وەرگێڕدراو

# تکایە.. لێگەڕە با قسان بکەم

جەلیل قەیسی

و. موکری



ژوورێکی گەلێ چکۆڵەی دانیشتن، مەکتەبەیەکی بچووکی تێدایە، چەند تابلۆیەکی چاپکراوی هونەرمەندە جیهانییەکان کە سەر بە قوتابخانەی جۆراوجۆرن، لە ژوورەکەدا هەڵواسراون.. مێزێکی چوارگۆشە چەند بتڵە بیرەیەکی لەسەرە.. ریکۆردەرێک.. ئەتڵەسی گۆی زەوی لەسەر مەکتەبەکەدایە. سەعات هەشت و نیوی شەوە. دوو گەنج لەسەر مێزەکەدا دانیشتوون خەریکی خواردنەوەن، یەکەمیان تەمەنی سێ و پێنج ساڵە، قۆزە، بەگەرمییەوە قسان دەکات، بەشێوەیەکی مەسرەحی

گوزارش لە بۆچوون و  هەستەکانی خۆی دەکات، هەندێ جار لە کاتی قساندا دادەنیشێ هەندێ جاریش لەنێو ژوورەکەدا هاتوچۆدەکات و بەدەوری مێزەکەدا دەسووڕێتەوە..

گەنجەکەی دی وەک بت دانیشتووە، بەوردییەوە گوێ بۆ گەنجەکەی دی دەگرێ بەبێهوودەیی هەوڵدەدات جارجارێ قسەی پێبڕێ تا سەرنجی خۆی دەربڕێ، هەرکە گەنجی یەکەم بواری قسەکردنی نەدەدایێ، هەر بەوەندە ئیکتفای دەکرد قاقا پێبکەنێ جارێ پێکەنینەکەی تەوسئامێزو جارێکی دی پێکەنینێکی سارد، هەندێ جاریش بە دەنگی بەرز قاقای لێدەدا، جارجارەیش دەنگێکی ژنانەی خەواڵوو دەبیسترێ دەنگەکە هی ژنێکە مناڵەکەی دەدوێنێ یا گۆرانی بۆ دەڵێ. گەنجی یەکەم مژێکی قووڵ لە پێکەکەی دەدات و هەڵدەستێ.

گەنجی یەکەم:

تکا دەکەم لێگەڕێ قسان بکەم.. نا.. نا قسەم مەبڕە.. دەزانم موتەفائیلی حەقیقی، کێشەکان تەسلیمی دەبن، کێشەکان خۆیان چارەسەردەکەن.. پاشان کێ پێی گوتوویت، کێشەی قورسم هەیە؟

تۆ دەتەوێ ئەزیەتم بدەیت منیش هێشتا لە سەرەتای تەمەندام..

ئازیزم، ئینسان هەرچەندە لە بەختەوەریدا بژیت، ساڵانی دوورودرێژ هەیە بۆ ئەزیەت.. تۆ هەوڵدەدەی فریوم بدەێ، هەرکە دادەنیشین بۆ خواردنەوە، قسەگەلێکی موجەرەدم پێدەڵێی، بەتایبەتی لەسەر ژێیەکانی بەهرەکەم دەژەنێ.. ئاه.. من لەگەڵ تۆدام، فرسەتی ژیانی حەقیقی لەوەدایە بەرلەوەی لەگەڵ پاشەڕۆدا تورەهەڵدرێ، ئینسان هەموو وزەکانی خۆی بخاتەکار..

ها.. ها.. ها.. تۆ چ ئینسانێکی چاکیت.. ئەم تێوەگلانە بەسۆزەم لەگەڵ وێنەکێشاندا، بە بەهرە دەزانێ.. ئەم بەئاگاییە قووڵەم لە ژیان و  کارەکانی ڤان کوخ، بیسارۆ، دیگا، مانییە، سورا، رامبرانت دیلاکروا، ئەمانەیش بەهرەیەکی دین.. تۆ غەمباری بۆ لە دەستدانی وزەکانم.. نا نا، تۆ سەرەڕای ئەم رۆشنبیرییە چاکەت جیاوازی ناکەیت لە نێوان بەهرەی حەقیقی و  داهێنانی ئەفرێنراو.. من چاک سنوورەکانی وزەی خۆم دەزانم (لە مەکتەبەکە ئەلبوومێکی گەورە دەهێنێ، بەپەلە لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە).

سەیرکە.. سەیری ئەم تابلۆیە بکە، ناوی ئۆتافیو سترادایە هی تینتۆریتۆ-ی ئیتالیە، سەیریکە و چاک لێی رامێنە.. سەیری هدوئی سیماتەکانی بکە، ئەم دڵنیابوونە لە

روکەشەکەیدا، سەرنجی ئەم ئازادییە بدە لە حەرەکەکانێ، ڕەوانێ و پشت بەخۆئەستوربوونەکەی، سەیری ئەم وەرچەرخانە قیت و قۆزەی بکە.. دە ساڵی دیش وێنە بکێشم وەک ئەو لە مەنزور تێناگەم.

(گەنجی دووهەم، دەیەوێ قسەکەی ببڕێ)..

نا.. نا.. قسەکانم مەبڕە.. دەزانم دەتەوێ چ بڵێیت، کەسان هەن دەتوانن ببن بە ناپلیۆن، ئەنیشتاین، بتهۆڤن، شکسپیر، دوستوفیسکی، دافنشی بەڵام من، ئۆه.. باوەڕم پێبکە نەزۆکییێکی ڕاستەقینەم هەیە.. تۆ.. ها ها ها هەوڵدەدەی نەوازشی غرورم بکەی، ئەویش لەڕێی پیاهەڵدانی بەهرەکانمەوە (دەخواتەوە بەقوڵی هەناسە هەڵدەکشێ، سیگاری پێدەکات، لە قسان بەردەوام دەبێ)..

پێمدەڵێی ژیان تەحەمول ناکرێ تۆ ئەو کەسەی لە هەموو ساتێکدا حەماسێکی نەبێ بیهەژێنێ.. قسەیێکی جوانە.. زۆر جوانە، من حەماسم بۆ ژیان هەیە.. تەنها بۆ ژیان.

(گەنجی دووهەم بەتەوسەوە پێدەکەنێ..)

پێبکەنە.. تۆ ئازادی.. وەک دەتەوێ پێبکەنە.. چما کەمە ئینسان بژییێت؟

گوێگرە، وەک عاتفییێک داوام لێدەکەی شتێ لەدوای خۆمدا جێبێلم.. ئەرێ وا نییە؟.. بۆ؟ هەموو حیسابێک پاش مەرگ لەنێوناچێت؟ ئازیزم مەرگ روحی جیهانە..

(بەکەیفخۆشییەوە دەخواتەوە)

کاکی میسالی بەهەشتی حەقیقی لێرەدایە، وەک (یەعقوب بوخمە)ی موتەسەوفی ئەڵمانی گوتوویەتی.. بەڵام ئینسان تانهۆ نەچووتە ناوی.

(گەنجی دووهەم بزەیێکی تەوسئامێز دەنیشێتە سەر روخساری)..

ها، تۆ بزەی تەوسئامێز دایگرتوویت.. تۆ ئازادی.. ڕاستە کێ لە کێ تێدەگات.. ئەڵبەتە هەموو زینەوەرێک کائینێکەو وشک نابێ، تۆ ناتەوێ تێمبگەی چونکە من بڕیارم داوە دەسبەرداری هەر شتێ بم پەیوەست بێت بە جیهانی وێنەکێشانەوە.. برا من دەمەوێ فێری هونەری ژیان بم.. تۆیش ڕاوەدوم دەنێی تا بۆ وێنەکێشان بگەڕێمەوە..

(بەپەلە لاپەڕەکانی ئەلبومەکە هەڵدەداتەوە)

سەیری ئەم تابلۆیەی گریکۆ بکە.. لە یۆحەننای مەعمەدان رامێنە کە لەژێر پێی مەسیحدایە، سەیری ئەم، سەیری ئەم تەکاموڵە سیحئرامێزەی نێوان زەوی و مەرگ و ژیانی جاویدی بکە، لە ساڵی زیاتر کارم کرد، چەندین سەعاتم بەفیڕۆ دا، هەر تەنها

بۆئەوەی تەقلیدی بکەم کەچی فەشەلم هێنا.. تەنها.. ها ها ها.. نەقڵی کەم. سەیرکە ئەمە ئەفراندنێکی حەقیقییە..

(بەحەماسەوە)

دەتەوێ بگەڕێمەوە وەک جاران ماندووبم و داهەزێم، مەئیوس بم و خانەوادەکەم پشتگوێ خەم، لە تووێی رەنگەکانەوە بە دووی چارەسەری نەبوودا بگەڕێم، یا ئەو چارەسەرەی کە رۆژێ پەیدا دەبێت و پاش رەنجێکی زۆر بەشێوەیێکی ئیفلیج بەرجەستەی بکەم، پاشانیش چاوە زیرەکەکانی دنیای وێنەکێشان سەرنجی بدەن و تێکمبشکێنن.

(دەنگی ژنەکە دەبیستێ گۆرانی دەچڕێ: کاتەکانم، خۆشدەویێ، خۆشدەوێ لەگەڵ تۆدا)

ئەوە ژنەکەمە.. هەمیشە بەختیارە.. زیاتریش بەختەوەر بووە، لەوکاتەوەی بەتەواوی بوومەتە هی ئەو.

(دەخواتەوە، گوێ لە دەنگی ژنەکەی دەگرێ.. وردەوردە، دەنگی ژنەکەی نامێنێ)

تۆ چاوە زیرەکەکان دەناسێ.. سەیرە وردەکاری عەقلیاتی پالێوتەش دەناسی، رەفز دەکەی، تەنانەت بەسوکایەتییەوە دەڕوانێتە پیاهەڵدانی درۆ.

(گەنجی دووهەم دەیەوێ قسەبکات، گەنجی یەکەم بەپەلە قسەی دەبڕێ) وەک دەبێ لەوەزیاتر حەساس مەبە.. تۆ پێتوایە، یا وات لێحاڵی بووم.. بەر لە چەند رۆژێ، تۆ، یا من ئەو تۆمەتە دەخەمە پاڵت کە کوڵم لێدەگری.. ها ها ها دوور لە تۆ.

(بەسۆزەو دەکێشێتە سەرشانی گەنجی دووهەم)

تۆ لە هەموو ئەو رۆشنبیرانەی ناسیومن جوامێرتری. تۆ مرۆیێکی چاک و بەریئیت، بەڵام بەراستی کوڵ لە ناخم دەگری، لەو شوێنانەی کە سەخت و تایبەت بەخۆمن دەتەوێ بە زمانە جوانەکەت فریوی بدەی و بەرەو دونیای هونەر بمگەڕێنیتەوە.. ئاه.. تۆ عینادی.. ناتەوێ باوەڕ بە رادەی راستگۆییم بکەیت لەگەڵ زاتی خۆمدا.. من بایەخی خۆم وەکو ئینسان دەزانم..

(دەخواتەوە)

بۆچی دەسبەرداری خواردنەوە بوویت.. بخۆرەوە.. بخۆرەوە.

(جگەرەیێکی دی پێدەکات)

ئەوینی بێبەر هەیە، ئەوینیش هەیە بەبەرە بۆ ژیانە پوختەکە.

(سەری بادەدات، شانێکی چەند جارێک هەڵدەتەکێنێ)

نا نا.. بەهرەکـەی من لە وێنەکـێـشـاندا هەرگـیـز بەرناگـرێ، پاش دە سـاڵ ئازارو شەونخوونی وێنەکێشانی بەردەوام ئەم حەقیقەتەم لا ئاشکرابووە. لە دە ساڵدا ڤان کوخ چووە دنیای جاویدی هەمیشەیی..

(هەناسە هەڵدەکێشی)

بەسەرسامییەوە سەرنجم مەدە.. شەلەلێک لە گۆڕێدایە.. بەڵێ شەلەلێک لە بەهرەکەم وەک چۆن ناسکیتیکی سیحرئامێز. لە ژنەوتنمدا هەیە.. دەبا بەرەو دنیای مۆسیقا بچم.. ئێـسـتـا چ سـوودێکی بۆ من هەیە بەرەو چل سـاڵی دەچم.. گـوێگرە ئەرێ ژیان بەبێ داهێنانیش دەوڵەمەند نییە؟

پێتوانییە، سەرباری ئەو سیحرەی لە داهێناندا هەیە جۆرێکیشە لە کۆیلایەتێ؟

(گەنجی دووهەم بەتەوسەوە پێدەکەنێ، گەنجی یەکەمیش لەسەر قسەکردن بەردەوامە)

وەک دەتەوێ پێبکەنە.. پێبکەنە.. موتزارت لەگەڵ کونستاسی هاوسەریا بەختەوەر نەبوو، هایدنیش لەگەڵ ماریا-ی خێزانیا، هەروەها فاگنەر لەگەڵ مینای ژنیاو گوگانیش.. ئەمانە کۆیلەی بەهرەکانی خۆیان بوون..

(گـوێی لە دەنگی ژنەکـەی دەبێ گـۆرانیـیەکی لەیلا مـوراد دەچڕێ.. نۆشت بێ خۆشەویستەکەم)

تۆ دەزانی من لەگەڵ ژنە گەنجەکەمدا چەندێ بەختەوەرم.. منداڵەکەم کە دەیپەرستم.. منداڵەکـەم، خـوداوەندم، بۆ من گـەورەترین داهێنانی ژیانە.. باوەڕم پێـبکە لەززەتێکی وروژێنەر لە خۆشیەکانی ژیاندا هەیە..

تۆ دەزانی چ خۆشەویستیێکم بۆ مۆسیقا هەیە، دەشزانی چم بەسەردێ کە گوێ لە مـوتزارتی منداڵی ئاسـمـان دەگـرم.. یا باخ-ی سـیـحرباز.. بەهرە ئا لێرەدایە.. من لە تەنهاییمدا خۆم لەگەڵ داهێنەراندا بەراورد دەکەم بە بێدەنگییەوە توشی ترسێکی قورس دەبم.. بیر لە چی دەکەمەوە کە گوێ لە باخ دەگرم.. بەراست ئەقڵی ئینسـان، هەرچەندە نەشـات و حـەیەویەتی هەبێن هەرچەندە خـەیاڵی گـەرمی هەبێ، دەتوانێ ئەم ئاوازانە دارێژێ..

(گەنجی دووهەم دەیەوێ قسەکەی پێببڕێ)

سەبرکە.. تکات لێدەکەم.. قسەکەم مەبڕە.. کاتێکی زۆرت دەدەمێ تا قسان بکەیت..

دەزانم لە سەرنجەکانت حاڵیبووم، دەتەوێ بڵێیت مۆسیقا لەگەڵ باخ و موتزارتدا کۆتایی پێنەهاتووە.. ئەڵبەتە.. داهێنان جاویدە وەک ئینسانی جاوید.

(گەنجی دووهەم دەخواتەوە، پاش هەندێ دەداتە قاقایێکی بەرز)

دەتەوێ پێمبڵێێ، هەرکە نەتویست بگەڕێتەوە بۆ دنیای وێنەکێشان وشە موفەزەڵەکەت دەدرکێنی TAUTALISE، خۆشەویستی بۆ هیوا.. هیوا.. خۆشەویستی هیوا.. ها ها ها تۆ کەللەرەقێ و بەسەبرێ.

وشە موفەزەڵەکەت (بە ئینگلیزی چەند جارێ دووبارەی دەکاتەوە)

هیوا شتێکی نایابە.. بەڵام حەزم لە وەهم نییە.. راستە بەبێ وەهم مرۆ هەست دەکات زینەوەرێکی ئاساییە.. گەلێ ئاساییێ.. بەڵام وەهمەکانیش ترسێنەرن، دڵ و فکر و روح کاسدەکات.. بۆچی داوام لێدەکەی گوزارشت لە هیوایەکی وەهمئامێز بکەم و ژیان بە شەونخوونی بەسەربەرم وەک گەوجێ خەریکی راوەدوونانی فکرو رەونگ و هێڵکاری و خەونەکان بکەم، کە لەبەردەستمدا وک پەپولە دەخزێن.. بەڕاستی بۆچی داوام لێدەکەی لەگەڵ برێک لە فکری تەم و مژاوێ و ماندووبەخش بشڵەژێم.. سەرئەنجامیش ناتوانم لە تابلۆیەکدا بەرجەستەی کەم.. ها ها.. چەند سەیرە، هەر جارەی لێتدەپرسم بۆچی پێمدەڵێی دەمەوێ سەرکەویت.. لەکۆتاییدا.. ها ها ها ها بە شێوازە فریودەرەکەت دەڵێێ، سەرکەوتن سیحرێکی نایابی هەیە..

(دەخواتەوەو جگەرە دەکێشێ)

دەی بخۆرەوە، بتڵێکی دی بکەرەوەو بخۆرەوە، وابێ دەتەوێ من سەرکەوم، ئای کە چاک و بەریئیت.. گوێگرە، تۆ لە من ئاگادارتری لە ئەدەب و مێژوو نموونەیێکت دەهێنمەوەبیر، ئاگا مەمنوون، لەبەرئەوەی تۆ عاشقی هۆمیرۆس-ێ.. ئاگا مەمنوون سەرکەوت بەسەر ترواددا، بەڵام سەرنەکەوتە سەر خۆێ، هەزار کەشتی کۆکردەوە، بۆئەوەی ئەو ژنە بگەڕێنێتەوە کە رەدووی میوانەکەی خۆی کەوتبوو.. سەیرتر ئەوەیە لەخۆبایی بوونەکەی گەیشتە رادەیێک دە ساڵ گەمارۆی ترواددەی دا، جوانترین کچانی خۆی کردە قوربانێ و گەنجانی میللەتەکەی خۆی کوشت.. لەگەڵ سەرکەوتندا چی وەدەستهێنا؟ لە ولێتەکەی خۆیدا چی بەدی کرد؟ پیرەمێرد گەل و ژنێک-ی خائین.. ها ها حوکمڕانی چ سوودێکی هەیە، سەرکەوتن چ سوودێکی هەیە.. کەیفخۆشی چ سوودێکی هەیە؟..

هاوڕێم دەتەوێ لە سەرکەوتندا چیم بۆ بسەلمێنێ؟ هەروەها بەم میسالیەتە پێکەنین

ئاوەڕشت.. نا.. بەڵکو میسالیەتەکەت ئیسپارتیەو سەختگیرە.. دەتناسم.. پێمدەڵێی کەمالم دەوێ؟ کەمال و  چاکترین شتەکانی خۆت و  بەچاوتێرییەوە خۆت بە خەڵکان ببەخشێ..

چاکە.. بیکە.. بیکە.. پێمناڵێی لەم پێنج ساڵەی دواییەدا لەنێو دنیای ئەدەبدا چیتکرد، ڕۆمانێکی بێداک و  بابت نووسی، پاش چەند ڕۆژێ لەبیرکرا هەندێ چیرۆکیشت نووسی.. ئەوانەی نووسیوتن هەزاریەکی ژیانی چیرۆکەکانی تیشیخەف و  موپاسان–یان نییە، تۆ پاش چەند ساڵێکی دی لەبیرناکرێیت، بەڵکو تۆ لەئێستاوە لەبیرکراویت.. ئەو نرخە زۆرەیش کە دەیدەێ.. خودایە، لە ئاوێنەدا سەیری ڕوخساری خۆت بکە، بەجارێ پیربوویت، بەڵێ هەر بەجارێ پیربوویت.. تۆ هاوتەمەنی منیت لەبەر موعاناتەکانت ڕۆژگار زەبری لێوەشاندویت.. ها ها ها ها..

بەڵام من.. بەپەلە بەخۆداهاتمەوە، بۆیە لەسەرەخۆ پیردەبم.. زمەن موراعاتم دەکات، چونکە هیچ شتێکم لێناوێ، ڕەنگیشە هەر لەبەر ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆمدا و  قەناعەتەکەم کە ویستەکانم لەژیاندا کەمن. ها ها زمەن حیساباتی وردم بۆ دەکات، چونکە لەگەڵیا ڕۆژانە فێری هونەری ژیان دەبم.. ئەدی تۆ! بەس نییە ئازاری نووسین و  خوێندنەوە، شێتانەیش بیردەکەیتەوە. بەڵکو بیرکردنەوەکانت بە خەمێکی زۆرەوە لەبەریەکت دەترازێنێ، هەندێجاریش بەهۆی سۆزە فرمێسکئامێزەکان، بۆ چارەنووس و  موسیبەتەکانی دنیا.. تۆ کە ناتوانی شتێکی بۆ بکەی.

(گەنجی دووهەم دەیەوێ قسەکەی پێببڕێ)

چاوەڕێکە.. جارێ تەواو نەبووم، دەزانم دەتەوێ چم پێبڵێی.. ڕێز لە حەماسەتە شۆڕشگێڕیەکەت دەگرم، بەڵام خەم بۆ ئەم موعاناتە خۆڕاییانەت دەخۆم، کە بۆ ڕوداوەکانی دنیای خوێناوییە..

(لەسەر مەکتەبەکە گۆی زەوییەکە هەڵدەگری، دوایی بەئاسپایی پەنجە دەخاتە سەر هەندێ شوێن و  قسان دەکات)

سەیرکە، تا ئێستا لە ئیرلەندای شمالی، لەنێوان کاسولیک و  پرۆتستانت خوێن دەڕێژرێ، جەنگی ناوخۆی تامیل و  سەنحالیەکانی سیریلانکا، ئەوەیش لبنانی غەدرلێکراوە. جەنگێکی خوێناویش لە فلیپیندا هەیە تا ئێستا لە سلڤادورو ئەنگولا هێشتا کێشەکانیان بەردەوامەو گڕی لێهەڵدەسێ، کێشەی پەنجابی هیند، باسک لە ئیسپانیا، کێشە بەردەوامەکەی ئەفریقای جنوبی.. دەتەوێ چ لەم وێرانکارییە ترسێنەرە بکەی؟

ئازیزم بەزەییت بە دڵی خۆتا بێتەوە.. دەتەوێ ببی بە چی؟

ئەپوللو.. تەنانەت ئەپوللونیش مەسیح لە ریشەی دەرهێنا.. مەسیح لە ریشەی دەرهێنا.. دەتەوێ ببیتە مەسیحێکی دی؟ داروین هات و مەسیحی لە ریشە دەرکێشا.. بەڵام من تەتبیقی گوتەکەی نیچە دەکەم (گەر بۆت نەلوا ببی بە مەزن.. ئەوا عاشقی مەزنەکان بە) دەزانی هەرکە گوێم لە _من عاشق بووم و کۆتاییم پێهات - بێ لەناخەوە هاواردەکەم ئەڵاهوئەکبەر یا شێخ.. ئەڵڵێهوئەکبەر، کاتێ کە گوێ لە _ ئەسڵی غەرامی- مەلا عوسمانی موسڵی دەگرم، لەخۆشیانا لەرز دامدەگرێ.. کە لەگەڵ موتزارت دەبم خۆشییێکی موعەقەدو سیحرئامێز رووم تێدەکات، کە هەرگیز ناتوانم شەرحی بکەم.. هاواردەکەم، ئاه.. موتزارتی مەزن، دادەچەمێمەوە بۆ مەزنی بەهرەکەت.. ئاوەهاش هاواری بێدەنگ دەردەپەڕێنم بەرانبەر بە مەلحەمەکەی جەواد سەلیم. مەست دەبم کاتێ کە سەیری تابلۆی بەهاری بوتشیللی دەکەم..

(گوێی لە دەنگی ژنەکەی دەبێ منداڵەکەی دەلاوێنێتەوە) هاوڕێم مادامێکی مەزنی ئەوانەم نییە، بەخۆشەویستیەوە بۆیان دادەچەمێمەوە..

ئایە چ زەرورەتێک هەیە خۆم بخەڵەتێنم.. نا.. نا فریوم مەدە بگەڕێمەوە.. جارێ گەنجم، حەقی خۆمە بژێم و بەس، باوەڕت هەبێ لەمەولا، بایی زەڕەییێک بایەخ بە رابوردوو نادەم، تەنانەت بۆ داهاتوویش.

(گەنجی دووهەم بەتەوسەوە پێدەکەنێ)

وەک دەتەوێ پێبکەنە.. رابوێرە.. گوێگرە. دەزانی چۆن مانای شتەکان فاسد دەبێ؟ فاسیدی دەکەی گەر هەوڵبدەی مانایێکی بدەیتێ.. تۆ.. ئەی خودایە، دەتەوێ هەموو شتێ مانای بدەیتێ.. نا.. نا.. نامەوێ لەمەولا شتم هەبێ فاسیدیان کەم.. ئایە ئێستا لات رونبووەوە؟

(دەخواتەوە)

بەیارمەتیت.. گومان دەکەم ئێستا بەلاتەوە رونبومەتەوە.. دەزانی لە گەڕەکدا خەڵکی چۆن سەیرمدەکەن.. بەسەرسامیێکی سەیرەوە جارجارێ دەبیستم، رێک وەکو تۆن، دەڵێن ئەمە چ گەنجێکی غامیزە.. کێ دەزانێ چەند نهێنی سەیرو قوڵی لایە! فزول و پرسیار دەوروژێنێ، شەو و رۆژ گوێ لە موسیقای موعەقەد دەگرێ، یا وک هەرزەییێک موغازەلەی ژنەکەی دەکات، یا منداڵەکەی دەخاتە سەر قەلێندۆشکان و بەناو باغەکەدا

دەیسوڕێنێتەوە.. ها ها ها.. ها، ئەمانیش کوڵم لێدەگرن بە شێوازە شەیتانیەکانی خۆیان سەرنجم دەدەن، و خۆیان ماندوو دەکەن وەک تۆ دەڵێی دەیانەوێ تەوەری ناوەوەم ببینن.. ها ها ها ها.. دەزانم کاتێ کە نۆرەی قسەکردنت دێت پێمدەڵێی، ئەرێ کەسێکی دەسبەرداری وێنەکێشان دەبێت قابیلە بەم شکستە غەماوییە دایهەزێنێ.. باوەڕم پێبکە گەر بەم شێوەیە بیربکەیتەوە ئەوا تێمناگیت.. هەرگیز تێمناگەیت.. کێ لە کێ تێدەگات؟

من وەکو بودییەکانم، دەڵێم هەموو تاکێ وەڵامی راستی بۆ پرسیاری ناخی خۆی هەیە.. گوێگرە.. کێ دەزانێ رەنگە ببیتە نووسەرێکی گەورە، تەجاوزی هەموو نووسینەکانی خۆت بکەیت و بەختەوەر بیت، چونکە سەرکەوتن بەختەوەرییە، بەڵام هەرگیز لەیادت نەچێت.. دەڵێم هەرگیز فەشل تەنها بێبەختییەو عەیب و عار نییە، بێشانسیم لە دنیای وێنەکێشاندا فێری کردم بژێم.. لەپێناوی زاتی خۆمدا ببمە کەسێکی حەزاری. کاکی رۆمانسی پێمەکەنە.

(گەنجی دووەم دەداتە قاقا، وەک ئەوەی بڵێ ئەرێ بەڕاست من رۆمانسیم)

بەڵێ تۆ رۆمانسیت. دەتەوێ وەک سوارچاکەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا سواری ئەسپ بیت لەپێناوی شوهرەت و مەجد خەڵکی بکوژیت هەر رەنگیشە لەبەر دەسکێشی ژنێک..

(دەچێتە لای ریکۆدەرەکە کاسێتێکی دەخاتە سەر)

گوێ لەم ئاوازەی PAIHEIQUEی. شایکۆفسکی بێت. با خۆشەویستی خۆمان پێشکەش بە مەزنییەکەی بکەین.. لەبەرئەوەی من عەبقەری نیم، ناشمەوێ ببم بە عەبقەری.. ئیدی وەک سوودو زیان سەیری ژیان ناکەم.. دەمەوێ بژێم بەرەو ناخ چوونی ژیان بۆ تۆ جێدەهێڵم.

(گەنجی دووهەم بە دەنگی بەرز پێدەکەنێ)

بە دەنگی بەرزتر پێبکەنە، بەئارەزووی خۆت ناوم لێنە.

(مۆسیقای شاریکوفسکی دەستپێدەکات)

پەردە

تێبینی:

ئەم مۆنۆدرامایە ناوی (شکستهێنانی غەمبارە) و ناونیشانەکەم گۆڕیوە.

چیرۆکی وەرگێڕدراو

# - هەموو جیهان هەر خەریکن
# - مەڕ

دوو چیرۆکی سەلاح زەنگنە

لەتیف هەڵمەت: کردوویەتی بە کوردی



## هەموو جیهان هەر خەریکن

دایکم خەریکی گونکە هەویر و تەنوور داخستنە و ئەوەش باوکمە خەریکی هەڵکێشانی مووە سپێکانی سمێڵە چڕەکەی و هاڕینی داڵغەکانیەتی... بەڵام خوشکەکەم خەریکی ماکیاژ کردنی روخسار و قژەکەیەتی و برا بچکۆلانەکەشم خەریکی یارییە بچووکەکەیەتی... بەتەنیا من خەریکی هێلی تەلەفۆنم...

هێڵی تەلەفۆنیش هەر خەریکە...

شـەقـام خـەریکی تۆمـبـێل و تۆمـبـێلیش خـەڵکە و خـەڵکیش هـەر خـەریکن... دەلاک بەکـاری سەرتـاشینەوەو بۆیاغـچی بەپێڵاو بۆیاغکردنەوەو بەقـاڵ بەسـەوزە و قـەساب بە گۆشت و بەزاز بە کوتاڵەوە...

تەنیا من هەر خەریکی هێڵی تەلەفۆنم

هێڵی تەلەفۆنیش هەر خەریکە...

زەوی خـەریکی سووڕانـەوەیە بەدەوری خۆردا و خـۆر خـەریکی گەرم کـردنەوەی ئەسـتێرەکـانە و مـانگ خـەریکی عـاشـقـانە و دەریا خـەریکی شـێـتـێـتی خـۆیەتـی و درەخت خـەریکی چۆلـەکـەیە و چۆلەکەش خەریکی دڵدارییە..

بە تەنها من خەریکی هێڵی تەلەفۆنم

هێڵی تەلەفۆنیش هەر خەریکە..

زرنگەیەک لە ناخمدایە.. دەستم لەسەر دڵم لا دەبەم.. دڵم

خەریکە.. خەریکی زرنگەیە..

کەس وەڵامناداتەوە

دەسکی تەلەفۆنەکە دادەنێمەوە.. لە سۆنگەی زرنگانەوەدا

دڵم دوولەت دەبێ.. بێدەنگی لێم دەئاڵێ..

بێدەنگییەکی سامناک

هەموو جیهان هەر خەریکن..

سەرچاوە: کائنات صغیرة.

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی عێراق.



هەواڵنامەی کتێب

## مەڕ

چەند رۆژێکە سەرنج دەدەم پێستەکەم خوری لەسەر دەڕوێ.. ئەمڕۆش پێمزانیوە کە دوو شاخ لە تەوقی سەرمدا رووان و بە سزاواییەوە بەم بارودۆخە قایل بووم.

جلەکانم لەبەرکرد و کڵاوێکم لەسەرکرد و شاخەکانم لەژێریدا شاردنەوە و دەرچوومە سەرشەقامەکە و کاتێ دراوسێکەمانم بینی دەستپێشکەری سڵاوم لێ کرد و لەبری بەیانیت باش کەوتمە باعە باع لە بەرامبەری.. هەستم بە شەرم و شڵەژاندن کرد و بەوپەڕی خێراییەوە بەرەو فەرمانگەکەم رامکرد.. و چوومە ژوورەکەمەوە و لە جێگاکەی خۆمدا دانیشتم.. فەڕاشەکە خۆی کرد بە ژوورەکەمدا دەستبەجێ رایکردە دەرەوە.. دوای تاوێک لەگەڵ بەڕێوەبەردا گەڕایەوە و بەڕێوەبەر بە پێچەوانەی یاساو ڕێسای خۆی قاقا پێدەکەنی..

– ئەمە چییە مەڕێک لە جێگاکەی بەڕێز (وەدیع) دایە..

(ویستم بڵێم من وەدیعم و مەڕ نیم)، بەڵام ترسام دیسانەوە باعە باع بکەم و قوڕەکە خەستتر ببێ..

بەڕێوەبەر فەرمانی بە فەڕاشەکەدا:

– دەی بیبە بۆ ماڵەوە.

فەڕاشەکە.. بۆ ماڵی بەڕێوەبەری بردم.. ژنەکەی شاگەشکە بوو بۆم و منداڵە بچکۆلەکەشی کەوتەو گەمە و گاڵتە لەگەڵمدا..


بۆ ئێوارە بەڕێوەبەر قەسابێکی بێ بەزەیی، هێنا چەقۆیەکی تیژی بەدەستەوە بوو.. دەستی لە پشتم کرد و گوتی: – سەیری چ مەڕێکی قەڵەوە..

لەو چرکەساتەدا، کە بڕیارم دا هاوار بکەم من مەڕ نیم.. چەقۆی قەسابەکە ملی لە لەشم دابڕی..

سەرچاوە: كائنات صغيرة. لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی عێراق.

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆکی وەرگێڕدراو



یەشار کەمال

# مێشووله

و:محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە



حەسەن هەردوو دەستی تاكو ئانیشكی بە ناو گەنمە ساردەكەدا كرد، تاكو ماوەیەكیش لە ناویدا مایەوە، پاشان هەردوو دەستی دەرهێنا. شەوێ لە شەوەكانی حوزەیرانی گەرم و خنكێنەر، ئەستێرە گەورەكان و بچووكەكان لە شەوێكی تاریكدا وەكو شمشێر یەک لە دوای یەک ئاسمانیان دەدڕی.

حەسەن هات لە سەر ژنەکەی وەستا لەسەر ئەرزی خەرمانە ساردەکە نوستبوو. سنگە کراوەکەی لە سەر ئەرزەکە توند کردبو هەناسەی یەک لە دوای یەکی دەکێشا دەتگوت مووشەدەمەیە(منفاخ) پەنجا هەنگاو لەو لایانەوە تاکو گردەکەی بەرامبەریان کێڵگەیەکی ڕەشی برنج بۆنی پیسی زەلکاوو تەڕ و قورس و ناخۆشی لێوە دەهات.

ئافرەتەکە ئەملا و ئەولای دەکرد و دەمی کردبۆوە و بەگرانی هەناسەی دەکێشا.

حەسەن لە نزیک سەریەوە دانیشت، مێشوولە وەکو هەورێکی ڕەش لە سەر سەریانەوە بوو، ژنەکە لە پاسکردنیان ماندوو ببو نەیدەتوانی دەسەکانی بجوولێنێ و هەموو لەشی مێشوولە پێیەوەی دابوو، کراسەکەی بەری هی ئەوە نەبوو نەیەڵێ مێشوولە پێیەوە بدات. دەستی حەسەن بەردەوام دەجوولا و لەسەر سنگ و ڕانی بوو.

ئافرەتەکە وتی:

«حەسەن، حەسەن دەسەکانم ماندوو بوو ئەوەندە مێشوولەم دەرکرد لەشمیان پارچە پارچە کرد»

زۆریش لە خۆڵەکەدا گەوزایەوە و پاشان وتی«ئای ئای مردم» دەستی بە خوارندنی سمت و سنگی کرد، وەکو بڵێی دەیەویست بیدڕێ«کاشکی بمردایەین و لەم دێیە ڕزگارمان بوایە. ئەمە چییە؟ با بۆ ماڵەوە بڕۆینەوە».

حەسەن وتی: بڕۆین بەڵام ئایا باوەڕت وایە ماڵەوە لێرە باشترە،مێشوولە لە ماڵەوە زۆر ترە.

ژنەکەی وتی:

«من مردم ئەمە چییە؟»

حەسەن، سنگی نا بە شانی ژنەکەیەوە وتی:

«گەنمەکە دەدزن، هەمووی دەبەن»

ژنەکە وتی:

«کەواتا چی بکەین؟»

حەسەن:

«چارە چییە»

هەولێرنامەی کتێب

حەسەن بە توندی بە ناوچاوانی خۆیدا دەداو وتی:

«ئای دەڵێی دەرزیمان پێدا دەکەن، هەموو دەستم خوێنی سووری لێدەردێ

خوێنیکی زۆریان مژیوە، بە شەواڵەکەی باش سڕی.

ژنەکە وتی:

«حەسەن، چی دەڵێی، کایەکە هەڵدڕین و بچینە ناو یەوە؟»

« لە گەرما دەمرین»

«بەڵام لێرە بمێنین بەمجۆرە مێشوولە دەمانخوات»

«ئەی چی بکەین»

ژنەکە بە تووڕەییەوە هاواری کرد:

«ئەمەی لێرە مێشوولەی دروست کرد چاوی کوێر بێت، هەتا ماوە لە دەست و پێ بکەوێت و لە سەرئەرز بەخشکەیی ئینشائەڵلا بڕوات»

حەسەن«ئێمە زۆری تەحەمول دەکەین»

ژنەکە«حەسەن چارەیەک بدۆزەرەوە. تاکو بەیانی تەحەمول ناکەم دەمو چاوم ئاوسا »

دەستەکانی نە دەوەستا، **بەردەوام لە لەشی دەدا**.

«دەبێ ئەم کێڵگە وشک بکرێتەوە، پێویستە هەموو کێڵگە برنجەکان وشک بکرێنەوە» کۆمەڵە کایکەی بە پەلە هەڵدڕی و چووە ناوییەوە، کاتێ ساردی کایەکە بە لەشی گەیشت.. بانگی کرد:

«وەرە زۆر ساردە، وەرە خۆتی تێهاوە»

حەسەن لێی نزیک بووەو وتی:

«بەڵام دەسووتێنی» مێشوولەش ئێستا دەبینی، لەوێ دەرچۆ.

ژنەکە لە ناو کایەکە دا خۆی توند کردبوو تا ملی و هەردوو دەستیشی لە دەوری سەری دەجووڵایەوە.

«نایەڵم مێشوولە لە سەرم نزیک بێتەوە»

«ئێستا دەبینی»

ئارەق لە لەشی ژنەکە دەهاتە خوارەوە، کایەکەش دەنووسایە لەشیەوە و دەچەقییە لە

شیاو دەیسووتاند.

«ئای ناو کایەکە چەندە ساردە»

حەسەن:

«ئێستاکە دەیبینی»

ئافرەتەکە ڕاست بووە وە و وتی :

«ئای، لەم دێیەدا پیاوێک نییە ئێوە تەنها بە ناو پیاون لە(مورعش)ەوە، پیاوێک هاتووە هەموو ڕاستییەکەی بە زەلکاو کردووە.»

حەسەن وتی:

«لە دەوریدا، لەبەر ئەوە پارەی هەیە»

ناو کایەکە زۆر گەرم بوو، ئەوەندەی نەما بوو ژنەکە بخنکێ، دانە جیرەی بوو دەیەویست بازداتە دەرەوە، حەسەنیش لە بەردەمیەوە دەهات و دەچوو.

«حەسەن وەرە ناو کایەکەوە وەکو بەفر ساردە وەرە ناو کایکەوە مێشوولە لەوێ دەتخوا»

«پێم وت وەرە»

«بەم جۆرە باشە»

«وەرە پیاوەکانی دێیەکی گەورە.. لەم دێیە منداڵێک نەماوە تووشی گرانەتا نەبووبێت. گرانەتا هەموویانی ماندوو کردووە. تف. پیاوەتیتان بمرێت».

«وەرە ژێر کایەکە»

حەسەن کەمێک بیری کردەوە پاشان کایەکەی و خۆی هاویشتە ناوییەوە، یەکەمجار هەستی بە ساردی کرد.. پاشان. ژنەکە ئەوەندەی نەما بوو لە هۆش خۆی بچێ، دەمی کرا بۆوە و زۆر بە گران نەفەسی دەکێشا.

پیاوەکانتان بمرن، ئایا ئەگەر ئێوە پیاو بووایەن دەیتوانی لێرە کێڵگەی برنج بکات.

دەیتوانی، چونکە خاڵۆی پشتوانێتی».

تەنانەت ئەوەندە بێدەسەڵاتن ناچن بۆ لای میری بۆیان روون بکەوە کە هەموو خەڵکەکە و منداڵان، هەموویان گرانەتا هەڕەشەیان لێدەکا، داوای(کولە)ناکەن، پیاوان وەکو ئێوە شایستەی مردنن، ئەگەر ئێستاکە کولەمان بوایە..

حەسەن لەناکاو لە ناوەڕاستی کایەکەوە هاتە دەرەوە وتی:

مردم، سووتام، تۆ چۆن دەتوانی»؟

ژنەهیچی نەوت.

**ژنەکە خەریک دامابوو**. بۆنی ئارەق و بۆنی زەلکاوە تیژەکە و ترشەکە لەگەڵ بۆنی کای تەڕ تێکەڵاو بوون. کایەکە نووسابووە لە شیەوە و ئەو شۆینانەی کە سووتاون بە بۆنەی پێوە دانی مێشوولەوە.

«بریا هەمـوو پیـاوانی ئەم دێیە دەمـردن، وەرە لێرە دەرمکە، نەک لەوێ بەم جۆرە لە دەرەوەی».

هەرکە لە ناو کایەکە دەرچوو لە سەر خۆڵەکە درێژ بوو(ئای خۆڵەکە چەند ساردە)

ئەوەندەی پێنەچوو مێشوولە لە سەر سەری هاژەی دەهات.

«ئای، ئای وەکو سەگ گاز دەگرن، وەکو سەگ. هەر یەکە لەوانە ئەڵێی سەگی هارن».

لەسەر ئەرزی خەرمانەکە دەگەوزایەوە و هاواری دەکرد:

**پیـاوەکـانتـان بمرێن**، ئەگـەر بۆ لای میـری بڕوایەن هەر یەکـە لە ئێـوە کـولە یەکی لە(مورعشی) یەکە وەر دەگرت، ئێوە هەمووتان لە(مورعشی) دەترسان کە باڵای یەک بستە.

حەسەن:

لێی نەدەترساین، بەڵام موختار بەرتیلی لێ وەرگرتووە.

نەخێر ترسان:

قسەی مورعشی دەڕوات، چونکە لە لایەن میرییەوە یاریدەدەری هەیە.

حەسەن: هەردوو ڕانە بە دەرەوەکەی بەخۆڵ دەخوراند، ژنەکەش ڕای دەکرد و هاواری دەکرد. (بۆ کوێ بڕۆم ئەوە پێویستە، ئەوە پێویستە)

دووا جار ماندوو بوو دانیشت و هەردوو دەستی بەمـلاو بەولای خۆیدا شۆڕ کردەوە و وتی:

«بابێت بمخوات».

بەم جۆرە بە بێ جوڵە ماوەیەک مایەوە(مورعشی) ئەو بوو توانی ئەوەی ئەلیفای ڕفاندوو ڕزگار بکات لە دەست میری شوکری شێت پەنجەرە و دەرگای دەشکاند ئەلیفای برد و

خستیە پشتی ماینەکەی و بردی بۆ دۆڵی سیرانفیچ مەرعوشی رزگار کرد.

«لەبەر ئەوەی شوکری شێت سوودی هەیە بۆی»

«هیچ کەس لە ئێوە بۆلای میری نەچوو کێڵگەکانتانی داگیر کرد، هەموو تووشی گرانەتا بوون».

ژنەکە پاڵ کەوتبوو شانەکانی ڕەش بوون، لە تاریکاییە کەدا کرژ و کورمۆڵە ببوو حەسەن هێشتاکە هەردوو ڕانەکەی بە خۆڵەکە دەخوراند، زیاتر بە پەلە دەیخوراند و چاوی لە سمتە خڕەکەی و لەشەکەی بوو، ماوەیەکیش باوەشی لە خۆڵە گەرمەکە دەداو پاشان لە ژنەکەی نزیک بووەوە و دەستی بەسەر شانو سمتی دەهێنا ژنەکەی بەلاکەی کەدا وەرچەرخا.

«ئەی ژن».

«ئەی پیاو شێت بوویتە».

بەسکە خشکێ لێی نزیک بوەوە و دەرمارەکانی پلیان دەدا.

ئایا شێت بوویتە؟ ژنەکەی وای پێوت و دیسانەوە وەرچەرخاو وتی.

وەختە بۆ خەو کوێر بم. بەسکەخشکێ دیسانەوە بەرەو لای ڕۆیشت «مێشوولەخواردمی» دەستی لەسەر سمتی بوو. بەردەوام لە گەڵیدا یاری دەکرد.

ژنەکە وتی«ئۆوەه»

حەسەن خۆی بەسەردا داو ژنەش نەیویست خۆی رزگار بکا.

کاتێ شوکری شێت ئەلیفای فڕاند، بۆ شیوە ساردەکە هێنای. هەردووکیان لە ئارەقەدا خنکا بوون لەسەر ئەرزی خەرمانەکە، هەورێک لە مێشوولە بە سەریانەوە هاژەی دەهات، شەوەکەشی قورس و گران و بۆ گەن بوو، دنیاش تاریک بوو، دەنگی بۆقەکان لە کێڵگەی برنجەکەوە دەهات دەستی ژنەکەی گرت و هەڵیساندو خۆڵەکەی ژێری تەڕ بوو لە ئارەقەدا و قوڕ ئاسا بوو.

حەسەن وتی:

«سبەی بۆلای میری دەچم، سکالایەکیان دەدەمێ و ئەم کێڵگانە هەمووی وشک دەکەن».

چیرۆکی وەرگێڕدراو

# پێنج چیرۆکی هەرەکورتیلە

و. لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی

هەواڵنامەی کتێب




* چیرۆکی کاتی خەو
* بەسەرهاتەکان
* تازەکار
* مردنی ئێوارێ
* ببوورە پرسیارم کرد

**چیرۆکی کاتی خەو** - جێفری وایت مۆر

پیاوەکە کاتێکی دەگەڕایەوە بۆ ژووری خەو، گوتی: «وریابە، چاوەکەم، گوللەی تێدایە.»

ژنەکە کە پاڵی بە تەختەکەوە دابوو، گوتی: «ئەمە بۆ ژنەکەتە؟»

«نا، زۆر خەتەرە. دەمەوێ کەسێکی پسپۆری بۆ بە کرێ بگرم.»

«منت پێ چۆنە؟»

پیاوەکە بزەیەکی تەوساوی هاتێ:«قسەی خۆش دەکەی، باشە کام نەزان بۆ کوشتنی کەسێک ژن بە کرێ دەگرێ؟»

ژنەکە لێوی تەڕ کردن و لوولەی دەمانچەکەی رووەو پیاوەکە راگرت.

«ژنی تۆ.»

**بەسەرهاتەکان** - مارک کوهن

رێجینالد کووک بەر لەوەی سێسیل نورسئوود بگوازێتەوە سێ هاوسەری بە خاک سپاردبوو.

بە سێسیلی گوت :«بەسەرهاتی کارەساتاوی»

سێسسل وەڵامی دایەوە:«چەند جێی داخە، باشە ئەوان دەوڵەمەند بوون؟

رێجینالد گوتی:«جوانیش.»

ئەوان مانگی هەنگینیان لە کێوەکانی ئالْپ تێ پەڕاند.

دواترەکان، سێسیل بە هاوسەرە تازەکەی گوت:«دەزانی، خۆشەویستەکەم، مێردی یەکەمم لە بەسەرهاتێکی کارەساتاویی بە کێو هەڵگەڕاندا مرد.»

جاستین مارلۆ وەڵامی دایەوە:«چەندە جێی داخە.»

**تازەکار** – شێڕی پێلێ میر

کاتێکی چەند ساتێک بەر لە دەسپێکی پەردەی یەکەم، ئەستێرەی شانۆکە کەوت و مرد، دەرهێنەرەکە گوتی:«شانۆ دەبێ بەڕێوە بچێ. ئیمشەو لە بری ئەکتەری تازەکار، ئەستێرەی شانۆ دەوری مەیت دەگێڕێ.»

تازەکارەکەخێرا جلی گۆڕین. نواندنەکەی سەرکەوتووانە بوو. ئەستێرەی شانۆ دوایین دەوری خۆی بێ نوقسان گێڕا.

تازەکارەکە کاتی سەر دانەواندنی ڕێز لە هەمبەر باهۆزی چەپڵە باراندا دەستی بۆ ئەو دەرزییەی لە گیرفانیدا بوو برد.

**مردنی ئێوارێ** - پرسیلا مینتلینگ

«لە پشت ئەو درەختە وەرە دەرێ، لویی، با مێشکت کوناودیو کەم.»

«ئەوەندە ئازانی دەست بۆ پەلەپیتکەکەی ببەی.»

«ئازایەتیی من لە مێشکی تۆ سەرترە.»

«تۆنی، تۆ لە بری مێشک یارەڵماسیت لە کەللە دایە.»

کیو!!

«لوئیس، تۆنی، نانی شیۆ!»

«ئەوە هاتین، دایە.»

**ببوورە پرسیارم کرد** - و. د. میلێر

«شەوێکی ئەنگوستە چاوە، کەسەکەم.»

ژنە گەڕاوە تا ئەو پیاوە درێژەی کە ئەوی لە کەنار ئوتومبیلەکەی خستبوو تەڵەوە ببینێت.

«دەی بچکۆلانەکەم، کار وپیشەی تۆ چییە؟»

دەستی ژنە لەسەر گەرووی پیاوەکە کەوانێکی زیوینی کێشایەوە. هاواری پیاوەکە بوو بەرزیکە.

ژنە تیغی عەمەلیاتی فڕی دایە سەر عەرز، ئوتومبیلەکەی لێخوڕی و بە کەلاکە تێکقوپاو و گرمۆڵە بووەکەی گوت:«من پزیشکی عەمەلیاتم.»

---

ژێدەر:

The wold’s Shortest

Stories , Steve Moss


هەواڵنامەی ئێژیێر

چیرۆکی وەرگێڕدراو

# لە ناخی بوونەوەردا


یاسۆناری کاواباتا

و: سابیر مەلوول

(بینینت ئازارە و نەبینینت هەر ئازار)....



نامەکەی (مۆمۆیۆ) بە ئازارێکی سەختەوە لە دڵی (شیمۆرا) دا نەخش ببوو بە جۆرێک پێی وابوو پەیکەرێک لە ناخیدا قوتبۆتەوە و ئەم وشانەی لەسەر نووسەراوە و پەیکەرەکەشی لە شەوە چۆڵ و هۆڵەکەدا کەوتۆتە مەلە و نوقمی نێو تەمێکی چڕ دەبێ! دوو سپیداری ڕووت و بێ پەلک و گەڵاش لەبن پەیکەرەکەدا چوونەتە حەوادا و کەوتوونەتە کەناری چەمێکی بە خوڕ کە ئەویش بۆ تاوێ لە تەمومژەکەدا ون دەبێ و ئەو جار ئەوەندە ناپات بەرەو ژوور

هەڵدەکشێ و لە فەزایەکی زۆر سپیدا دەرەوێتەوە! ئایا ئەمەبوو ڕەنگی درەختەکان؟ (شیمۆرا) هەرچەندە بیری لە دەستەواژەکەی (مۆمۆیۆ) دەکردەوە جیلوەی ئەم دیمەنەی دەهاتە بەرچاو.

پەیکەری ناو بۆشاییەکەش تاقە ڕەگەز بوو کە پەیوەندی بە خەیاڵاتەوە هەبێ چونکە ئەم پەیکەرە نە لەناو تەمەکەی دواییدا و نە لە دڵی شیمۆرادا هیچ شێوەیەکی دیاری کراوی نەبوو تەنیا ئەوەندە هەیە کە بەیتەکەی (مۆمۆیۆ) بە جۆرێ کنەی کردبووە ناخی و دەستی بەسەر دڵ و دەروونیدا گرتبوو دەتگوت لەسەر بەرد هەڵکۆڵدراوە. ئاخر ئەم وشانە نەخشێکی پەتی و ڕووت نەبوون بگرە وای هاتە بەرچاو وشەگەلێکی ئاقڵانەن و لە پەرەمووچەکەی مۆمۆیۆوە ڕژاون، کە هەندێک جار پەیڤی سەیر و نامۆ دەکێشنەوە و ئەم دەستەواژەیە لە دیدی ئەمدا گوزارشتی لە ترسی گوناح دەکرد لەلای ژنێکی مێردار کە بۆ ژوانێکی نهێنی بۆ لای پیاوێک دەچێت هەروەتر دەربڕی ئەو پەرێشانحاڵییەش بوو کە پێوەی دەتلێتەوە کاتێک ئارەزووی ئەوەی هەیە بە دیداری پیاوەکە شاد بێت و بیبینێت.

شیمۆرا ساغبوەوە کە دەبوو ئەم ئەو نامەیەی بۆ مۆمۆیۆ بناردایە و بۆی ڕوون بوەوە کە ئەمیش هەمان هەستی مۆمۆیۆی هەیە ئەی وشەکانی مۆمۆیۆ پاڕانەوەیەک نەبوون بۆ ئەوین و عیشقبازی؟

لە میانەی ئەم نامەوە تێگەیشت کە مۆمۆیۆی خۆشدەوێ بۆیە وای لێکدایەوە کە ئەمە ڕاست بە مانای ئەوەیە کە ملکەچە بۆ دەسەڵاتی ژنێک و.... بەڵام بە گوێرەی لاوێکی سی و دوو ساڵەی وەک ئەم (مۆمۆیۆ) ئافرەتێکی زۆر سەیرە و شتێکی تیایە کە شیمۆرای نیگەران کرد بە جۆرێک تەنانەت لە خۆی پرسی: ئایا ئافرەتێکی وەک ئەو دەتوانێت پیاوێکی خۆشبوێ یان پیاوێک دەتوانێت ژنێکی لەم جۆرەی بچێتە دڵەوە و گیرۆدە و گرفتاری بێ؟

(مۆمۆیۆ) تەمەنی بیست و شەش ساڵ بوو یانێ شەش ساڵ لەم بچووکتر بوو بەڵام تەمەن پەیوەندی بەم مەسەلانەوە نییە بە شەوق و شوورەوە...

لەگەڵ ئەمەشدا کاتێک شیمۆرا بۆ یەکەمجار مۆمۆیۆی لە ئامێز گرت ژنە لەرزی لێهات و گرژ بوو، ئایا ئەم حاڵەتەی لەبەر ئەوە بەسەردا هات کە ژنێکی مێردار بوو؟ هەروەتر جوێڵ و جوان؟

– من چەپەڵم، ڕۆح و جەستەم پیسە... گوتی، من گەمارم شیمۆرا کەمێک دوو دڵ بو، ئەو جار ماچ و مووچ و لەباوشکردنەکەی خاو کردەوە و گوتی:

× بەم پێیە بێ هەموو مرۆڤایەتی پیسە بەڵام ئەوە باوەڕێکی هەڵەیە و هیچ کەسێک پیس و گەمار نییە و مرۆڤایەتیش لەم بارەیەوە هەرچی لێبووەشێتەوە نابێ بە چەپەڵ دابنرێ.

– لەناخی بوونەوەردا شتگەلێکی زۆر هەیە، کەفوکەڵ هەیە، مەراق و سۆز و گوداز،

جۆشوخرۆش هەیە....

– لەناخی بوونەوەردا، مەبەست ئەمەیە لەناخی تۆدا؟

– ئەرێ لەناخی مندا.... من ئەترسم!

– مەگەر پێتوانییە لەناخی مۆمۆیۆدا جگە لە مۆمۆیۆ نییە؟

– نەخێر مۆمۆیۆ لەناخی مۆمۆیۆدا نییە.

– ئەی ئەمە کێ یە؟ شیمۆرا لەکاتێکدا ڕایدەوەشاند وای گوت.

– ئەمە مۆمۆیۆیە!

– لەناخدا چی هەیە؟ ئەمەوێ ببینم، دەی پیشانم دە چی لەوێدایە؟ لە گەوهەردا....

– تۆی تیایە شیمۆرا، بەڵام بەم چاوانەت ناتوانی ببینی ئەمەش باشتر. (مۆمۆیۆ) ئارام و چاولێکنراو وایگوت.

شیمۆرا دەستی کرد بە ڕووتکردنەوەی مۆمۆیۆ.

– بەهـ بەهـ چی جەستەیەکی جوانە، ئەی بۆ پێتوایە ئەم لەشە لەخت و لارە پیسە؟

– شیمۆرا تۆ ناتوانی ببینیت!

– بەڵێ من باش دەبینم.

– تەماشام مەکە چونکە دیار نییە چیم لێوە دەردەچێ

– داخ لە دەست تۆ، هەرچیت لێوە دەردەچێ بادەرچێ چیت لێ دەڕژێ با بڕژێ بەلای منەوە وەک یەک وایە، پێکەوە هەموو شتەکانی ناخ وەدەردەنێت، ئەهریمەنەکان و جنەکان و کرمەکان و گەزندەکان...

مۆمۆیۆ بە ئاماژەی ڕەتکردنەوە سەری بەرەو خوار جووڵاندەوە:

– تۆ تێناگەی– لەوێدا لە گەوهەردا دەریا و بەفریش هەیە پاشان ئەو تارماییانەشی تێدایە کە بە ئارەزووی خۆیان دەچنە ژوور و دێنە دەرەوە...

– کە واتا گومانی تیا نییە منیش ئەم شتەم هەیە.

– نەخێر، تۆ یەک کە لە چاکەی خۆت بەمنەوە نووساوی و گیرۆدەم بووی پێویست بەوە ناکات دڵم بدەیتەوە.

– ......

شیمۆرا بە ڕاوێژێکی ئارام و خۆش گوتی: بۆچی لەوێدا یان وەک دەڵێی لەناخدا ئەمەت هەیە؟

– چونکە ژنم

– سەیرە!

– ئیدی مەسەلەکە ئاوایە، شادم کە ژنم، لە چاکەی ئەم ژنبوونەشمە کە زگوزام...

– پێتەوە دیار نییە دوو سکت کردبێ.

–ئەها.. کەواتا ئاوا؟ بەلاتەوە باش نییە؟

– بە پێچەوانەوە.

دوای نەختێک مۆمۆیۆ هەناسەی هاتەوە سەر خۆی و جوولە و کرکەی لە خۆی بڕی... لەبەر ئەو بێدەنگی یە قورسە شیمۆرا دەستی کردەوە بە قسان.

– ئەوە خەوتی؟

– نا نا نانووم. من شادم ئا دەستم بدەیە.

مۆمۆیۆ لە کاتێکدا هەروا چاوەکانی نووقابوون لە باسکی شیمۆرا گەڕا و خستیە ژێر سەری، لەوە دەچوو بنوێ.

– دەتوانی بخەویت. شیمۆرا گوتی

– نا نا خەوتن ئازارە و مایەی داخە!

– کێ دەزانێ ڕەنگە بە خەوتنت وەک دەڵێی شتەکانی ناخت بخەون!

– ئەترسم کە خەوتم هەست نەکەم لە نێو باوشتام حەیف کە وەختێکی زۆرمان بە دەستەوە نییە، ئەزانی چەند خۆشە گەر بتوانم لە خەوندا بتبینم بەڵام ئەفسووس ناخۆش ئەوەیە خەون بە شتێکی ترەوە ببینم، یانێ ئەترسم شتی ترم بێتە خەون ئاخر هەر کە خەوم لێکەوت خەون دەبینم!

مۆمۆیۆ کە لەسەر خۆ و بە ئاهەنگ قسەی دەکرد چاوی هەڵێنا و بە ترسەوە نیگایەکی شیمۆرای کرد:

– چی یە دەتەوێ من بخەوم و تۆش بە مەیلی خۆت بە تەنیا بیر لەم پێوەندییەمان بکەیتەوە؟ دە بڵێ وا نییە؟

– کچێ ئەوە تۆ چی دەڵێی؟

– مەسەلەکە ئەمەیە وا نییە؟ دەی دانییپا بنێ.

ئەمەی گوت و ڕووخساری خستە سەر شانی شیمۆرا، ڕەنگە بۆ من باشتر بوایە ئۆتۆمۆبیلەکەت پان و پلیشی کردبامەوە.

– ئەوە تۆ دەڵێی چی بابا نوێران؟ تۆ ژیانی خۆت خستە مەترسییەکی گەورەوە و خەریک بوو

تیاچی... ئاخر شتی وا چۆن دەکرێ؟ شیمۆرا وایگوت و دەستی خستە نێو قژی مۆمۆیۆ و کەزییەکانی نەوازش کرد.

– بەڵام من ویستم ژیانم لە مەترسی باوێم و فیدای بکەم– مۆمۆیۆ گوتی، بەڵێ دەبایە یەکێکیان هەڵبژێرم یان لەسەر دەستی تۆ تیاچم یان لە باوشتا بم.

– بەختم هێنای نەمکوشتی. کاتێک شیمۆرا ئەم وشانەی درکاند جۆش و خرۆش و هەستیاریی لەشی مۆمۆیۆ واقیعیترانە خۆی نواند. بەڵام وایدانێ بریندارم کردبای خۆ ئێستا لە ئامێزمدا نەدەبووی.

– ئەم قسانەت لە کانگای دڵەوە دێ؟

– خودا بە رەحمەتی خۆی رزگاری کردین، ئەمە تەنیا رِاڤەیە و لەمە بەدەر نازانم چی مۆجیزە و پەرجوویەک بوو ئۆتۆمۆبیلەکەمی رِاگرت؟

– ئەوە من بووم کە قەدەر و چارەنووسم بەرەو ئەم ئاراستەیە رِادا، با پێتبڵێم تۆ دەتوانیت فشار بخەیتە سەر چارەنووس و قەدەر– مۆمۆیۆ بە خۆشییەوە وایگوت– لەناخی بووندا ئەمەش هەیە!

– ......

شیمۆرا نەیدەتوانی بڕوایەکی تەواو بە قسەکانی مۆمۆیۆ بکات، لەگەڵ ئەمەشدا نەدەکرا خۆ لەوە ببوێرێ کە ئەوە مۆمۆیۆ بوو. لە کاتێکدا ژیانی خۆی خستبووە مەترسی یەوە، پاڵی بە چارەنووسەوە ناو گۆڕی. بەڵێ ئەم لە خۆبووردن و سەرچڵی یەی مۆمۆیۆ بوو، ئەم کارە شێتانەیەی کە ئێستا هەردووکیانی پێکەوە گرێ داوە. مۆمۆیۆ سەرچڵیی بە ژیانییەوە کرد و لە بەرامبەریشدا شیمۆرای بە دەست هێنا:

لە شەوێکی زستاندا کە دنیا نوقمی تەمێکی خەست ببوو و ئۆتۆمبیلەکەی شیمۆراش وەک با جادەکەی تەنیشت کەنارەکەی دەپێچایەوە لە ناکاو بەژنی ژنێک لەبەر رووناکی گڵۆپەکانی ئۆتۆمبیلەکەی دەرکەوت شیمۆرا بۆ چرکە ساتێک چاوی نووقاند و بەخۆشی نەیزانی چۆن چۆنی خۆی لەو مەترسییە لادا و دەستی بەرەو چەمەکە شکاندەوە و چۆن ئۆتۆمبیلەکەی راگرت، هەستی بە هیچ شتێک نەکرد لەژێر تایەکانیدا بەڵام بروسکەیەک لە زەینی دا کە لە ژنەکەی داوە. کاتێک چاوی کردەوە ژنەکەی نەبینی، خەیاڵ بوو؟ تارمایی بوو؟ نەخێر ناشێ وابێ! شیمۆرا دابەزی، ئۆتۆمبیلەکەی پێش ئەوەی بە تەواوی رِابوەستێ خۆی بە دوو سپیداری ئەستوور و زەلامدا دابوو. ژنەکە لەسەر جادەکە کەوتبوو کاتێک ویستی لەزەوی هەڵیبگرێ و رِاستی بکاتەوە وای بەزەین گەیشت کە لە هۆشی خۆی چووبێ.

لەبەر ڕووناکی گڵۆپەکاندا لە ڕووخساری ورد بووەوە و هاوارێکی سەرسوڕمانی لێ بەرز بووەوە!

– ئەمە خانمی میساکی یە!

لەژێر کاریگەریی هەڵکەوتەکەدا نەختێک رایوەشاند: خانمەکەم، خانمەکەم ژنە چاوی هەڵێنا و تەماشای کرد، وای خوایە گیان ئاغای شیمۆرا ئەوە تۆی؟

– بە جارێک زراوم چوو، خۆ لێمنەداوی! ئازارت هەیە؟

ویستی هەڵیبستێنێ بەڵام ژنە هێزی هەستانی نەبوو لەبەر هەندێ وایلێکدایەوە کە لاقی بریندار کردووە، بەڵام هەر زوو زانی کە هێدمەگرتی بووە بۆیە ناتوانێ هەستێ. لە کاتێکدا لە ئۆتۆمبیلەکەیدا داینیشاند گوتی: پێم ناڵێی کە لەم ناوە چیت دەکرد؟

– چاوەڕوانی تێپەربوونی ئۆتۆمبیلەکەتم دەکرد!

– ئەمە یانی چی؟

– من دەزانم بەم کەنارەدا دەگەڕێیتەوە

– .....

– ویستم ئۆتۆمبیلەکەت پان و پلیشم بکاتەوە.

شیمۆرا لەکاتێکدا نیگای ڕووخساری مۆمۆیۆی دەکرد لە خۆی پرسی تۆ بڵێی وڕێنە نەکات و هەڵیت و پەڵیت نەڵێ و نەبزڕکێنێ. کاتێک سواری ترومبێلەکەی بوو مۆمۆیۆ خۆی پێوە نووساند، هەر کە شیمۆرا خۆی کێشایەوە مۆمۆیۆ داڕمایە سەر کوشنەکە، شیمۆرا گوتی: با بچین بە دوای دوکتۆرێکدا بگەڕێین.

– نا نا دوکتۆرم ناوێ، خۆی دا بەسەر پاژنەکانیدا و ڕاست بووەوە و گوتی: مەترسە هیچ کوێم نایەشێ و چ بەڵلام لێ نییە.

– کە واتا دەتبەمەوە بۆ ماڵی خۆتان

– نا نا بۆ ماڵی خۆمان نا ئاخر کوڕی چاک من چاوەڕوانی ئۆتۆمبیلەکەی تۆم دەکرد!

– تۆ کەمێک هێور بەرەوە و وەرەوە سەرخۆت.

– یارمەتیم بدە و بمبە بۆ شوێنێک بێمەوە سەر خۆم... زارم وشکە و گەرووشم دێشێ.

شیمۆرا ئۆتۆمبیلەکەی لەو شەوە تەماوی یەدا خستە گەڕ و بە هێمنی و لەسەر خۆ لێیدەخوڕی. ناو بە ناویش ئاوڕی لە مۆمۆیۆ (هەڵووژە) دەدایەوە، وای خەیاڵ دەکرد شتێک دەگێڕێ، بیرۆکەی ئەوەی مۆمۆیۆ دەرگای ئۆتۆمبیلەکە بکاتەوە و خۆی فڕێبداتە سەر جادەکە

نیگەرانی کرد، بەڵام لەو ساتەدا مۆمۆیۆ تەنیا بە دەستی ڕاستی گۆنای دەگوشی، لێرەدا شیمۆرا پرسی: چی یە لەکاتی کەوتنەکەتدا گۆنات ئێشی پێگەیشتووە؟

– نا نا ئەرخەیان بە، دڵت هیچ نەکا، دەمەوێ دڵنیابم خەون نابینم ئاخر دەترسم–وەک لە دارِوو دەدات– ون بی و لەبەرچاوان پێوار بی.

– ئەڵکو ئەوە منم ئەترسم خەون بێ و ون ونتک بی. ئەترسم پەرییەکی راگوزەرم هەڵگرتبێ ودوای تاوێک کە ئاورِ دەدەمەوە جگە لە تەمومژێکی چڕکە ئۆتۆمبیلەکەمی داگرتووە هیچ کەسێک نەبینم!

– بەڵام من لەناو تەمەکەدا جگە لە وێنەی تۆ هیچی ترم نەدەبینی، ئەم خەونە بوو منی بۆ ئێرە هێنا، شتێک بوو وەک ڕۆیشتن بە بنی ئاودا بەبێ هەناسەدان، من سەیرم دێ چۆن نەمردووم و ماوم و هەناسەم دێت و دەچێ!

– ئایا تۆ ڕموزنەیەک نیت لە شێوەی مۆمۆیۆدا؟

– نازانم، لەناخی مندا جگە لە تۆ هیچی تر نییە، ئەگەر من دەڵێی من بوونم نییە!

ئۆتۆمبیلەکە کەنارەکەی جێهێشت و چووە ناو شارەکەوە شیمۆرا لەلای میوانخانەیەکی بچووک ڕایگرت، مۆمۆیۆ بە یەک نەفەس سێ پەرداخ ئاوی خواردەوە

– دواجار ئەوەتانێ تۆ هی منی، دەنک و بەشمی.

ئەوجار بە چاوانی پڕ لە فرمێسک گوتی: من زۆر نەگریسم.

– کەواتا تۆ منت لە چەقۆ سوو تا من فریو بدەی!

– ئەوە تاقە ڕێگا بوو، وای چەند دەترسم. قۆڵی کرد بە قۆڵی شیمۆرادا چارەنووسی من ئەوەی تۆفانەکان هەڵمبگرن و ڕامبماڵن. کاتێک وشەکە گۆ دەکەم دەبینم تۆفانەکان هرووژم بۆ ناخم دێن و ڕامدەماڵن، بگەنە فریام– هاوار دەکەم شیمۆرا لە کاتێکدا مۆمۆیۆ هەڵدەلەرزی لە ئامێزی گرت.

شیمۆرا و میساکی– مێردی مۆمۆیۆ (هەڵوژە)– لە زانستگا هاوکلاس بوون شیمۆرا بۆ زەماوەندەکەیان بانگهێشت کرا. لە کۆتایی شایی و زەماوەندەکەدا بووک و زاوا و خزم و خوێش و ناسیاوەکان و شایەتەکان ریزیان بەست بۆ بەڕێکردنی خوندی و داوەتکراوەکان کە لەو کاتەدا دوعا خوازییان دەکرد و دەڕۆیشتن، شیمۆرا کاتێک چاوە پڕ لە گریانەکانی بووکێی بینی تووشی شۆک بوو، دڵی داخورپا و ڕۆحی پێنەما!

دواتر بنەماڵەی میساکی جاروبار داوەتیان دەکرد یان خۆی بەبێ هیچ بۆنەیەک سەردانی دەکردن و دەشیزانی کە مۆمۆیۆ دووسکی کردووە. جارێکیان کە هاتبووە سەردانیی مۆمۆیۆ کچە

ساوا پیرۆزبایی لێکرد و گوتی ناوگیرەبێ و ستایشی جوانیی کۆرپەکەی کرد.

– دەزانی من ئەم کۆرپەیەم نۆ مانگی تەواو لە سکمدا گێڕاوە.

– وای خوایە.

کچەکە خەوتبوو

– ئادەی چاوەکانت پیشانی ئاغای شیمۆرا بدە– مۆمۆیۆ گوتی– لە کاتێکدا هەوڵی دەدا بە نەوزاشەکانی هەڵیبستێنێ لە خەو، کۆرپەکە بە دەنگی بەرز گریا و ڕووخساری سوور هەڵگەڕا.

– کاتێک لە سکمدا بوو نەدەگریا!

کاتێک شیمۆرا ئەم قسە سەیر و نامۆیانەی دەبیست بە وردی لە مۆمۆیۆ ڕاما کە لەسەری ڕۆیشت و درێژەی دایە: من ویستم لە سکی دایکمدا بمێنمەوە، ئایا بوونەوەر هەیە لە سکی دایکی دەرنەچێ؟

– ....

ساڵێک دوای ئەم دیدارە شیمۆرا تێگەیشت کە مۆمۆیۆ بۆی سووتاوە و ئارەزوو و مەیلێکی بەتینی بەرامبەر ئەم تێدا خرۆشاوە و مەراقی لەم داوە. بەدنەی میساکی بڕیاری دا بە مەبەستی خواستن سەیری کچێک بکات و بیبینێ.

– مۆمۆیۆ سوورە لەسەر ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەتدا یارمەتیت بدا– میساکی بەم بۆنەیەوە وایگوت– ئەو بابانوێرانە هەرچی بەزاردا بێ دەیڵێ بەڵام تۆ پەروات بە قسەی ئاجەر و باجەڕی ئەو نەبێ و بە هەندێ نەگری.

کچەکە لەتەک دایکیدا هاتبوو، هەموو لە چێشتخانەی ئوتێلێکی گەورە شیویان خوارد، کچەکە لە چاو مۆمۆیۆ کە ڕوخساری پەژارەیەکی قووڵی لێنیشتبوو دەتگوت پەڕەی سپییە لە ساتی ماڵئاواییدا مۆمۆیۆ قوتوویەکی چکۆلەی بە دیاری دا بە شیمۆرا کە دەمبوسێکی کەرەواتی تیابوو بە دانەی ڕەشی گەوهەر نەخشێنرابوو ئەگەر چی سەیر بوو لە بۆنەیەکی وەک ئەم دیدارەدا مۆمۆیۆ دیاریی پێببەخشێت بەڵام لەوەش سەیرتر بەلای شیمۆراوە ئەو لەتکە کاغەزە بوو کە ئاخێنرابووە ناو قوتووەکە.

هەڵبەتە سروشتی یە کە شیمۆرا لە خەونیشدا وێنای ئەوەی نەدەکرد کە مۆمۆیۆ لە توانایدا بێ سەرچڵی بە ژیانییەوە بکا و خۆی فرێداتە ژێر تایەی ئۆتۆمبیلەکەیەوە. بەڵام هەروەک چۆن یەک چرکە چییە دوو دڵی نەکرد لە کارێکی شێتانەدا ژیانی خۆی بخاتە مەترسی یەوە بە هەمان شێوەش دەسبەرداری نەدەبوو و بە ئارەزوو و مەراقێکی سەرکەشانە بە دوویەوە بوو و لە کۆڵی نەدەبووەوە.

(بینیت ئازاره و نەبینینت هەر ئازار)

ئەو پارچە شیعرەی کە مۆمۆیۆ بۆی نووسیبوو و دەتگوت لەسەر پەیکەرێک هەڵکۆڵدراوە و پەیکەرەکەش لە شەوە چۆڵ و هۆڵەکەدا نووقمی نێو تەم بووە– وشەگەلێک بوون لە پەڕەی دڵی شیمۆرا نووسرا بوون. هەستی کرد کە دزینی ژنی هاوڕێیەک و هەستکردن بە گوناح ئازارە و بەرگەی ئەو ئازارە ناگرێ. لەبەر هەندێ وردە وردە دەستی کرد بە دوور کەوتنەوە لە مۆمۆیۆ بەڵام هەر کە مۆمۆیۆ لەبەر چاوی دیار نەمایە وایخەیاڵدەکرد ئافرەتێک نییە لە وێنەی ئەو! ئەمەش پەرێشانی دەکرد و نەفسی لێدەبڕی. هەموو جارێکیش لە گەڕانەوەیدا بەرەو ماڵی کە بەلای دوو سپیدارەکەدا ڕادەبرد ئەوەی دەهاتە بەرچاو کە خۆی پێیانداداد لە کاتێکدا هەمیشە ئەوەی بە زەین دەگەیشت کە (ئەگەر دەست لە مۆمۆیۆ هەڵبگرێ لەوانەیە بۆ هەمیشە شێت بێ)

ڕۆژێکیان کە لەسەر کارەکەی بوو میساکی تەلەفۆنی بۆ کرد و پێیڕاگەیاند کە دەیەوێت سەبارەت بە مۆمۆیۆ قسەی لەگەڵ بکات و ئەمیش نەیتوانی لێو هەڵبێنێ و زاری بەسترا. میساکی گوتی لە بەرامبەری ساختمانی (داکۆ) و لە پێچی– جینزا– لە کاتژمێری پێنج و نیو چاوەڕوانی دەکات.

وەرزی زستان لەم کاتانەدا بووە لێڵە. کاتێک شیمۆرا لە میساکی نزیک بووەوە ئەم وەک ئەوەی نەیەوێت نیگاکانیان بەر یەک بکەوێ دوای کەوت و پێشنیاری کرد: پێموایە لەنێو ئاپۆرەی خەڵکیدا رێبکەین و قسە بکەین باشترە، بەتایبەت بە گوێرەی ئەم جۆرە ئاخاوتنانەوا لایەقترە....

– خەجاڵەتم، لە بەرانبەر تۆدا زۆر شەرمەزارم!

– ....

– مۆمۆیۆ چیرۆکی تۆی بۆ گێڕاومەتەوە، من ئاگام لە هەموو شتێکە

– بمبەخشە من نازانم چیت پێبڵێم.. ئەوجار شیمۆرا لە کاتێکدا چاوی لە زەوی بڕیبوو و سەری هەڵنەدەهێنا لەسەری ڕۆیشت و پێداچوو گوتی: ببوورە ئەزانم ئەم قسانە کەڵکی نییە بەڵام....

– نا قەیناکا... من باسی ئەوە ناکەم.. ئەوجار میساکی شپرزە و پەرێشان بە دەنگێکی نزم گوتی: ئەم ڕۆژانە بۆ سەر لە مۆمۆیۆ نادەی؟

– چۆن؟

– ئەی نازانی نەخۆشە و حاڵی باش نییە؟

– نا

– با پێت بڵێم ئەگەر بێی بۆ لای و بیبینی قەڵس نابم، شیمۆرا چەند هەنگاوێکی نا ئەوجار

هاتە زمان و گوتی: بەڵام ئەمە چی قسەیەکە دەیکەیت؟ ئەوە تۆی کە ناساز و نەخۆشی!

– من چی بەڵام لێنیە، ئاخر من جگە لە فریشتەی پارێزەری مۆمۆیۆ هیچی تر نیم، تەنیا خۆشی من مانەوەی ئەوە لە ژیاندا هەروەتر بەختەوەری یە بۆ من کە بوونم تەرخان بێ بۆ پارێزگاریی لە شادیەکانی ئەو و زیندوومانەوەی!... ها خەریک بوو بیشێلی؟

– .....

– ئەزانم تۆ گومانت لەوە هەیە کە مۆمۆیۆ پێش تۆ پیاوێکی تر لە ژیانیدا بووە! بەڵێ پێش ئەوەی زەماوەند بکەین دۆستێکی هەبوو ئەوجار مۆمۆیۆ هەمیشە پێویستی بەوەیە پیاوێک لە ژیانیدا بێ و بێ پیاو مدارا ناکات!

– ئەی جەنابت هەروا لێبووردە و تووکنەرمی و فزەناکەی؟

– من ناچارم وابم ئاخر ئەگەر دۆستێکی نەبێ وەڕەز دەبێ هەست بە حاڵەتی بێخودی دەکات یانێ هەمان نیشانەی حەشیشەکێشەکان و هێرۆین خۆرەکان. ئەوجار گەمژە دەبێ. ئێستاش کە تۆ دەستت لێهەڵگرتووە هەمان حاڵی هەیە.

– .....

– بوون.... لەناخی بوونەوەردا شتێکی زۆر هەیە ئەی ئەمەی پێنەوتوویت؟

– بەڵێ وتی...

لە پڕدا شیمۆرا ڕێگاکەی تەنیشتی ئەو کەنارەی هاتە بەرچاو کە نزیکی دوو سپیدارە ڕووت و بێ گەڵاکانە ئایا مۆمۆیۆ جارێکی تر نایەتە بەر تایەکان؟

ئەی چارەنووس ئەم جارەش دەتوانێت ئۆتۆمبیلەکە ڕابگرێت؟!

سەرچاوە:

المسخ، قصص من اليابان. ترجمة كامل يوسف حسين. دار الاداب لبنان ١٩٩٢

فەرهەنگ:

١– خوندی: داوەتکراو / دەنگکراو

٢– ناساز: نەخۆش

٣– گەمار– پیس– چەپەڵ– گڵاو

٤– لەخت و لار– جوان و تورت و تدندوتۆڵ

٥– هێدمەگرت– تووشی سەدمە بوو– شۆک

بەدوای حیکایەتی لم

نیهاد جامی:

# نامانەوێ بۆ گەورەترین تراژیدیای کولتوریمان شانۆیەکی مردوو دروست بکەین



سازدانی:
**فریاد ئەحمەد**

لە دووەم سـاڵیادی دامـەزراندنی، تیپی شـانۆی ئەزمـوونگەری کـەرکـووک " حـیکایەتی لم" نمایش دەکات، لـە ٢٠٠٦/٣/١٦ بە نمایش کـردنی بانتـۆمـایمی " پرۆڤـەیەکی شـانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ" یەکەم نمایشـی ئەوان لە قـۆناغی یەکەم دەستی پێکرد و بە " هاملێتی کەرکووک" ئەو قۆناغـەیان کۆتا پێهێنا، کە بریتی بوو لە پێنج نمایش، لەم قـۆناغـەدا تەنها گرینگی دەدرا بە جـەسـتـە، بەواتای ئەوەی دەنگ ئامادەیی نەبوو، بەڵام " یادەوەری دەنگ" کە نۆبەرەی قـۆناغی دووەمی تیپی ئەزمـوونگەری بوو، لێرەوە دەنگ بوو بە بونیـادێکی سـەرەکی نێـو نمایشـەکـانی جـامـی و ئەزمـوونگەری، ئـمـە جگە لە هاتنە ناوەوەی چەند چەمکێکی وەک " دارِشتنەوەی پانتایی لە جێی دەرهێنەر، جەستەی کولتوری لە جێی ئەکتەر" ، لێرەو لەوێ زۆر دەبیستین لەسەر ئەزموونەکانی جـامی و ئەزمـوونگەری، قـسـەکـانیش جـۆراوجـۆرن، بەڵام لـە کـۆتاییدا هـەمـوو ئەوانەی لـە دانیـشـتـنە تایبـەتیـەکـانیـاندا ئەزموونەکانی جامی رەتدەکەنەوە، لەبەرامبەر خۆیدا تا ئەو دیوی سنووری ئەقـڵـەوە سـتـایشـی دەکـەن و سـەرسـامـیی خـۆیان دەردەبڕن، شـانۆی کەرکووک مـێژوویەکی ئەوەندە درێژی نییـە تا

زۆر تەم و مژاوی بێت، ئاشکرایە لەگەڵ هاتنی جامی و دامەزراندنی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکووک بە مەفهومە زانستییەکەی ئەزموونگەری لەم شارە دروست بوو، ئەوەی لە رابردوو ناو نراوە ئەزموونگەری هیچ مەعریفەیەکی شانۆیی لە پشت نمایشەکانەوە نەبووە، کەسەکان خاوەن هۆشیارییەکی شانۆیی تۆکمە نەبوونە، هەشت ئەزموونی زانستی و دیار و بەرچاوی تیپی شانۆی ئەزمونگەری جێگای دەستخۆشی و ستایشە، بۆ قسە کردن لەسەر " حیکایەتی لم" دانیشتنێکمان لەگەڵ هونەرمەندی شانۆکار " نیهاد جامی" سازدا.

*** لەماوەی دوو ساڵدا هەشت نمایشتان لە کەرکووک کردووە، پێش تۆ شانۆ لە کەرکووک چۆن بووە؟ ئێستا چۆنە؟**

– بزووتنەوەیەکی شانۆیی فراوان بە ئەزموون و پڕۆژەی شانۆیی بەرهەم دێت نەوەک بە لێدوان و بانگەشە، هەمیشە بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو ڕابردووە دەکەین، هەر هەوڵێکی شانۆیی لەم شارە درابێت سەرەنجام نەبۆتە پڕۆژە، بۆیە ئەو خولیایە بۆ شانۆیەکی زانستی و هاوچەرخ تەنیا خەونێک بووە کە کەس توانای ئەوەی نەبووە بێنێتەی دی، لێرە شانۆ ئارەزوو کردن بووە لە کاری نواندن، ئەو ئارەزووە نوقمی نێو دیمەنی لاسایی کردنەوە بووە، دیمەنی پێکەنیناوی لە شێوەی دیاردەکانی ناو کۆمەڵ بە شانۆ سەیر کراوە، ئێمە هاتینە سەر وێرانە، دامەزراندنی ئەو تیپە بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئەو توانا شاراوانە بوو، کە خەونیان بە شانۆیەکی جیاواز دەبینی، ئەوە بەرهەمی ئەو دۆخە نوێیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەی شارەکە بوو کە بوونی ئێمەی کرد بە پێویستییەک، ئێمە نەهاتین شانۆ بکەین بۆ ئەوەی ئارەزووی کارکردن لە شانۆکان هەبوو، هاتنی ئێمە و دامەزراندنی تیپەکە بۆ ئەوە بوو تەواوی شانۆکاران فێری کاری شانۆیی بکەین، با ئەو وتەیە نەبێتە ئیستیفزاز کردنی هیچ شانۆکارێک، چونکە ئەوەیان واقیعە، ئێمە شانۆمان لە ئارەزوو کردن لە نواندن گۆڕی بۆ مەعریفەی شانۆیی، ئەوە کودەتا بوو، لەدایکبوونی تیپی شانۆی ئەزموونگەری لە دایکبوونی شانۆی ڕاستەقینەی کەرکووک بوو، وەک







هاوڕێی شانۆکارمان (کاردۆ) لە دیمانەیەکدا وتی "هۆشیاری شانۆیی لە کەرکووک ئەو ڕۆژە لەدایک بوو کە تیپی ئەزموونگەری دامەزرا" ئەو وتەیە دەمانخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی گەورە، فێرمان دەکات لەخۆبایی نەبین، بەڵکو بەو پەڕی بەرپرسیاریەتییەوە خەریکی شانۆ بین، خەونەکانمان فراوانتر دەکەن، پڕۆژەکانمان دەبەنە جیهانێکی بێسنوور بۆ بەردەوامبوون، دیارە زۆر جار گوێمان لەوە دەبێت کە کەسانێک پێشتر کاری ئەزموونییان کردووە، ئێمە بە گومانێکی زۆرەوە دەڕوانینە ئەو حیکایەتانە، چونکە تا ئێستا ئەوانە دەیانەوێ لەسەر زەمەنی حیکایەت بژین، خەون بەو سەروەرییە دەبینن، کە لە تەمسیلییەکی تەلەفزیۆنی وەدەستیان هێناوە، جیاوازی بنەڕەتی ئێمە لەتەک هەمووان ئەوەیە ئەوان کە هۆڵیان پێ نەدراوە ڕوویان کردۆتە شوێنی تر، کەچی ئێمە هۆڵی شانۆمان ڕەت کردەوە بۆ ئەوەی ئەزموون لە بیناسازییە مێژووییەکان بکەین، ئەزموون لە ژوور و پانتایی جیاواز ئەنجام بدەین، ئێمە خوڵقێنەری شانۆی کەرکووکین، بە بەڵگەی ئەوەی هەمووان تووشی سەرسامی بوونە تا ڕادەی

ئەوەی بەدوای کارەکان ئەبڵەق دەبن و ناتوانن لە کۆڕەکان دوو وشە بڵێن، ئێمە ڕێز لەو بێدەنگییەیان دەگرین، بەڵام پێویستە ئەوانیش ئەو جورئەتەیان تیا بێت تا ئەو حەقیقەتە بخەنە ڕوو، ئێستا لەهەر کاتێکدا من یا تیپی ئەزموونگەری لە شارەکە نەمێنێت خەممان نییە، چونکە بنەما زانستییەکەی شانۆ لەو شارە دامەزراوە، خەڵکمان فێرکرد شانۆ چییە، بۆیە ئەمڕۆ شانۆی کەرکووک لەپەراوێزی شانۆی شارەکاندا ناژێت، ئێستا کاتی ئەوەیە دڵمان بەنەوەی دوای خۆمان خۆشبێت، دەبی ئەوەش قبووڵ بکەین دوای ئێمە نەوەی نوێ تەواوی کارەکانی ئێمە ڕامالێت، لە ئێستاوە پێشوازی لەو نەوەیە دەکەین دڵنیاشین ئەوەندەی نەماوە ئەزموونی ئەو نەوەیە بگاتە ئاستی دەرکەوتن، بڕوای تەواوم بەو قسەیەی مایەر هۆڵد هەیە کە دەڵێت "ئەگەر نەمانتوانی شانۆیەکی نوێش دابمەزرێنین، بەڵام با ببین بە پرد بۆنەوەی داهاتوو"

* پێش ئەوەی بێینە سەر حیکایەتی لم پێت وانییە کەسانێک هەن لەم شارە دەیانەوێ لەتۆ بچن؟

– دەبێ ئەزموونی نەوەی نوی هەڵگری خەونی نەوەکە خۆی بێت، ئەزموونێک بێت تێپەڕاندن بەسەر ئەزموونی ئێمەدا بێنێت، بەڵام کاتی ئەو ئەزموونە نەیتوانی لە کاری ئێمە دەربچێت، ئیشکالییەتەکە لێرەدایە، وەک چۆن ئیشکالییەتی کوشندە لەشانۆی کەرکووک ئێستا بووە بەوەی ئەگەر تۆ کاری پانتۆمایم بکەی بە ئەزموونگەری، لەوانەیە ئەو قسەیە بۆ تیپی ئەزموونگەری ڕاست بێت بەهۆی ئەوەی ئێمە لەسەر شێوازە باوەکانی پانتۆمایم کار ناکەین، بەڵکو ئەزموونێکی جیاوازمان بنیاتنا، ئایا ڕاستە تۆ بەکاری ئەوان بڵێیت ئەزموونگەری و بە (هاملێتی کەرکووک) یش هەر بڵێیت ئەزموونگەری؟ ئەوانە تا ئێستا لەوە نەگەیشتوون بەلاسایی کردنەوەی ئێمە جگە لە لاسایی کارێک شتێکی تر نین، دیارە بەو قووڵیەش نییە ئەگەرچی منیش تێبینی ئەوەم کردووە لەهەندێ کاردا کە هیوادارم ئەوانە بیانەوێ لەخۆیان بچن و لەکەس نەچن، جوانیی تیپی ئەزموونگەری لەوەدایە کە لەکەس ناچێت با ئەوانیش بتوانن پارێزگاری لە جوانییەک بکەن کە خۆیان بنیاتنەری بن.

*** یادی تیپەکەتان لە ٣/١٦ یە هاوکات لەگەڵ یادی هەڵەبجەدا، نمایشەکەی ئەمڕۆتان تا چەند پێوەندی بە یادی هەڵەبجەوەیە؟**

– قسەکردن لە یادەوەری گەڕانەوەیە بۆ ساتەوەختێکی زەمەنی، ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووین بەسەر یادەوەری تراژیدیاکانمان خەمبار بین و بگرین، بەڵام یادەوەری بۆ ئێمە ئەو مانایەی نییە، ئێمە ویستمان تراژیدیاکان بگۆڕین بۆ خولقاندن، بۆیە ئەو ڕۆژەمان هەڵبژارد، بۆ ئێمە ٣/١٦ ڕۆژی لەدایکبوونەوەیە، بیرت نەچێت هەڵەبجەییەکان و ئەنفالەکان بەتەنیا شەهید نین، بەڵکو

ڕەمزی قوربانی دانی جەستەی کوردین، ئێمە بە چاوی ڕێز و ستایشەوە دەڕوانینە ئەوان، بەڵام نامانەوێ شانۆ لەناو تراژیدیاکانی یادەوەری نوقم بکەین، ڕەنگە تا ئێستا نەگەیشتبینە ئەوەی شانۆیەکی مەزن بۆ هەڵەبجە بکەین، تۆ دەزانی هەموو ئەو شانۆگەرییانەی لەو ڕۆژەدا بۆ هەڵەبجە دەکرێن وەرگیراوی ئەو فیلمە ئەرشیفیەی کیمیا بارانەکەن؟ کە شانۆیەکن بەر لەدەست پێکردنی شانۆیەکی مردووە، ئێمە نامانەوێ بۆ گەورەترین تراژیدیای کولتوریمان شانۆیەکی مردوو دروست بکەین، ئەگەر ڕۆژێک توانیمان ئەزموونێک بەقەد گەورەیی شەهید بوونی ئەو شارە بنیات بنێین ئەوە ئەو کارە دەکەین، دیارە کارەکەی ئێمە بەدوور و نزیکەوە پێوەندی بەو یادەی کیمیا باران کردنەوە نەبوو، ئەزموونێکی توێژینەوەی کولتوری بەردەوامی ئێمە بوو لە بواری شانۆدا، ئەزموونێک لەسەرەتای قۆناغی دووەم بە (یادەوەری دەنگ) دەستی پێکرد و بە (ئۆدیبی زەردەشت) تێپەڕی و پرۆژەیەکە بەردەوام دەبێت لە (ئەنتیگۆنای قەڵا).

*** لەو خانووەی (حیکایەتی لم) تان تێدا نمایش کرد، ساڵی پار (هاملێتی کەرکووک) تان تیا نمایش کرد، لە هاملێتی کەرکووک جەستەکان لەسەرەوە بوون و وەرگرەکان لە خوارەوە بوون، بەڵام لە حیکایەتی لم ئەم پرۆسەیە پێچەوانە بوو، ئاستی بینین سەد دەرسەد گۆڕاوە ئەمە بۆ؟**

– ئەو گۆڕانە بەمەبەستی بنیاتنانی ئەزموونی هاودژە، بەوەی چۆن جارێکیتر چارەسەری پانتایی دەکەینەوە، ئەوە تێکشکاندنەوەی وێنە ڕەهاکانی پانتاییە، بینەر بەشێکی سەرەکییە لەم پانتاییە، ترسێکی هەیە ترس لە کەوتنە خوارەوەی، بەرزبوونەوەی تا ئاستی ئەوەی ڕێزێکی زیاتر بەو دراوە ئەوانەی لەخوارەوەن بریتین لە نمایشکاران، بینین لەبەرزیەوە دادەبەزێتە خوارەوە ئەوەش پرۆسەیەکی جیاوازی بۆ بینین خوڵقاندووە، بەشێکی پەیوەندی بە ڕەهەندە فکریەکەی نمایشەکەوە هەیە، بەوەی جەستەی کولتوری بریتیە لەدوو جەستەی تێکشکاوی کۆمەڵگا، بینەر کە نوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵە دەکات لە ئاستی خوارەوە سەیری ئەو کەسێتییانە دەکات، ئەوان گرفتی گەڕانەوەیان هەبوو بۆناو کۆمەڵگا، کەچی کارۆخ هەمیشە ڕەفزی ئەو گەڕانەوەیە دەکات بیری لای خۆکوشتن بوو، شکۆ کەهەمیشە دەیویست بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا، کەچی لە کۆتاییدا لەوە گەیشتبوو قبووڵ کردنەوەی لەلایان کۆمەڵگاوە نرخێکی زۆری دەوێت، بۆیە قبووڵی ئەوەی کرد لەخۆی بەهەمان شێوەی کارۆخ سزای خۆی بدات، لێرەدا دەکرێت دەرگا بۆ تەئویلێکیتر بکەینەوە، بەهۆی ئەوەی ئەو پشتی کەوتە بینەران ئەوەش پێی وت ئێوە بوون پەلامارتان دام پێوەندی سێکسی ناسرووشتیتان لەگەڵ بەستم دەتوانن بۆ هەمیشە دووبارەی بکەنەوە، لەڕاستیدا ئەوە کوشتنی جەستە نەبوو لەلایان جەستەی کولتورییەوە، بەڵکو ئەشکەنجەدانەوەی ئەو جەستەیە بوو کە کۆمەڵگا لەڕێگەی کولتوری سڕینەوە بەرهەمی هێناوە.

*** لەتەواوی نمایشەکانی ئێوەدا ئاگر ئامادەیی هەبووە و بەشێک بووە لە بونیادی نمایشەکە، نا ئامادەگی ئاگر لەم نمایشەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– لەڕاستیدا ئەوە نا ئامادەیی ئاگر نییە، بەڵکو کوژانەوەی ئاگرە، لم ئاگری کوژاندۆتەوە، مێژووی ئێمە مێژووی بەلم بوونی شوێنە، ئەوە پرسیاری سەرەکی ئێمەیە بەوەی شوناس بەدوای کوژانەوەی ئاگر چی بەسەر دێت، ئایا تەنیا دۆڕاندنی ڕەهەندە ڕۆحی و ئاینە زەردەشتییەکەیەتی؟ لەلایەکیتریش ویستمان ئەوە بۆ هەموان دەربخەین، کە تەنیا ئاگر نییە دەتوانی سرووت بنیات بنێت بەداخەوە خەڵکانێک بەهۆی ئاگر لەکاری ئێمەدا گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە ئاگر یانی سرووت، ئەمجارە ویستمان سرووت لەدەرەوەی ئاگرەوە سرووتێکی جیاواز بێنێتە کایەوە.

*** لەدوای (یادەوەری دەنگ) و (ئۆدیبی زەردەشت)، (حیکایەتی لم) تان ئەنجامدا، قۆناغی دووەمی پرۆژەکەتان (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) هێشتا دوو کاری ماوە تەواو بێت، بەڵام (حیکایەتی لم) تەواو لەو دوو نمایشەی پێشتر جیاواز بوو، پێت وایە پرۆژەکەتان خەریکە دەگاتە کۆتا؟**

– مەرج نییە بەدوو کاری تر قۆناغی ئەزموونکاری دووەمان کۆتایی بێت، ڕاستە قۆناغی یەکەمی ئێمە بە پێنج ئەزموونی شانۆیی تەواو بوو، ئەوەش پێوەندی بەو گەڕان و پشکنینە هەبوو، بەواتای پەیوەست نییە بە ژمارەی کارەکانەوە، ئەمجارەیان قۆناغەکە بە پێنج ئەزموون تەواو نابێت، بەڵکو بە چوار ئەزموون بەواتای بە (ئەنتیگۆنای قەلا) پرۆژەی دووەمی گەڕان و پشکنینی ئێمە کۆتایی دێت، بەدوای ئەنتیگۆنا ئێمە نۆ ئەزموونی شانۆیمان ئەنجامدا، بە دوو قۆناغ هاتین، ئێستا پێویستمان بەوەیە بگەینە ئەنجامی تر، ئەزموونی جیاوازتر بێنینە دی، لە کاتی خۆیدا قۆناغی سێیەمی ئێمە دەبینن با ئەوە هەڵگرین بۆ کاتی کارەکان.

*** لەدوو کاری پێشترتان گرنگییەکی زۆر باشتان دابوو بە دەنگ، لە (حیکایەتی لم)دا هەست دەکرا زیاتر گرنگی بە جەستە دراوە و تا ڕادەیەک دەنگ فەرامۆش کراوە، تۆ وای نابینی؟**

– ئەوە پەیوەندی بە جۆری بینینەوە نییە، بەڵکو ئەوە نەهێنی ئەزموونەکەیە، چی وادەکات جەستە دەربکەوێت و ئامادە بوونی دەنگ کەمتر بێت؟ ئەوەئێمە نین بەڵکو خودی ئەزموونەکە خۆیەتی، چونکە کارەکە لەسەر سەرکوتکردنەوەی دەنگ بەرهەم هاتووە، بۆیە تەواوی دەنگەکان نزای ئاینی نین، بەڵکو تێکشکاندنەوەی مانا ڕەهاکانی وێنەی هزری زمانە، ئەوە نووسینەوەی تێکشکاندنی وشەیە، ئەوەی لە ئۆدیب وا دەکات دەنگ زاڵ بکات پێوەندی بە ئازادکردنی دەنگە لەناو پەرستگادا، دەنگەکە چییە سەرەنجام دەنگەکە بریتیە لە تێکستی ئاینی، بەلام لێرەدا جوولە دەیەوی حیکایەتێک بنووسێتەوە، بەجیاواز لە حیکایەتی سەرکوتکردنی وشە، دەنگ بوونی

هەیە چونکە دەنگ میتا حیکایەتە، میتا حیکایەت لەڕێگەی جوولە و تێکشکاندنەوەی وشە ئەزموونێکی ناتەبا دەخاتە ناو پرۆسەی بینین، ئەگەر دەنگ توانای خوڵقاندنی ئاماژەی نمایشی هەبێت ئەوا بێدەنگیش دەتوانی ئاماژە ترسناکەکانی دەزگاکانی سەرکوتکردن ئەزموون بکات.

*** تۆ زیاتر کارەکانت لەسەر (ئاگر، شوێن، پانتایی ناتەبا، سرووتی ڕۆژهەڵاتی) بنیات دەنا، ئەمجارە بونیادی سەرەکی کارکردنتان چی بوو؟ ئایا تەنها چیرۆک بوو؟**

– لەڕاستیدا چیرۆک بە مانا باوەکەی بوونی نییە، ئەوە بینەرە سەرەنجام دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە نمایشەکە خاوەنی چیرۆکێک بووە، ئیشکردنی ئێمە لەسەر ماتریالە جەستەییەکان نەبوو، بەڵکو جەستەی کولتوری ویستویەتی لەشوێنی ماتریالەکانیش دەربکەوێت ئەوە ئەزموونێکی سەختە، بەڵام هەوڵێکە بۆ ئەزموونێک خۆی خاڵی دەکاتەوە لە ماتریال و ڕاستەوخۆ پشت بە جەستە دەبەستی، لەوانەیە لێرەدا لە گرۆتۆفسکی نزیک بینەوە، بەڵام دەنگ توانای ئەوەی هەیە ماتریالە دەنگییەکانی خۆی بەجەستە ببەخشێت بەوەی بتوانی ئامادە نەبوونی ماتریالێکی وەک ئاگر کاریگەری نێگەتیف نەکاتە سەر تەواوی ئەتمۆسفێرە شانۆییەکە.

*** دووساڵ تێپەڕی بەسەر دامەزراندنی تیپەکەتان، بەم بۆنەیەوە دەتەوێ چی بە هاوەڵە شانۆکارەکانت بڵێی لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری و دواتر بە شانۆکارانی کەرکووک؟**


– ئێمە قسەیەکی ئەوتۆمان نییە بیکەین. قسەکانی ئێمە لەناو نمایشەکاندایە، بەڵام ئەندامانی تیپەکە ئەو حەقیقەتە لەهەموو کەس باشتر تێدەگەن بەوەی ئەوان چۆن و لە چ سەردەمێک تیپەکەیان دامەزراندووە، چەند لە هاوەڵەکانی ئەوان نەیانتوانی لەو کاروانە بەردەوام بن جا بەهەر هۆکارێک بێت، ئەوان ئێستا دوو قۆناغی دیاریان لە ئەزموونگەرێتی بڕیوە، هیوادارم کەسیان لە خۆبایی نەبن. لە قۆناغی داهاتوودا زیاتر خەونی ئەزموونیان لەلا گەورەتر بێت، ئەگەرچی باوەڕی تەواوم پێیانە، کە مانەوەیان پێمان دەڵێت ئەوان بۆ شانۆ خوڵقاون، بە شانۆکارانی شارەکەش دەڵێین تفەنگەکانتان بخەنە کێلانەوە جەنگی ئێوە لەگەڵ ئێمە نییە جەنگی ئێوە کارکردنە لەسەر شانۆ کە پێتان نەکرا گلەیی مەکەن شەڕ بە جوانییەکانمان مەفرۆشن، ئێوە لەهەموو کەس باشتر دەزانن بوونی ئێمە لە شانۆی ئەم شارەدا چ کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، ئێمە نەهاتووین نمایش دروست بکەین هاتین شانۆمان دۆزییەوە. ئەوەی هەبوو شانۆ نەبوو نوکتە و حیکایەت و ئارەزووکردن بوو لەنواندن، ئێمە ئەوانەمان گۆڕی و شانۆمان بنیاتنا، حورمەتی تایبەتیشمان بۆ ئەو شانۆکار و گرووپانەی ئێمە بە بەشێک لەخۆیان دەزانن و هەمیشە لەبەرامبەر جوانییەکان گفتوگۆ و ڕەخنەکانیان دەخەنە ڕوو، کە بۆئێمە ئەو پەڕی هیواو ئومێدن.

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی

# جێگای بەتاڵی سلووچ

سەباح ئیسماعیل

هەواڵنامەی کتێب




نووسەری ئەم ڕۆمانە مەحموود دەوڵەتئابادیی گەورە نووسەری ڕۆژهەڵاتە. ساڵی ١٩٤٠ لە دەوڵەتئابادی سەر بە شاری سەبزەوار، خوارسان لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لەو شارە تەواو کردووە. تەمەنی چوار ساڵان بووە کە پاڵەوانانی ڕۆمانی (کەلیدەر) کوژراون و بەنێو شاردا گێڕاویانن. لە منداڵییەوە هۆگرییەکی زۆری بە گێڕانی کۆتەڵ و نەقڵ گێڕانەوە و حەکایەت و ئەفسانە و بی بی جان بووە. لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا دەستی کردووە بە نووسینەوەی کتێبە کۆنەکان و دەستنووسی قەدیمە. زۆر شەیدای شانۆ بووە ساڵی ١٩٦١ یەکەمین چیرۆکی بەناوی (ئەدبار) نوسیووە. وەک خۆی دەڵێ: من یەکجار زۆرم نووسیوە، بەڵام زۆر کەمم بڵاو کردۆتەوە.

سـاڵی ١٩٧٤ بەهۆی ڕۆڵگێڕانی لەشـانۆیی (لە قووڵاییدا)ی مـەکسـیم گۆرکی بۆ مـاوەی سێ سـاڵ لەلایـەن ڕژێمی شـاوە کـەوتۆتە بەندیخـانـە. سـاڵی ١٩٨٦ ڕۆمـانی دەبـەرگی (کـەلیـدەر) تەواو دەکـات. هەندێک لەو بـاوەڕەن (کـەلیـدەر) باشـتـرین وێنەی ئـەدەبی لادێی فـارسـیـیـە. بڕێکـی تریش دەڵێن (کـەلیـدەر) سـەرەتای سـەرهەڵدان و خـوڵقـاندنی ڕۆمـانی فارسییە.

زۆربەی ڕۆمـان و دەقـە شـانۆییـەکانی بـۆ زمانی ئـینگلیـزی، فـەڕەنسی، ئەڵمـانی، چینی و سـویدی وەرگێـڕاون. دەوڵەتئـابادی خـۆی دەڵێت: ئێـمـە چیـرۆکنووسـانی ئێـرانیی بەرەی دووهـەم (١٩٢٠-١٩٧٠) هـەمـوو لە تاریکخـانـەی سـادقی هـیـدایەتەوە هـاتووینـەتە دەرێ. بزورگی عـەلـەوی، دەوڵەتئـابادی، هـووشـەنگی گـوڵشـیـری، ئەحـمـەدی مـەحـمـوود و.. ئەونووسـەرانـەن کە پاش سـادقی هیـدایەت هەر کامـەیان بـە شـێوەیەک، لەژێر کـاریگەریی ئەودان و هـەرکـامـێکیـان لایەنێکی کـاری چیـرۆکی ئـەویان درێژە پێـداوە. بـەوتەی زۆربەی ڕەخنەگران و توێژەرانی چیرۆک، دەوڵەتئابادی باشترین نووسەری ئێرانییە، کە توانیویەتی ئەدەبی لادێیی بنووسێت.

دەوڵـەتئـابادی لـەم ڕۆمـانـەیدا بڕێـخێت ئـاسـا، بـە زرنگی و هـۆشـیـاری و تـەیار بـە جیـهانبینییەکی کراوە و ڕوون باس لەو ڕووداوانە دەکات کە ؟؟تێپـەڕ دەگوزەرێن بێ ئەوەی هـەستیان پێ بکەین. مەرج نییە ڕووداوەکە گەورە بێت، ڕەنگە تا بڵێی ڕووداوێکی بچووک و ئـاسـایی بێت بەڵام کـە خـوردی دەکاتەوە و لەسـەری دەدوێت، تەنـانەت ڕووداوێکی گـەورەش هێندەی ئـەو ڕووداوە بچووکـە پەلوپۆی لێ نابێـتـەوە و قـسـەی لـەسـەر ناکـرێت، ئـیـدی ئـەو نووسـینە دەبێـتـە دڵۆپێک لە دەریایەک و کە بە خـۆماندا دەچینەوە سـەیرمـان پێ دێت چۆن ئەم شـتـە بچـووکـە ناوەڕۆک بـەڕێژەوە سـەرنجی بـۆ خـۆی کـێش نـەکـردووین!. بۆیـە لە هـەسـتـەکان و لە ڕۆشنـبـیری و دنیـابینی خـۆمـان دەکـەوینە گومـانـەوە و تێـدەگەین ئێـمـەی مـرۆڤ چەند دڵڕەقین و ناکـرێت هێنده هـەسـتـەکـانمان لە قـاڵب دابێ و دیلمـان کـردبن و تاخۆمان ڕووداوەکەمان بەسەر نەیەت هەستی پێ نەکەین.

نووسـەری فـەڕەنسی ئەلفرێدوی مۆسێ، لە چیـرۆکێکیدا باس لە کابرایەک دەکات هیچ کـات گـوێ لە ژنەکـەی ناگـرێ ڕۆژانە خـواردنی ئەو ژنە لێـدان و ئازار چێشـتـنـە بەدەست مێردەکەیەوە. چەندێک دەیهەوێ و هەوڵدەدات، بۆ جارێکیش بێت مێردەکەی گوێی لێ بگرێ و لێی تێبگات، بێ سـوودە. ڕۆژێک مـێـردەکـەی دێتـەوە ڕوو بەڕووی تـەرمی سـارد سـڕی ژنەکـەی دەبێـتـەوە هـەینێ کـابرا هـەسـتـدەکـات چ ئینسـانێکی گـەورەی لـە دەست چووە و

بۆشاییەک هێند گەورە دەکەوێتە ژیانییەوە، هیچ شتێک نییە پڕی بکاتەوە. ئیدی ئەویش تا لە ژیاندا دەبێت بەدەردی قەدر نەزانینی ژنەکەی و لە دەستدانییەوە دەتلێتەوە.

لەڕۆمانی (جێگای بەتاڵی سلووچ)دا، نزیک بە هەمان ڕووداو دووبارە دەبێتەوە ئەویش لە دەستدانی کەسێکە (سلووچ)، کە چ جێگایەکی بەتاڵ لە ژیان و چارەنووسی ژنەکەی؟؟ دەهێڵێتەوە. دەستپێکی ڕۆمانەکە بە ڕوودانی کارەساتێک دەستپێدەکات (مێرگان کە سەری لەسەر سەرینەکەی هەڵێنا، سلووچ دیار نەبوو).

سلووچ مێردی مێرگانە. نازانین بۆ سەری هەڵگرت و چۆنی دڵهات ژنەکەی و دوو کوڕ تاقە کچەکەی جێهبێڵێت؟ (شەوانی ڕابردوو سلووچ لەگوێ تەندوورەکە دەخەوت. مێرگان نەیدەزانی بۆ لەوێ دەخەوێ؟ تەنیا دەیدی دەڕواتە سەر تەندوورەکە و دەخەوێ. شەوانە زۆر درەنگ دەهاتەوە بۆ ماڵێ، یەکسەر دەڕۆیی بۆ بەرهەیوان و گوێ تەندوورەکە، لەژێر میچی قورماویی هەیوانەکە و لە قەراغ تەندوورەکە هەڵدەکورما). کاتێکیش دەنووست (لەسەر لا تەنیشت سەری خۆشی وەک جاڵجاڵووکەی لێکرد و تۆپی، بە خۆیدا دەدا و دەخەوت). ئیدی سلووچ لە پڕ سەر هەڵدەگرێ و ناگەڕێتەوە، بۆ کوێ دەڕوا؟ لەداخی چی سەری هەڵگرت؟ بۆ بە کەسی نەگوت؟ چۆنی دڵهات خێزانەکەی جێبێڵێ؟ ئایا لە دەست هەژاری یا لە دەستی ژنەکەی هەڵات؟ یاخود پیاوەتیی نەمابوو و هەستی بەوەستانی ژیانی کردووە؟ خۆیان بە دەستەوە نادەن.

مێرگان بە دوایدا سەر بە ماڵبە ماڵی گونددا دەکا و لە هەواڵی دەپرسێت، مخابن کەس سلووچی نەبینیبوو. مێرگان بڕواناکات کە سلووچی مێردی ئەوەی کردبێ (بەڕاستی سلووچ ڕۆیشتووە؟ ڕۆیشتووە بۆ کوێ؟ ئەی هاجەر؟ ئەی کوڕەکان؟ عەباس و ئەبراو؟ سلووچ ڕۆیشتووە! بۆ کام بەقوڕێ گیراو چووە؟ ئێمەی بەسەر کێدا بەجێ هێشتووە و ڕۆیشتووە؟! ها!).

ئەمجا مێرگان وریا دەبێتەوە و بەخۆ دەزانێ چی لەدەستچووە و چ بۆشاییەکی گەورە و ڕۆح دەرهێنەر سواری کۆڵی بووە و تاهێزی تێدایە وزەی لەبەر دەبڕێ و دەست لە بینە قاقای ژیانی گیردەکات. چ تاریکییەک بەری چاوە زیتەکانی ژیانی دەگرێت. ناکرێ سلووچ ئاوا لە ختو خۆڕایی پشتیان لێ بکا و کۆڵەکەی ساپیتەی قورسی ژیانیان بکێشێتەوە و بەسەریاندا بیڕووخێنێت. تەنانەت بەردێکی بۆجێ نەهێشتوون بینێنە ژێر سەریان، ئەوە تەنانەت کەندوویەک، کەهیچ پێویستییەکیان پێ نەبووە بە نیوە چڵی جێهێشتووە (جا بۆ دەستی لی هەڵنەگرێ؟ وەختێ بەرهەم و دەغڵ و دان نەبێ، کەندوو بەکاری چی دێ؟ بۆچی

دەبێ؟ تەندوور بۆچی؟ بۆکێ؟ بۆ کام تەشت و هەویر؟).

مێرگان گێژ و وێژ دەسووڕاوە، حاڵی خراپ و پەرۆش و پەشێو بوو. لەبەر خۆیەوە بە کوڕەکەی گوت:

–خۆشم نازانم، نازانم. بەڵام پێموایە شتێکی لێ بەجێدەما. بەجێی دەهێشت؟

–وەک چی؟

مێرگان قیژاندی بەسەر کوڕەکەیدا:

–چووزانم؟ من چووزانم؟ نازانم، کفنەکەی بەجێدەهێشت، کفنەکەی!.

چەندە ئەستەمە نزیکترین کەست، هیچت بۆ جێنەهێڵێ و سەر هەڵگرێ. شتێک تەنیا ئاماژە بە وجودی بکات دەست نەکەوێت. ئیدی مێرگان وەختێ بە خۆدا دێتەوە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی ئەرکەکانی ماڵەوە دەبێتەوە، دەبێ خەمێ لە منداڵەکان بخوات. سبەینێ کە عەباسی کوڕەکەی بێدار دەبێتەوە، داوای نان دەکات. ئا لەم خاڵەوە بڕیاری بەردەوامییدان و ڕوو بەڕوو بوونەوەی ژیان دەکەوێتە ئەستۆی مێرگان، مێرگان خۆی لێ دەکات و چ وڵامێکی پێ نییە.

–گوێت لێ نییە؟ نان! دەمهەوێ بچم بۆ کۆکردنەوەی چیلکە و چاڵی پەمۆ.

دوای مشتومڕ و وڵامدانەوە، مێرگان تەسلیم دەبێ ودان بەو ڕاستییە دادەنێ، کە هەموویان دەیزانن.

–دەی چبکەم؟ خۆم بکەم بە نان؟ نییە! خۆت نابینی نییە؟

سەرەڕای ئەو نەهامەتییانەش قەرزار بەری دەرکەیان لێ دەگرێ و داوای قەرزی سلووچ دەکەن، مێرگان دیەوێ دان بە قەرزداریی مێردەکەیا نەنێ، بەڵام بێ سوودە:

–چیت لە کەللەدایە؟ پێت وایە دەتوانی ماڵی من بخۆی؟ من هەقی خۆم لە گەرووی گورگ دەردەکێشم، جا تۆ چیت؟

–ئەگەر دەتوانی فەرموو دەریکێشە. خۆ من لە گیانم بێزارم.

تەنیا کارێک لەو گوندەدا بە ئاسانی دەستدەکەوت، قومارچێتی بوو. عەباس ئەبراوی برای ڕۆژ تائێوارێ لاسکە پەمۆیان کۆدەکردەوە، کەچی عەباس بە تۆپزی بەشی براکەشی دەبرد و دەیدا بە قومار. کە لە قوماریش دەدۆڕێت، دێتەوە دەکەوێتە گیان هاجەری خوشکی و بە بەهانەی ئەوەی دەزانێ دایکی مەنجەڵە مسەکانی لەکوێ شاردۆتەوە، خوری شۆڕی دەکات.

کوڕانی گوند بە مەبەستی کارکردن ڕوو لە شاردەکەن، کۆمەڵێ وردە بۆرژوای دێیەکەش،

دەست لەناو دەست یەکدەگرن و زەویی گوندییەکان هەزاران کرِدەکەن، ئەو بەشەزەویی خۆی نافرۆشێ، کەچی بە زۆر لێی دەستێنن، پرۆژەی دامەزراندنی مەزاری بستەدادەنێن، ترومپاو تراکتۆریش دێننە گوندەوە. لەو نێوەدا مێرگان چاوی تەماحی پرِ لە ئاڵۆشی پیاوانی گوندی بەسەرەوە و وەک دەرزی جەستەی دەئاژنن. لێ چیبکا؟ ناتوانێ بە تەنێ و بەدەر لە کۆمەڵگە بژێت (هێندێ جار پیاو ناچارە بژیوی خۆی لەدەستی دوژمنەکەی وەرگرێ. دەستێ کە بۆ وەرگرتنی هەمدەست درێژدەکرێ، هەر ئەو دەستە نییە کە بۆ یارمەتی وەرگرتن بەرز دەبێتەوە).

ئەوەتا کە بۆ وەرگرتنی حەقدەستی عەباسی کورِی بەرابەر بە حوشترەوانییەکەی، دەچێتە لای سەردار، سەردار لەبری حەقدەست بەزۆر دەیدا بە عەرزا و پەلاماری دەدات لاقە کوتە و هەوڵ و خۆ بە دەستەوەدان. تەسلیم، تەواو.

لەولاشەوە عەلی گەناو، کە خودان گەرماوی گوندەکەیە لەکاتی توورِەبووندا ژنەکەی دەداتە بەر پێلاو لاقی دەشکێنێ و پشتی کەزگی نەرمتر دەکات، ئیدی ژنەکەی لە ئینسانی دەکەوێ و بەرەڵا دەکرێت. عەلی گەناوی زرتە زەلام بە وادەو بەڵێنی کار دۆزینەوە بۆ کورِەکانی مێرگان، دەچێتە داخوازی هاجەری تەمەن سێزدە ساڵی کچی مێرگان. هاجەری منداڵ، کە مەمکی هێندەی قلە گوێزێکە، دەرازێننەوە و دەیبەن بۆ عەلی گەناو. وەک شێرێک بەرخۆلەیەکی بە چنگ هێنابێ، عەلی گەناو هەڵمەت دەباتە سەر هاجەری منداڵۆکە و درِندانە پەلاماری دەدات، وەک ئەوەی تەنیا هەلێک بێ و بەدەستی هێنابێ، قیژە و قیژە و قیژە! قیژە قیژی شێواوی هاجەری منداڵۆکە لە گەرِەک:

–وەی دایە.. دایە گیان وەی.. دایە گیان وەی ی ی.. ئەی هاوار..!

مێرگان دەرپەرِی بۆ کۆڵان. هاجەر دەرپێکەس بە دەستەوە گرتبوو و دەفرِی. چوون جورِرِەیەک لە چنگ واشەیەک دەرپەرِیبێ. عەلی گەناو بە دوایەوە بوو. هەڵدەهات و بەرِێوە خەریکی بەستنەوەی دۆخینەکەی بوو. هاجەر خۆی کرد بە باوەشی دایکیدا. عەلی گەناو لێ نەدەگەرِا، دەبوو ئەمشەو ئاڵۆشی درِندانەی لە جەستەی ئەو قوربانییەدا بەتاڵکاتەوە. مەچکی هاجەری گرت و رِایکێشا. هاجەر وەک چەقەقە بە دایکییەوە نووسابوو و بەری نەدەدا، مێرگان و هاجەر پێکەوە کێشرانەدەرێ. هاجەر لاقی لە زەوی چەقاندبوو و دەیزیرِاند:

–نایکەم خودایە! نایکەم نا! نایکەم. من شوو ناکەم.. خودایە...!

ئیتر خەریک بوو پشووی رِادەوەستا. هەناسەی بەحاڵ دەردەهات. رِەش و شین

داگەڕابوو. ئەبرا و خۆیدا بەسەر دەستی عەلی گەناودا.

-چییە کاکە بۆ وا دەکەی! دیلت گرتووە دەیبەی.

عەلی گەناو بە دەستە زەلام و قورسەکەی دەمی کچەکەی گرت و لە حەوشە چووە دەرێ. دەنگی هاجەر لە لەپی عەلی گەناودا کپ بوو بوو. بەڵام هەروا بەبن باخەڵی ئەو زەلامەوە قاچە قرتێی دەکرد و بردیە ژوورێ. مێرگان بەدوای عەلی گەناودا دەپاڕاوە:

-عەلی گیان... عەلی گیان... بە قوربانی ئەو قەدو باڵایەت بم. عەلی گیان... گوناحە ڕوحمێکی پێبکە... بەزەییت پێیدابێ منداڵە... عەلی گیان... عەلی گیان...!

لەم گوندەدا قوربانی یەکەم ئافرەتانن، خێر لە خۆنەدیو، مێرگان پیاوەکەی جێیهێشتووە، زارا بە قەیرەیی ماوەتەوە، ڕوقیا لەدوای لێدانەکەی عەلی گەناو بە دار دەڕواو تێک شکاوە، هاجەر بە سێزدە ساڵی دراوە بە زرتە بۆزێک....

سەرەڕای ئەوەی نەیانتوانیوە لە هەمبەر ئەو زوڵمەی لێیان کراوە، ڕێگە چارەیەک بدۆزینەوە. ئینجاش حەز و ئارەزوو و ئاواتەکانی مرۆڤ لەبن نایەن. مرۆڤەکان چەندە بەستەزمانن، نە دەورو بەر نە سروشت، کەس بەزەیی پێیاندا نایەتەوە و لەوە گەڕێ کە لێکدیش ناگەن و هەزاران ئاواتی پەنهان لە دڵیاندا هەناسەیان لەبەر دەبڕێ. بڵێی مێرگان جار جار دڵی پێوە نەبێ گۆزەکەی ماڵی سەردار پڕ بکا لە ئاو و بۆی بەرێ؟ بۆ! دڵی پێوە بوو. مەگین مرۆڤ کەمی ئاوات و حەز اە دڵدایە کە زۆربەیان لەگەڵ خۆی دەباتە گۆڕەوە؟

ماڵی خاڵی مێرگان لەدەست ئەو میوانە چاو لە دەرانەی بە دەوری میچرگاندا دێن، دەناڵێنێ. ئەوەتا دوو شەممە و سەردار لە ماڵیان زۆرانبازیی دەست دەکەن، ئەوەی کێ بیدۆڕێنێ سەر بە ماڵی مێرگاندا نەکات. لەو نێوەدا هەواڵی ئەوە دەدەنە مێرگان گوایا لەناوچەیەکی دوور سلووچیان بینیوە لە کانەکان کرێکاری کردووە. ئیدی لە وەزی مێرگاندا نامێنێ و توانای چاوەڕوانیی نەماوە. عەباسی کوڕی، کە بەهۆی ڕووداوێکەوە ترساوە و تێکچووە، لەسەر تەندوورەکە، شوێنی پێشووی سلووچ، جێدێڵێ و هاوشان لەگەڵ براکەی و کوڕەکەی و موراددا پشت لە گوند دەکەن.

لەوە دەکا ڕۆمانەکە بەشی دی هەبێ، یاخود وڵامی هەندێک پرسیار بۆ خوێنر جێدێڵێ؟

ماوەتەوە بڵێم وەرگێڕ (ئەمین گەردیگلانی) هونەری نواندووە و تا بڵێی بە کوردییەکی ڕەوان و بە ئاب و تاب ڕشۆمانەکەی کوردادووە.

**×مەحموود دەوڵەتئابادی- شوێنی بەتاڵی سلووچ- و: ئەمین گەردیگلانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان- هەولێر ٢٠٠٦ .**



هەواڵنامەی کتێب

هۆشەنگ شێخ محەمەد

# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی
# مەگیرانی

کۆمەڵە شیعری هەندرێن حەمەدەمین

هەولێرنامەی کتێب



خاوەنی کتێبی مەگیرانی، کە کۆمەڵە شیعرێکی تەڕ و ناسک و پڕ هزر و دیدن و ڕووانینمان دەداتێ بۆ کۆمەڵێ چەمکی وەک تەنیایی و دووری و خۆشەویستی و غوربەت و سەفەر و وڵات و ژن و چیرۆکەکانی پیاوێک لە سەردەمی جیاجیادا. خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەکرێ لە چەند لایەکەوە بکرێت کە لێرەدا هەوڵ دەدەین بتوانین خوێندنەوەیەکی بۆ بکەین بێ ئەوەی داوای ئەوەش بکەین کە خوێندنەوەکەمان خوێندنەوەیەکی یەقینی بێت و دوای ئەو خوێندنەوەیە ئەم کۆمەڵە شیعرە خوێندنەوەی دیکە بە خۆیەوە هەڵنەگرێت.

**ناونیشانی کتێبەکە: (مەگیرانی)**

دیارە ناونیشان بایەخێکی تایبەتی ستاتیکی و هزری هەیە بۆ کتێب، زۆر جار ناونیشان وەک دەرگەی بەرهەم وایە کە خوێنەر تیایدا و بەڕێی ناونیشانەوە دەتوانێت بیرێکی سەرەتایی لەسەر کارەکە وەربگرێت، زۆر جاریش ناونیشان دەبێتە هەڵگری یان کورتکراوەی ئەو بیرۆکانەی شاعیر لە ناو بەرهەمەکانیدا پێشبەرییان ئەکات، زۆر جاریش ناونیشان دەبینین لە چەند وشەیەکی وەها پێکدێت کە دەتوانن پێکەوە ڕستەیەک دروست بکەن و مانایەکی تەواومان پێ ببەخشن، یان ماناکانی ناو بەرهەمە شیعرییەکانمان بۆ کورت بکەنەوە و لە دەستەواژەیەکدا چەندین مانامان بدەنێ.

لێرەدا من بە پێویستی دەزانم کە بڵێم بە بڕوای من ناونیشانی ئاوا ستاتیکی تر دەبێت کە بتوانێت وێنەیەکی نوێی شیعری بداتە خوێنەر، واتە ناونیشان بگاتە ئەو ئاستەی کە پرسیار بکات و خوێنەر عەوداڵی ماهییەتی بێت و خاوەن جوانی و ستاتیکایەکی شیعری بێت و چێژ بەخشیش بێت، واتە ناوێک بێت کە بتوانێت یەکسەر پرسیار لەلای خوێنەر دروست بکات و لە جیاتی مانایەک بتوانێت چەندین مانا پەخش بکات. ناونیشانی زیرەک ئەو ناو و دەستەواژانەن کە دەتوانن خوێنەر سەرسام بکەن و پرسیاری لە لا دروست بکەن و وای لێبکات کە یەکسەر بکەوێتە کرداری گەڕان و سوڕان بە دووی مانا یان مانا جۆراوجۆرەکانی ناوەکەدا.

دیارە مەگیرانی یەکێکە لەو ناوانەی کە دەتوانێت پرسیاری ئەوە دروست بکات کا مەگیرانی وەک ناوێک مانای چییە، واتە یەکەم جار مانا فەرهەنگییەکەی دوای ئەوەش دوای مانا فەرهەنگییەکەی ئەوە دەتوانێ پرسیار لەسەر مانا مەجازییەکانیشی بکات، ئەگەر ئێمەش بزانین مەگیرانی ئەو داواکارییانەن کە ژنان لە کاتی ئاوسیدا دەیکەن و حەزیان دەچێتە شتێکی تایبەت وەک ئەوەی ژنان گەلێک جار حەزیان لە شتی ترشە، یان لە شتی شیرین، ئەوە دوای ئەو شتانە پێی دەڵێن مەگیرانی واتە ژنەکە مەگیرانی شتێک دەکات.

ئەوە مانا فەرهەنگییەکەی ناوەکەیە، بەڵام ئایا هەندرێنی شاعیر دەیەوێ لە ڕێی ئەم وشەیەوە چ مانایەک بە ئێمەی خوێنەر بگەیەنێ.؟

ئایا دەیەوێ پێمان بڵێت کە ئەویش مەگیرانی شتێک یان چەند شتێک دەکات. یان دەیەوێ بڵێت هەموو مرۆڤەکان مەگیرانی شت دەکەن؟ یان دەیەوێ باس لە مەگیرانی مرۆڤەکان بەگشتی بکات و باس لە حەز و مەراقەکانی مرۆڤ بکات و سەفەرێک بەناو ئەو

بابەت و خولیایانە بکات کە مرۆڤ دەیانکات و لەوێشەوە باسی ژیان و دونیا و هەبوونی مرۆڤەکان بکات لە ڕێی ئەو شەوق و مەراقانەی لە دڵ و ڕوح و دەماغیاندا هەیە و دواییش باس لەوە بکات کە ژیان چەند میهرەبانە و چەندێک لەو مەگیرانیانەی مرۆڤەکان دەبەخشێت و چەندێکیش نابەخشێت؟

دیارە ئەو پرسیارانە شیمانە و گریمانەن و ڕەنگە هەندرێن خۆیشی مەبەستی بێت ئەو پرسیارانە لە ڕێی ناونیشانەوە بکات و ڕەنگیشە مەبەستی نەبێت. بەڵام شیعری نوێ و ناونیشانی ستاتیکی ئەوەیە کە بتوانێت چەندین مانای جیاواز و وێکچوو لە خۆیەوە هەڵبگرێت و بکرێت لەگەڵ نووسەر هەم یەک بگرێتەوە هەم دژ بێت، باشترین ناونیشان و تێکستیش بە بڕوای من ئەوەن کە بتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر و درێژ لە ماناکانی شاعیر دەرکەونەوە وتەنانەت شاعیر لە ناو بەرهەمەکەدا ببێتە شەبەح و شوێنەواری نەمێنێ و ئەو ئێمە ڕاپێی ماناکانی خۆی نەکات، بەڵکو ئێمە بە خۆمان بتوانین ماناکانی خۆمان لەناو تێکستەکاندا دەستنیشان بکەین، نەوەک شاعیر دکتاتۆرانە پێمان بڵێ ئەوەیە مانای حەرف و شیعر و ناوەکانی من.

شیعری نوێ ئەو ئازادییە کە خوێنەر لەناو تێکستدا بەرهەمی دەهێنێت و ماناکانی خۆی لە بەرهەمەکەدا بەرهەم دەهێنێ، ئەگەر نا ناکرێت ئێمە تەنیا لەگەڵ ماناکانی شاعیردا خوێندنەوە بکەین و کۆی بابەت و شتەکان لە ڕوانینی شاعیرەوە وەرگرین و هیچ بەشدارییەکی کاریگەر لە دەقی شیعرەکان و ناوەکاندا نەکەین. ئەو دەقانەی کە مەودا نادەن ئێمەش لەگەڵیاندا بفڕین و ماناکانی خۆمان تێدا ببینینەوە، دەقی یەک ڕەهەندی و یەقینین، کە تەنیا مانایەکمان دەدەنێ و ئازادیمان نابێت لە خەڵقکردنی مانای دیکە. کە ئەوەش مانای مردنی مانا و مردنی دەق و ناوەکانە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە مەگیرانی یەکێکە لەو ناوانەی دەکرێت هەر یەک لە ئێمە خوێندنەوەیەکی جیای بۆ بکەین و چەندین مانای جیاوازیشی بدەینە پاڵ بەگوێرەی ئەو خوێندنەوە تایبەتییەی کە ئێمە بۆ مانای فەرهەنگی وشەکە و مانا مەجازییەکانی وشەکە دەتوانین بەرهەمی بهێنین.

**ماناکانی هەندرێن و ماناکانی من:**

دیارە هەندرێن یەکێکە لەو شاعیرە نوێخوازانەی کە شیعرەکانی ئەم بەرهەمەی دەگێڕنەوە بۆ دوای سەرهەڵدانی ١٩٩١، نوێخوازی بەو مانایە نە، کە تەنیا لە ڕووی زەمەنییەوە شعیرەکانی دەکەونە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠١، بەو مانایەش نە کە

توانیویەتی خۆی لە بیناتە تەقلیدییەکانی دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرباز بکات، بەڵکو بەو مانایەی شیعرەکانی هەندرێن پڕن لە مانای نوێ، چ ئەو مانایانەی خۆی وەک خوێنەرێک نەوەک نووسەری شیعرەکان مەبەستیەتی و چ وەک ئەو مانایانەی من وەک خوێنەر و نووسەری شیعرەکە بەرهەمیان دێنم، واتە یەکێک لە خەسڵەتە نوێخوازییەکانی هەندرێن لە شیعرەکانیدا ئەوەیە کە ئەتوانێ خۆی لەگەڵ خوێنەردا جێگۆڕکێ پێ بکات دەتوانێ خۆی ببێتەوە بە خوێنەر بۆ شیعرەکانی و دەشتوانێ ئەو مەودایە بداتە خوێنەر وەک نووسەرێک بەشداری بکات لەبەرهەمهێنانی مانای تایبەت بە تێکستەکانی.

دیسانەوەش با بڵێم بەرهەمهێنانەوەی مانا بەو سادەییە نا.. کە تێکستەکانی فرە ڕەهەندن و دەتوانن مانای جۆراو جۆر ببەخشن، یان مانای جیا لە ماناکانی هەندرێن بە خوێنەر بدەن.

نەخێر من پێموایە نوێخوازی هەندرێن لەوەدایە کە ئەو بەرهەمێکی وای داهێناوە کە ئەو خۆیشی دەتوانێ ببێتەوە بە خوێنەری بەرهەمەکانی نەوەک تەنیا بەمانایەک لە ماناکانی تێکستەکە ڕازی بێت، تێکستەکانی ئەوەنین کە ئەو وەک نووسەرێک هەموو ماناکانیان بزانێت و بزانێت بۆ چ ئەو حەرف و ئەو نوقتە و ئەو فاریزەیە و ئەو خەت و سێگۆشەیەی داناوە. پێموایە زۆر مانای شاراوە لە ناو تێکستەکاندا هەن هەندرێن خۆیشی مانای تەواویان نازانێت و ناچارە وەک خوێنەرێک تەماشای تێکستەکانی بکات و بە دوای مانادا بگەڕێت.

من پێموایە یەکێک لە خەسڵەتەکانی شیعری نوێ ئەوەیە کە دەق ئەوەندە ئازاد بێت و سەودایەکی ئەوەندە ڕوحییانە بێت لەگەڵ چەمک و بابەتەکاندا کە شاعیر خۆیشی نەتوانێت کۆنترۆلی حەرف و وشە و زمان بکات، کۆنترۆڵی مانا و ئاماژە و بەخشینەکانی تێکست بکات، نەتوانێت مانایەکی زۆر دیار و ڕاشکاوانە بە دێرەکانی بدات.

واتە پەیوەندی نێوان شاعیرو شیعر پەیوەندییەک بێت زیاتر ڕوحییانە بێت، نەوەک دینی یان سیاسی یان هزری یان سۆزداری یان کۆمەڵایەتی یان هەر بابەتێکی دیکە کە دەتوانێت شیعر بکاتە ئەو بابەتە.

واتە من مەبەستم نییە ئەوە بڵێم کە دەقێک دەتوانێت خوێندنەوەیەکی سیاسی و هزری و دینی و کۆمەڵایەتیمان پێشکەش بکات، بەڵکو دەق دەتوانیت مانای بێ کۆتاییمان پێ ببەخشێت بێ ئەوەی شاعیر وەک دکتاتۆرێکی بچووک مانایەک یان چەند مانایەک یان چەند خوێندنەوەیەکی جۆراو جۆرمان بداتێ.

خوێندنەوەی جۆراو جۆر لای خوێنەرە جۆراوجۆرەکاندا بەس نییە بۆ ئەوەی شیعر و شاعیرێک بکاتە نوێخواز، بەڵکو تەماسی ڕوحییانەی شاعیر بۆ چەمک و بابەتەکانی ژیان و هەبوون و دواییش تێکەستەکە ئەو توانایەی هەبێت ئەو تەماسە ڕۆحییە لە ناو خۆیدا هەڵگرێت و ئەو ساتانە بگرێت کە تیادا ڕوحی شاعیر لە ناو چەمک و بابەتەکاندا بدرەوشێتەوە.

پێشم وایە چەکێک کە بە دەست شاعیر بێت بۆ پێکهێنانی ئەم هاوکێشەیە بە پلەی یەکەم ڕوحی شاعیر خۆیەتی، یان ڕاستتر بڵێم ڕوحی شاعیرانەی شاعیر خۆیەتی، هەنەرێنیش یەکێکە لەو شاعیرانەی بە ڕوحییەتی شیعرەوە دەنووسێ، واتە شاعیرانە شیعر دەنووسێ نەوەک سیاسییانە یان فەیلەسوفانە یان هزریارانە یان کۆمەڵناسییانە یان دەروونزانییانە یان و یان هتد....

لێرەدا ڕەنگە پێویست بێت بە شێوەیەکی ڕونتر باس لە شیعرییەت بکەین.

**شیعرییەت و مانا**

ڕەنگە یەکێک لە کێشەکانی شیعر و شیعرییەت ئەوەبێ کە زۆر کەس پێی وایە شیعر ڤالایە لە هزر، بەڵام ئێمە با بپرسین شیعرییەت چییە..؟ و پەیوەندی نێوان شیعر و مانا چییە؟

ئایا شیعرییەت ڤالایە لە بیر..؟

با بەنمونەیەکی سادەوە دەست پێ بکەین، زۆر جاران کە مرۆڤ لە کەشێکی خۆش و نەشئە بەخش و ئازاد دایە، دەڵێ کەشوهەوا کە شاعیری بوو..!! دیارە ئەم شاعیربوونە پەیوەندیی بەشیعر نووسین یان خویندنەوە نییە لەو کاتەدا، کە مرۆڤە کە تیایدا سەربەست و ئازاد و دڵخۆشە دیارە لێرەدا شاعیر بوون بە مانای ئەوە دێت کە پەیوندی مرۆڤەکان و چەمک و بابەتەکان پەیوەندییەکە تژی مرۆڤایەتی و جوانی و ستاتیکا و ئارامی و خۆشی و چێژ و تەناهی و دڵنیا بوون و ئارامگرتن. واتە مرۆڤ لە ساتێکدا تەباییە لەگەڵ دونیا و ژیاندا. مرۆڤ لە بەرانبەر چەمک و بابەتەکانی دونیادا مانای جوان و خۆش و چێژبەخشی بەرهەم هێناوە.

باشە ئەو مانا خۆش و چێژبەخشانە چۆن بەرهەم دەهێنرێن..؟

دیارە بۆ هەر پەیوەندییەکی مرۆڤایەتی مانا پێویستە، مانایەک لە نێوان مرۆڤ و بابەتەکاندا، جا هەر بابەتێک بێت، هەتا بابەتێکی بێ ماناش بێت، بێ مانابوونیش لەو حاڵەتەدا مانایە لەو ساتەدا. ئەو مانایەش بەرێی پەیوەندییەوە دروست دەبێت، پەیوەندیش



هەولێرانی کتێب

لە ڕێی هەست و بیرەکانی مرۆڤەوە هەروەها نابێت ئێمە لایەنی ڕوحیش لەیاد. بکەین چونکە هزر و هەست و ڕوح پێکەوە سیتێکی هزری بۆ مرۆڤ دەخۆدلقێنن، و مرۆڤ بەو سیستەمەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەر و بابەتەکانی بەرامبەری دیاری دەکات و ناو ناسنامەیان پێ دەبەخشێت.

ڕەنگە ئیمە بزانین  کە هزر و هەست یەکسەر دەتوانین مانایان دروست کەن و بماندەنێ، بۆ نموونە مرۆڤێک کارێک ئەنجام دەدات و دەزانێت کە ئەو کارە باشە یان خراپ؟ یان کە شتێک دەگرین دەزانین کە ساردە یان گەرم، خۆشە یان نەخۆش .. بۆ نموونە؟ هزر و هەست زوو مانامان پێ دەبەخشن، مانای دیار و ئاشکرا، بەڵام رەنگە شعرییەت تا ڕادەیەک جودا بێت، ڕەنگە ئەو هزری باش و خراپ یان هەستمی خۆش و ناخۆشمان بداتێ، بەڵام زوو بە زوو مانای ئەو هەستانە نەزانین. واتە (باشی و خراپ.. خۆشی و ناخۆشی) وەک دوو بابەتی بەرەنگار زەحمەتە لە شیعرییەتدا بتوانن خۆیان بکەنە بەرهەم. لە شیعرییەتدا ئەو مەسافەیەی لە نێوان باش و خراپیدا .. خۆشی و ناخۆشیدا هەیە، پتر و پتر فراوان دەبێت و دەبێتە زەوییەکی تاریک و پێویست بە لێگەڕانی مرۆڤ، لەو مەسافەیەدا مانا بە ئاسانی نادۆزرێنەوە و ئاشکرا ناکرێن.

واتە شیعرییەت  ئەگەر نەتوانێت  زوو بە زوو مانایان بدۆزێتەوە و بەرهەمیان بێنێت، هۆیەکەی ئەوەیە ئەو لەو مەسافەیەدا هاتوچۆ دەکات و دەگەڕێت ئەو مەسافەیەش بەردەوام پڕ دەبێت لە سیحر و نهێنی و سەراب. مرۆڤ بەردەوام هەر مانایەکیش ببینێتەوە دەبێتە سەراب و نابێتە هەقیقەتێکی ڕەها.

واتە شیعرییەت دژی ستراتیژی (قسە هەزارە و دووانی بەکارە) کار ئەکات. لەلای شیعرییتەوە هەموو قسەکان بەکارن و دەتوانن خۆیان نمایش بکەن.

شعرییەت مانایەکی کۆتایی بەرهەم ناهێنێت. تا بۆ ئێمە قەناعەتێک لەسەر بابەتێک دروست بکا. دیارە شیعرییەت دەتوانێت (هەزار قسە) دروست بکات. شیعرییەت هزر و هەستێکی بەردەوامە کە لە ئاست چ مانا و هەقیقەتان ڕاناوەستێت و بەردەوام دەگەڕێت.واتە شیعرییەت هزری بەردەوامی مرۆڤە.

بەڵام ئایا لەنێوان هزر و ڕوحدا لێرەدا چ پەیوەندییەک هەیە..؟

دیارە هزر ڤەڕێژی هەستەکانی مرۆڤە. هەروەها سۆزەکانیش دیسان دوای دیتن و بیستن و تامکردن و بۆنکردن و دەستلێداندا پەیدا دەبن و مرۆڤ درکیان پێ دەکات، کاتێک مرۆڤ نەیتوانی ببێتە خاوەن قەناعەتێکی بێ گومان و نهێنی هەموو شتەکانی بۆ ئاشکرا

نەبێت، و نەیتوانی پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەموو شتەکان دروست بکات، لێرەدا ئەو مەسافەیە دەست پێ دەکات، ئەو ماوەیەی لە نێوان جەمسەرەکانی جووتە بەرەنگارەکانە، لە نێوان خۆشی و ناخۆشیدایە، لە نێوان باشی و خراپیدایە، لێرەدا کە مرۆڤ ناتوانێت مانایە هەقیقییەکان دەستنیشان بکات، وەڵامی یەقینی پەیدا بکات، ڕوح لێرەدا.. بنکەی پرسیار دروست کردنە، کە بەردەوام هزر و هەستان چالاک دەکات تا بیر بەرهەم بێنێت و مانای نوێ پەیدا بکات، وەڵامی نوێتر پێشبەر بکات و دیسانیش گومانی تر و گەڕانی دیکە داوا دەکات، واتە ڕوح کە سەرچاوەی ئەو گەڕان و سوڕانەیە. ماوەی نێوان هەقیقەت و گومانە، نێوان نهێنی و ئاشکراکردنە، ماوەی نێوان پرسیار و وەڵامە، پەیوەندیی بە بیرەوە ئەوەیە کە بەردەوام داوا دەکات هزر وەک چالاکییەکی مرۆڤایەتی بەردەوام خۆی نوێ و نویتر. بکاتەوە لە هێی ئاستێکی مەبەستگەرایی ماناداریدا نەوەستێت و بەردەوام ماناکان نەفی بکاتەوە، واتە شیعرییەت بەردەوام مانا دروست دەکات و تەجاوزیشیان دەکات مەسافەیەکی بێ کۆتاییە لە نێوان بابەتە هاودژەکان بەرەو جەمسەرێکی هاودژەکان غار دەدەن و لەسەر مانایەک دەوەستن وەک چۆن دین و سیاسەت و فەلسەفە و زانست وا دەکەن.

واتە کایەکانی دیکە چەند لە شیعرییەت دووربن ئەوەندەش لە هەقیقەت و یەقینەکان نزیکن، شیریش وەک کایەیەکی هزری و ڕوحی، هەردەم دوورلە هەقیقەت و یەقینان، شیعرییەت چ جاران مانای دیار و ئاشکرا بەرهەم ناهێنێت و خۆی ناداتە دەست هێ هەقیقەتێک، بەو واتایە شیعر پێویستە تژی و جووتە بەرەنگارەکان و تێکشکادی ئەو هزریانەیە کە بەردەوام بەرەو شیعرییەت بێت، تا بتوانێ دونیا پڕی شیعرییەت و جوانکاری و سەفەر و گەڕانی هزری و فڕینی سۆزەکان بکات.

لێرەدا شیعر جودایە لە کایەکانی دی، چونکە نە دین و نە سیاسەت، نەیانتوانی دونیا ختمی شیعرییەت بکەن، بەڵام شیعری هاوچەرخ خەریکە ئەو کارە ئەنجام دەدات.

لێرەدا دیارە ئێمە لە هەندرێن دوورکەوتینەوە، بەڵام دەبوایە ئەو باسە ڕوون کەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین دوایی باس لەوە بکەین کە هەندرێن یەکێکە لەو شاعیرە کەمانەی کە توانیەویانە لە بن دەسەڵاتی مانا دەربچن و بتوانن شیعر بکەن بە شیعرییەت نەوەک شتێکی دیکە، کە دیاریشە ئەمە یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانی نوێخوازی لە شیعری کوردیدا و کە بەدەیان ناوی گەورە لە گۆڕەپانی شیعری کوریدا وەک نوێخواز دەناسرێن و تەماشا دەکرێن بەڵام دیسانەوەش شیعرەکانیان تا سەر ئێسقان پڕن لە مانای سیاسی و

دینی و هزری و فەلسەفی و کەمبەشن یان بێ بەشن لەو ئازادییەی کە لە دەرچوون لە بن دەسەڵاتی ماناکان بەرهەم دێت.

دیارە من لێرەدا قسەم لەسەر هەندرێنە و لەسەر شاعیرەکانی دیکە نییە بۆیە باشتر وایە بگەڕێمەوە لای هەندرێن.

**هەندرێن و دەرچوون لە دەسەڵاتی مانا:**

دیارە من دەمویست ئەوە بڵێم کە هەندرێن نوێخوازییەکەی لەوەیە کە ئەو وەک مرۆڤێک خاوەن سیستەمێکی بیرکردنەوەی نوێیە، بیرکردنەوەیەک ئازاد لە بنەما دینی و سیاسی و هزری و فەلسەفی و زانستی کە وەڵامی یەقینی بداتە مرۆڤ. ئەگەر وا نەبوایە نەمان دەتوانی بە نوێخواز لە قەڵەمی بدەین.

لەشیعری ئاسماندا هەندرێن دەڵێ:

**(ئەوەی مێشی خۆشویست**

**ڕوحی گوڵە)**

ڕەنگە لەم دێرەدا ئێمە هەست بەوە بکەین بەرامبەر وێنەیەکی شیعری نوێداین، وەک خوێندنەوەی ڤەرێژێک بۆ هزرێک بەرامبەر بە وەزیفە سروشتی و بایۆلۆژییەکانی زیندەور و ڕوحی مرۆڤ، دیارە لێرە من ناتوانم ئەو وێنەیە ببمەوە سەر بنەمایەکی دینی یان سیاسی یان فەلسەفیش، ئەگەر چی بۆ یەکمجار وامان دێتە پێش چاو کە ڕەنگە ئەم دێرە تەعبیر لەفەلسەفەیە کی تا سەر ئێسقان مرۆڤایەتی بکات، خۆ ئەگەر ئێمە لێرەشدا بوەستین و ڕاڤەیەکی فەلسەفی بۆ ئەم دێرە بکەین، ئەوا دەتوانین لە ڕوحانییەتی نێرفاناو بودییەتدا نزیکی بکەینەوە بۆ نموونە بەڵام من پێموایە ئەم ڕاڤە فەلسەفییە لە شعیبەتی ئەو دێرەوی دوورمان دەخاتەوە و وامان لێ دەکات کە شعێرێک بکەین بە فەلسەفە، فەلسەفە بە مانا تەنگەکەی ئەو پەیڤە، کە دیاریشە ڕەخنەی کوردی هەمیشە لە مانا تەنگەکانی فەلسەفەوە جۆرێک لە شانازییەکی هزری دەبینێتەوە، کە من پێموایە ئەو ڕادەی تێنەگەیشتنە لە ئەرکە قورسەکانی شیعر و ئاسنکردنە وەیەتی بۆ مانایەک کە لە فەلسەفەوە بەرهەم دێت، بەڵام من پێموایە پێویستە و ڕەخنەی شیعریش ئەوە کە بتوانێت لە ڕوحی شیعرییانەی شیعر نزیک ببێتەوە نەوەک شیعرمان بۆ بکات بە فەلسەفە.

دیارە ئەم دێرە کە کەم وێنەیە. لە شیعردا و ڕەنگە زەحمەت بێت کە ئێمە زیاتر وەک شیعر بیخوێنینەوە نەوەک وەک دێرێکی فەلسەفی یان وەک فەلسەفەیەکی ڕوحانیش ئەوە ئەگەر نەڵێم وەک دین.

ئەگەر راڤەیەکی سەرەتایی بکەین، ڕەنگە بڵێین کە مێش ئەو زیندەوەرە بێزەوەرەیە لە یادەوەریی ئێمەی مرۆڤدا، کە دیسانەوەش ئەو هەست و ئەو هزر و ئەو سۆزانەی بارگاوین بەدین و سیاسەت و فکر و تێگەیشتنەکانمان وای کردووە کە ئێمە ئەو زیندەورە بە پیس و پۆخڵ ببینین و بە جۆرەها شێوە هەوڵی کوشتنی ئەم زیندەوەرە وەک پێویستییەکی ژیانی مرۆڤانەش تەماشا کەین.. با لێرەدا پرسیار بکەین و بڵێین بۆ ئێمە وەک مرۆڤ ئەوەندە دڵرەقین لە ئاست مێشدا..؟ بۆ ئەو ناسنامە یەقینی و حازر بە دەستەمان داوەتە مێش کە پیسە و دەبێت بکوژرێت و لە ژیان و ئێمەدا دوور بێت..؟ باشە دینێک کە سەرتاپای دونیا و ژیانی ئێمەی تەنیوە بۆ نەیتوانیوە ئەو ڕۆحەمان لە ناو بچێنێت تا نەیکوژین..؟ بۆ ڕانستێک وای نەکردووە بەس کات لە بەرهەمهێنانی (بف باف) و جۆرەها کیمیا بۆ کوشتنی..؟ بۆ هزری ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی تەبایی لەگەڵ مێشدا پەیدا بکات.؟ بۆ فەلسەفەیەک نەیتوانی لەگەڵ مێشدا ئاشتمان بکاتەوە و خۆشمان بوێت..؟ کەچی هەندرێن بە دەربازبوون لەو هەموو بنەما و مانای ئەو بنەمایانە بۆ مێش دێت و پێمان دەڵێت ئەو مرۆڤەی مێشی خۆش بوێت ڕوحی لە گوڵە..؟، لێرەدا نوێخوازی لە سیستەمی هزری هەندرێندا هەموو تخوبە هزرییەکانی بەزاندووە و بە قسەوە ڕوانینێکی نوێ و تەمەشایەکی نوێمان دەداتێ بۆ مێش و ڕوحی مرۆڤ و تەماسێکی ئەوەندە قوڵشمان نیشان دەدات لە نێوان مرۆڤ و گوڵ و ماناکانی نێوانیان یان مرۆڤ و مێش و ماناکانی نێوانیان و پەیوەندی گوڵ و مێش و مانای نێوانیان و پەیوەندی مرۆڤیش بە زیندەوەرەکان و کاریگەریی و ماناکانی ئەو پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤ و ژیاندا یان مرۆڤ و هەبووندا بە شێوەیەکی گشتی.

لێرەدا با ئەوە بڵێین باشە بۆ ئێمە ڕۆحمان نابێت بە گوڵ..؟ تا مێشمان خۆشبوێت..؟ ئایا تەنیا لەبەر ئەوە پێوەیستە کە ڕوحمان لە گوڵ بێت بۆ ئەوەی مێشمان خۆش بوێت..؟ یان هەندرێن دەیەوێ بەم شیعرەوە بێت و هەزاران پرسیاری دیکەمان بۆ دروست بکات و پێمان بڵێ ئەی مرۆڤ هزر بکە ئەگەر مرۆڤ ڕوحی لە گوڵ بوو.. ئەو کاتە دەبێت پێشبینی چ دنیایەک بکەین..؟ وێنای چ هەبوونێکی ژیاندۆستانە و مرۆڤدۆستانە و جوانیدۆستانە و هەزار و یەک وەسفی دیکەی ژیانبەخش بکەین..؟

من پێموایە نە دین و نە فەلسەفەش و نەهزریش ناتوانن بەڕاڤەکانیان کە هەر یەکەیان دەیانەوێ ئەو دێڕە شیعرە ڕاپێی ناو دونیای خۆی بکات بتوانێ دەستەمۆی بکات و بڵێت هەقیقەتی ئەو دێرە شیعرە وا لە لای من.

ئەگەر چی هەمووشیان دەتوانن پرسیار دروست بکەن و ڕاڤەیەک پێشکەش بکەن لەسەری، بەڵام شیعرییەتی ئەو دێرە لێرەوە دێت کە هێ کایەیەک ناتوانێت هەقیقەتی ئەو دێڕە پاوان کات و بڵێت هی منە..؟ چونکە شیعرەکە پڕە لە شیعرییەت و تەنیا و تەنیا دەتوانێ بە ئیرادەی خۆی بچێتەوە ناو دنیای خۆی کە ئەویش شیعرە، لەوێوەش بۆ ئەبەد مانای نوێ و ڕاڤەی نوێی شیعرییانە بۆ خۆی تۆمار بکات و نمایش بکات.

کایەکانی دیکەش تەنیا ئەتوانن لە دەرەوەی هەقیقەتی ئەو دێرە وە پەیوەندیی لەگەڵ بکەن و ماناکانی خۆیان بەرهەم بێنن، نەوەک مانا شعرییەکانی ئەو دێرە.

واتە ئێمە دەتوانین مانای سیاسی و دینی و هزری و فەلسەفی بەو دێڕە بدەین، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەمە دواهەمین مانای ئەو دێڕەیە، خۆشی و جوانی شیعرییەتیش ئەها ئە لێرەدایە  کە هێ کایەک ناتوانێت بیخاتە ژێر دەسەڵاتی ماناکانی خۆی.

### شیعر و ڕووداو

دیارە شیعرەکانی هەندرێن ئەگەر هەموویان نەبن، ئەوە زۆربەیان ڤالان لە ڕووداو، واتە بنیاتی شیعرەکان لەسەر ڕووداوێکی مێژوویی یان ڕۆژانی هی میللەتێک یان هی خۆی بنیاد نەناوە، واتە هەندرێن لە ساتێکدا بۆ نموونە.. ژنێکی هەژاری برسی نەدیووە پێی داخبار بێت و بچێتەوە ماڵەوە شیعرێکی لەسەر بنووسێت.

بنیاتی شعری لای هەندرێن زیاتر ئەو ڕوحەیە کە لەسەرەوە تۆزێک باسم کرد، نەوەک ڕووداو، واتە هەندرێن تەنیا چاوەڕێی ئەوە ناکات کارەساتێک بقەومێت و شیعرێکی لەسەر بنووسێت، واتە شیعرەکان ئەو شیعرانە نین کە ڕووداوێکی دیارو ئاشکرای لە پشتەوە ڕاوەستابێت، بەڵکو زیاتر شیعرەکان زادەی ئەو ساتانەن کە هەندرێن شیعرییانە ژیان دەکات و تەماشای دونیا و مرۆڤ و خۆی و خوا و ئازادی و چەمکەکانی ژیان دەکات، شیعرەکانیش بیرکردنەوەی ئەو ساتانان کە ڕوح تیایدا توانیویەتی تاڕادەیەکی باش ببێتە بنیات و هەندرێن لەوێوە دیتنەکانی بنووسێتەوە، واتە لەو ساتە شیعرییەدا کا ئەو دیتنە چی **نیشان دەدات دێت ئەو شتانە دەنووسێتەوە.**

**واتە ئەگەر شیعر نووسین خۆنووسینەوە بێت کە زۆر لە شاعیران باوەڕیان پێی هەیە، ئەوا من پێم وایە شیعر نوسین نووسینەوەی ئەو ساتانەیە کە ڕوح تیایدا دەتوانێت بێشبەرییەکانی خۆی لە ساتێکی گەشانەوەدا بنووسێتەوە واتە شیعر نووسینەوەی ساتە گەشەکانی ڕۆحە، ئەو ڕۆحەی کە لەو ساتانەدا لە دین و دونیا دەرئەچێت و غەرقی گەشانەوەی خۆی دەبێت،** ئەو ساتانەش دیارە هەر جارێکە و بە شێوەیەکی جیاوازتر یان

چڕ تر دەرئەکەون و ڕۆشنایی ئەو ساتاناش لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی دیکە جیاواز دەبن، واتە ئەوەی بە ئەزموونی جیاوازی شاعیرەکان دەناسرێت جیاوازی درەوشانەوەی ئەو ڕوحەیە لە ناو خۆیدا لە ساتی گەشانەوەیدا، دەکرێت شیعرێک زۆر گەش بێت و تا ئەوپەڕی دەرچوون لە دەسەڵاتی مانا دەرچێت و هیچ ڕووداوێک پێی ڕانەگات، دەشکرێت ساتێک بێت و گەشانەوەیەک لە ڕووداوێکدا ببێتە تەم و مژ بۆ نموونە، گرنگ ئەوەیە شیعر چەندی لە ڕووداوێکی ڕۆژانی یان هەتا کاریگەریی ڕاستەوخۆی مێژووەوە دووربێت ئەوا زیاتر شاعیری ئەبێت، واتە نە ڕووداو و نە مێژوو نەتوانن ئەو ساتە گەشانە لەناو خۆیاندا فەنا بکەن. بەڵکو ڕێک دەبێت کردارەکە پێدوانە بێت و شیعرییەتەکە ڕووداو و مێژووەکان لەناو خۆیدا فەنا بکات.

دیارە لە شعرەکانی هەندرێندا ڕووداو و مێژوو لە ناو شیعرییەتی ساتە گەشەکانی ڕوحدا فەنابوون و شوێنەواری روون و ئاشکرای شیعرەکان دیار نین، ئەوەش دیسانەوە بەڵگەی ئەوەیە کە هەندرێن زیاتر ڕامان و هزر و هەست و سۆزەکانی خۆی لە کەشوهەوای تایبەتی خۆیدا دەیانکات بە شیعر، کە تیایدا دەتوانێت مانای ڕووداوەکان لە کایە جیاجیاکانەوە بکا بە شیعر. هەر بۆ نموونە لە شعری تێکەڵبووندا دەڵێت:

**(نامەوێ ئەمشەو ماچ بدەمە مانگ**

**هەر وەکو ئەمڕۆ نەمهێشت خۆر تێکەڵم بێت**

........

....

**سەرخۆشانە تەئەموول ئەکەم و**

**تۆش لەمندا شەڕابانە ئەتوێیتەوە)**

لێرەدا دیارە هەندۆ باس لە شەوێک و ڕۆژێک دەکات، بەڵام دیسانەوەش ئەو ڕۆژ و شەوە نابنە مێژوویەک یا ڕووداوێک بۆ لەدایکبوونی شیعرەکە. ئەمشەو یان لەزەمەنی شیعرەکەدا ناتوانێت بە مێژوویەکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێت. بەڵکو زیاتر شەوێکە بۆ ئەبەد لە هەڕاڤەیەکدا وەک ڕەمزێکی زەمەنی بێ کۆتا تەماشای دەکرێت و ڕەوشی سەرخۆشییەکەش دیسانەوە ڕەوشێکە بۆ کۆتا بەردەوام و ناکرێت ئەم ڕەوشە بە ڕووداوێکی تایبەتی مێژوویەکی دابنێین و بیبەستینەوە بە مانایەک وەک ئاماژە بۆ ئەو مێژووە یان ئەو ڕووداوە، وەک چۆن ناکرێت زەمەنەکەش بکەینە ئاماژە بۆ مانایەکی شیعرەکە. شیعرییەتی ئەو دێڕانە لەوەدان کە توانیویانە هونەرییانە ڕووداوەکان ڕاپێی ناو

مانا تایبەتەکانی شیعر بکرێت و ڕەوش و دەمی کردارێک ببن بە شیعر نەوەک مێژوو.

واتە سەرخان لە شیعرەکانی هەندرێندا لایەنە هونەرییەکانی ئەو ساتانەن کە ڕوح تیایدا درەوشاوەتەوە، بنخانی شیعرەکانیش ئەو ڕووحییەتی ئەو ساتانەیە کە ڕامان و تێفکرینەکانی هەندرێن دەبێنەوە.

واتە هەندرێن خاوەنی هەم سەرخانێکی پڕە لە خۆنووسینەوە، و هەروەها بنخانی شیعرەکانیشی پڕن لە بنکەیەکی هزری و ڕامانکار کە لە ساتە گەشەکان ڕوح ئەیان نووسێتەوە.

خۆ دیارە هەندرێن و زۆر شاعیری دیکەش دەتوانن بەرهەمی دیکە جگە لە شیعر بنووسن و باس بکەن، بەڵام وەک ڕەخنە یان لێکۆڵینەوە یان هەر جۆرێکی دیکەی نووسین، لێ لەو ساتانەدا دیارە زیاتر بنیاتێکی هزری یان سیاسی یان فەلسەفی دەستیان ئەگرێت نەوەک بنیاتێکی شیعرییانە. بۆیەش نووسەرانی پەنا دەبەنە بەر جۆری نووسینی دیکە چونکە لەوێدا زیاتر هزر یان فەلسەفە یان ڕەخنە پێشبەرییەکانی ئەوان دەونووسێتەوە، نەوەک شعرییەت بۆیە بەرهەمەکان دەبنە شتی دی و نابنە شیعر ئەگەر چی ڕەنگە هەمان ئەو شتانەش بڵێنەوە کە ئەوان لە شیعرەکانیدا بە شێوەی شیعر باسی دەکەن.

واتە خۆ بابەتەکانی دیکەش هەر نووسینەوەی نووسەرە، بەڵام چونکە شیعر نین ئەوا بە ئاسانی دەتوانین بابەتەکان ئاشکرا کەین و ماناکانیان بزانین، لە هەقیقەتیان بگەین، بەڵام لە شیعردا نووسەر خۆی بە شێوەیەکی دیکە دەنووسێتەوە، لەسەر بنیاتێکی دیکە کە شیعرییەتە نەوەک شتی دی. بۆیەشە ئاشکراکردنی ئەو بنیاتە زەحمەتتر و خۆشتر و چێژدار ترە.

نەفیکردنی ڕووداو و مێژوەکانیش لە ناو شیعردا، زیاتر ماناکانمان لە ناو ڕوحی شاعیر و شیعرییەتدا نقووم دەکات. ئەو مانایانەی کە وەک بابەتەکانی دیکە خۆیان نادەن بە دەستەوە و یەقینمان نادەنێ.

خۆ ئەو شیعرانەی کە هزر یان فەلسەفە یان هەر بابەتێکی دیکەی جگە لە شیعرییەتی بەسەردا زاڵە، ئەوا زیاتر دەتوانین بڵێین دەبنە بەرهەمێکی شیعری فەلسەفی یان هزری نەوەک شیعری ئەدەبی. دیاریشە هەندرێنیش کەم و زۆر وەک زۆربەی شاعیران هەم شیعری پڕ لە شیعرییەت و هەم شیعری پڕ لەمانا و فەلسەفە و بیر نووسیوە. بەڵام دیاریشە شیعرییەت تا ئاستێکی باش توانیویەتی لە زۆربەی دێڕەکاندا ئامادەبێت و هەم خۆشی و هەم باشی و هەم شیعرییەت بە بەرهەمەکان ببەخشێت.

شتێ هەیە..؟
لە دەربەندی ڕوحی تۆدا
ئەشکەوتێکم دەوێ
بە قەد باڵی پەپوولە بێ
لە سەحرای چاوە پڕ سەرابیەکانت
ماچی خۆر و زەویم دەوێ
بە هەناسەی گەرمی ناخت
دەست لەملانێی نۆتەکانم و
بەنێو فەزای خۆشەویستیت
شیدەبمەوە
دە لێمگەڕێن
بەجێ گۆڕکێی ئەستێرەکان
نهێنی ژین ئاشکراکەم
شتێ هەیە
هێندەی مرۆڤ جوانی هەبێ
گشت جوانیەکان
لە چاوانی تۆدا ئەژێن
شتێ هەیە
وەکو مرۆڤ لە گەورەیی
هەموو شتەکان
لە زاکیرە جێیان ئەبتەوە
دە پێم بڵێن
ململانەی خودا و مرۆڤ چ ئەنجامە
دە پێم بڵێن خۆشەویستی چ پێویستی بە پەیامە
سەرم کاسەو
ڕوحم خرۆش
ڕۆژێ دادێ
لە میحرابە خوا هەڵسێنم

هەواڵنامەی کتێب

# گوڵبژێرێک لە شیعری جەلالی میرزا کەریم

یاد و یاقووت و نەهەنگ
پرسیار بۆ هاتنی گۆدۆ
ژانی ڕۆژانی هۆنراوە

(جەلالی میرزا کەریم: لە نەوەی خۆی شاعیرێکی بێ بەرانبەر و گرینگە. بەتایبەتی لە بەگرێبەندکردنی وێنە پڕمووچڕکەکانی بەئیقاعی بەهێز و ئەفسوونی مۆسیقا، چالاکترین بەهرە و دیاردەی شیعری حەفتایەکانی ئەدەبی کوردییە، کەچی ڕەخنە لە ئاستیدا زۆر بێدەنگە. گەورەترین غەدرلێکراوە لەم لایەنەوە. پێویستە ڕەخنە بەدیدێکی فراوانەوە بگەڕێتەوە سەری و بیدۆزێتەوە.)

موحسین ئاوارە

## یاد و یاقووت و نەهەنگ

١

تا دوێنێ بوو
نەورۆزەکەی شاری هیوا
بەهارێکی پڕ لە سوێ بوو
گوڵی وشەی تێدا ئەپروا
***
دەروونی یاد
بێ کڵپە بوو
سینگی وتە
بێ چرپە بوو
ئاسمانی بیر
ڕەشی تێر بوو
چاوی تۆڵە
هێشتا کوێر بوو
***
تا دوێنێ بوو
شاری نووستوو
هەر خامۆش بوو
گۆڕستانی بیرەوەچوو
فەرامۆش بوو
***
ئەشکەوتی چۆڵ
درەختێکی بێ چرۆ بوو
ئاگردانێکی پڕ خوێن و خۆڵ
بێ پشکۆ بوو
***
تا دوێنێ بوو
چەکی خەبات
هێشتا متی ناو سەنگەر بوو
هیوا و ئاوات
هەتاوێکی بێ سێبەر بوو
***
کاروان وێڵ بوو
چاوەڕوانی
پێشەنگێکی قارەمانی
مەرد و قەڵای دوژمن کێڵ بوو

٢

لە ئاسۆی بێ پێکەنیندا
لەگەڵ زەردەی ئاوارەیی
ژەنگی تاڵی خۆرنشیندا
لە ئاسمانی ماتەمیندا
لە دوا چرپەی وشەی وێڵی
ئەستێرەی شەوگاری ژیندا
لێوی خۆری خنکاوی خوێ
کەوتە بزەی ئاورینگ ڕشتن
کاروانەکەی جێماوی ڕێ
کەوتەوە بەستە و ڕۆیشتن
***
لە پرووشەی گەردەلوولدا
لە گێژاوی
ڕەنگ زەرد و هەڵبزرکاوی
ڕۆژانی ڕەشی ئەیلوولدا
دەنگی ڕاچەنین و هەڵمەت
چەکی بڕوای دا بە میللەت
***

هەواڵنامەی کتێب

باخی زەردی ئەیلوولی ڕووت
بە پەڵەی ئاگر و باروت
گوڵاڵەی هیوای شۆڕشی
نەتەوەی کوردی تێدا پشکووت

٣

ئەیلوول هات و ساڵ بەسەرچوو
گڕی کینە و ڕق بێ پشوو
دارستانی
بێ جریوەی کوردستانی
ئەکرد زووخاڵ و ڕەژوو
بەڵام ئەو بڕوایەی وەکو
شاڵاوی ئاگر و پووش
لە سەنگەردا
لە ئەشکەوتدا
لە هەڵمەتدا
لە پژانی مێشک و سەردا
لە شەونخوونی و ڕابەردا
بەڕووی دوژمندا هەڵئەچوو
بەجۆشتر بوو
لەناو نەچوو

٤

ئەی کوردستانی پێشمەرگە
ڕاستە دڵی چیاکانت
چاوی گەشی منداڵانت
ئەمساڵ پڕ شایی و ئاهەنگە
بەڵام قسە هێشتا ڕەنگە
خواست و مەرام
یاقووتێکی شەوچراخی
ناو گەرووی تاری نەهەنگە

ئەیلوولی ١٩٧٠

## پرسیار بۆ هاتنی گۆدۆ

١

بۆچی ئەبێ هەموو جارێ
گشت بەهارێ
ساڵ لە دوای ساڵ
(ساڵی خۆڵەمێش و زووخاڵ)
لە سای بەرۆچکەی یادێکدا
(یادێک بێ باڵ)
خۆری تەزیو
بکەین بە سینگی مێژوودا
نەء لەناو گەرووی زامێکدا
(زامێکی تاڵ)
بەستەی ڕزیو
بکەین بە گیانی مردوودا
بۆچی ئەبێ کاسە سەری
شەقکراوی
ژێر ئەرخەوانی بێ بەری
بە خوێن تەڕی
تەمەنی خۆزگەی وێڵ بوومان
لە چەرخی تازەی بیستەمدا
بۆ سێبەری
گیانی زەردەشتی کوژراومان
بۆ ئاوێستای هەڵواسراوی
ناو خۆری ئاڵای سووتاوی

هەواڵنامەی کتێب

ئاسمانی بێ سەروشوێنمان
بێتە سەما

٢

هاوڕێکانم
بەهاری ئەم کوردستانە
هێشتا تینووی کانییەکە
نەتەقیوە
دەنگی ژانی ئەم شارانە
چاوەڕێی گۆرانییەکە
هێشتا کاروانی قوربانی
دێرەکانی
نەچنیوە

٣

هاوڕێکانم
پرسیارمان هەزار و یەکە
کوردستانمان
چاوەڕوانی گۆدۆیەکە
چاوەڕوانی مەزدەیەکە
چاوەڕوانی گوللەیەکە
سینگی ڕێگای ئاسمانی ون
هەڵتەکێنێ
ڕاستکاتەوە
پەیکەری ڕاستیی سەر و بن

٤

هاوڕێکانم
هاتنی گۆدۆی هاوڕێمان
بیری ئەوێ
خوێنی ئەوێ
وتە و کرداری نوێی ئەوێ
قوربانی (کاروانی وشەی ڕاچەنیو)ی
ئەمڕۆی ئەوێ
شیکردنەوەی (کڵافەیەک ژانی تووڕە)ی
ئێمەی دەوێ
(ڕۆژ ژمێری) سووتێنراوی ئازاری
(پێشمەرگە)ی ئەوێ
هەڵهاتنی
(خۆرێکی یاخیبوو)ی ئەوێ
تۆڵەی زامی
گیڤارانی نوێی
نەک کوردستان
نەک بۆلیڤیا
هەموو جیهان
بەڵکو جیهانی نوێی ئەوێ

نیسانی

١٩٧١

## ژانی ڕۆژانی هۆنراوە

هاتووم چەپکێ وشەی ئاگر
لەسەر گۆڕی شیعر دانێم
هاتووم بڵێم
باوە گوڕگوڕ
کوانێ ئاڵا
کوانێ شیعر
***

هەواڵنامەی کتێب

هاتووم لە ناو شیعرەکانی شێخ ڕەزا دا
یاخیبوونی وشە فێربم
لە ناو جۆگەی هەنیسکی گاورباغیدا
لە خوێن تێربم
هاتووم لەبەر خۆری چلەی
شۆڕیجەدا
لەبەر وشەی
سووتاندنی تاڵ تاڵ شاری ئەگریجەدا
کوێر بم
کوێر بم
نەخێر هاتووم شیعر فێر بم
***
هاتووم لە ناو زەردە خەنەی
تەرمی شەهیدەکانماندا
بۆ پێغەمبەرێک بگەڕێم
لەناو پرسەی
دەنگی تفەنگەکانماندا
بۆ هەڵچوونی خوێنی سەنگەرێ بگەڕێم
لە ناو خورپەی
دڵی ئاهەنگەکانماندا
بۆ هاواری گوللەی ڕابەرێ بگەڕێم
هاتووم
هاتووم
بۆ یەک چرۆی چڵی ئاگر
بۆ دێرە شیعرێ بگەڕێم
***
ئەی شاری ژان
شاری شیعری گڕی گریان

هاتووم بەدوای کەللەی سەری
شەهیدێکدا وێڵم
ونە
بەدوای کێلانی خەنجەری
بڕوایەکتدا وێڵم
ونە
بەدوای هەناسەی سواڵکەری
بەرماڵێکتدا وێڵم
ونە
بەدوای گۆڕی بێ چەپەری
دڵدارێکتدا وێڵم
ونە
بەدوای ناوی بێ پەیکەری
شاعیرێکتدا وێڵم
ونە
***
هاتووم هەستم
بدەمە دەست منداڵەکانی ئەم شارە
هاتووم تفەنگی هەڵبەستم
بدەمە دەست پێشمەرگەکانی ئەم شارە
هاتووم شیعرم
لە باخی گڕ تێ بەربوودا
لە گۆڕستانی زیندوودا
دوا لاپەڕە و دێڕی بدڕم
***
هاتووم بڵێم
شیعر هەستانی شەقامە
هاتووم بڵێم

هەواڵنامەی کتێب

شیعر تەقینەوەی زامە
شیعر مەرگی پێغەمبەرە
شیعر گۆرانی سەنگەرە
شیعر هەنگاوی بەجەرگی
بەرەو سێدارەی ڕابەرە
شیعر ڕێگا و ئەنجامێکی
بەخوێن تەڕە
***
هاتووم لەناو باخی سینگی خۆزگەتاندا
بست بست تۆوی بۆمبای شۆڕش
دابچێنم
یەک یەک لە مێشک و دڵتاندا
لە گیانتاندا
لە پرسەی بێ گریانتاندا
شەهیدەکانتان هەستێنم
هاتووم دەروازەی گەورەی شار
ڕاوەشێنم
بنەڕێنم هەموو ڕۆژێ
زامی گەلێ سارێژ ئەبێ
بنەڕێنم ئەی بۆچی کورد
بەڵێ ئەی شاری ژان
بەڵێ ئەی بۆچی کورد
ئاڵای هەتاوی کەژاوەی
بووکی ڕزگاری هەڵنەکرد
***
ئەزانن بۆ
چونکە هێشتا
بۆمبای شۆڕش

وا لە مشتدا
چونکە ڕێگا
بۆ ئەستێرە
لە لای ئێمە هێشتا کوێرە
چونکە هێشتا ئەبێ شاعیر هەڵبواسرێ
ناوی مارکس
خۆبەکوشت دانی گیڤارا
لە یادداشتی
پێشمەرگەیەکدا نەنووسرێ
***
شۆڕش لە لای نەوەی ئەم سەردەمە
خودایە
سەرەتایە
لە دایکبوونی بڕوایە
هەڵگیرسانی چرایە
بەخوێن سەندنی هیوایە
بەرزکردنەوەی ئاڵایە
***
بەڵام کوا خودا
کوا سەرەتا
کوانێ بڕوا
کوانێ چرا
کوانێ هیوا
کوانێ ئاڵا
***
ئەی چاوی نۆ ساڵەی خۆری ئاواتی کورد

مژدەی نیگای سەرفرازیمان لێت ئەوێ

هەواڵنامەی کتێب

**ئەی دڵی چوار لەتکراوی خەباتی کورد**
**چەپکە ئاڵای سەربەخۆیمان لێت ئەوێ**
**ئەی بارانی گڕ و خوێنی سەنگەری کورد**
**سێبەری باخی قوربانیمان لێت ئەوێ**
**ئەی تفەنگی بیر و دەنگی ڕابەری کورد**
**کوردستان و مرۆڤی کوردمان لێت ئەوێ**
**ڕقی ڕەهێڵە و شۆڕشی تۆمان ئەوێ**
**لە خۆماندا**
**دێڕ دێڕ لە شیعرەکانماندا**
**تۆمان ئەوێ**
**وەک چۆن شۆڕش پەڵەی خوێنی**
**لافاوێکی سووری ئەوێ**
**ئێمەش ئاوا تۆمان ئەوێ**
*******
**ئەمانەوێ**
**سێدارەکانی ئەم شارە**
**ببنە تفەنگ**
**شەهیدەکانی ئەم شارە**
**ببنە شیعر**
**ببن بە دەنگ**
**ئەمانەوێ**
**وشەی مەنگی تابلۆی بێ ڕەنگ**
**ببێتە زەنگ**
**ئەمانەوێ باوە گوڕگوڕ**
**بماندلتێ ئاڵا و شیعر**

**مارتی ١٩٧٢**

**سەرچاوە:**

(١) گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە (١)، ساڵی ١٩٧١، ل ٥٢ – ٥٦.

(٢) گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە (٢)، ساڵی ١٩٧١، ل ٦ – ٩.

(٣) گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە (٣)، ساڵی ١٩٧٢، ل ٦ – ١٣.

هەواڵنامەی کتێب